# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

83
تشرینی یەکەم
2011


هونەری ڕۆمان لە نەبوونییەوە نەهاتووەتە کایەوە، بگرە چەند بەرهەمێکی دیکە هەبوون، بە شێوی پەخشان نووسرابوون و، تا ئێستا لەنێو توێژەرانی مێژوویی ئەدەبی جیهانی مشتومڕی لەسەر دەکرێ.

عادل گەرمیانی

---

ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، وەک لە ناوەکەی دیارە هەڵوەشاندنەوە دەکاتە پێوەر بۆ ناسنامەی دەق، بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوە دەدات دەق بۆ خۆی خۆی دروست بکاتەوە.

هێمن عومەر

---

مێژووی ئەدەب تەنیا بەبەرهەم ئەمەکناسە. نە گوێ لە قسەی ڕەخنەگەر دەگرێ و نە گوێ بۆ ڕۆژنامەنووس شل دەکا، نە چاو بۆ پارە دەکاتەوە و نە هیچ شتێکی تر.

عوباسی مەعروفی

---

ئەوە ڕەخنەی ئەدەبییە کە ستاتیکا و گرینگی و قووڵیی تیکستە ئەدەبییەکان دەردەخات و هۆشیاریی مرۆڤەکان بە بنیان فراوانتر دەکات. بەڵام ئێمە خاوەن بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگری ئەدەبیی بەهێز نین.

ڕێبین هەردی


خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**سەباح ئیسماعیل**

ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:

**چنوور نامیق**

chnornamiq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد
هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکووک
شەقامی کۆماری - باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


سەروتار. بەدران ئەحمەد حەبیب ........ 2
لە "جەلیل قەیسی"یەوە بۆ من مایەی شانازی. نامە. ئیسماعیل بەرزنجی ........ 5
چەند سەرنجێک لەبارەی مێژووی ڕۆمان. لێکۆڵینەوە. د. عادل گەرمیانی ........ 7
دەروازەیەک بۆ ناسینی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە. لێکۆڵینەوە. هێمن عومەر خۆشناو ........ 21
کە خۆشەویستی دەبێتە هێزی ڕامالّین. باس. ئا: عەبدوڕەحیم سەرەڕۆ ........ 27
زمانی شیعری و شوناسی ژنێتی. وتار. نیهاد جامی ........ 33
دلّۆپێک لە هەتاو. وتار. کەریم دەشتی ........ 39
ڕۆڵی یوسف عەبدولمەسیح سەروەت لە دەوڵەمەندکردنی شانۆی عێراقی. وتار. عوبێد مەجید ........ 44
ڕۆڵی ئیش لە قەسیدە بەناوبانگەکەی شوکری فەزڵیدا. بابەت. لەتیف فاتح فەرەج ........ 49
کارکرد و گەمەکانی زمان. زمانەوانی. ساڵح سوزەنی ........ 53
چوار ئەستوونی چیرۆک. باس. عەباس مەعرووفی. لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد ........ 61
لەگەڵ ڕێبین هەردی. دیمانە. سازدانی: هیمداد شاهین ........ 64
لەگەڵ ئەحلام موستەغانمی. دیمانە. وەرگێڕانی: سەنگەر زراری ........ 72
مەولانا جەلالەدینی رومی. ناساندن. کاکەیی زادە ........ 80
ژنێک لێوانلێو لە ئەوین. شیعر. خالید باشبلاخی ........ 86
سوێر. شیعر. کارزان ڕەحمان ........ 89
زاڵم و مەزڵوم. شیعر. ئومێد عەلی ........ 92
دوو نیو پیاسە. شیعر. تەیب قادر ........ 94
٣ شیعری هاوچەرخی تورکمانی. شیعری وەرگێڕاو. لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری ........ 96
نـــامەکان. شیعری وەرگێڕاو. لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی ........ 99
نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی. چیرۆک. بەکر دەروێش ........ 101
هەڵهەڵە. چیرۆک. سالار ئیسماعیل سەمین ........ 108
من و فشەی نیسان. چیرۆک. ئەردەلان عەبدوڵڵا ........ 112
ئەوین. چیرۆکی وەرگێڕاو. تیبۆر دێری ........ 115
دەم بە پێکەنین. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە عەرەبییەوە: حوسێن عەلی ........ 128
دەرەکی. چیرۆکی وەرگێڕاو. وەرگێڕانی: سابیر شاکر مەلوول ........ 131
چەقۆی میوە. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە فارسییەوە: جەبار سابیر ........ 136
فاشیزم و هاوڕێیەتیی دوو منداڵ لە ڕۆمانێکدا. ڕانان. محەمەد حوسێن ........ 138
ئەژی گۆران و جەلالی میرزا کەریم. کۆنە دەفتەر ........ 141

# سەروتار

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئێمە دەزانین کەوا گەشەکردنی ئەدەب و گرینگیدانی کۆمەڵان بەکارەیل ئەدەبی، تەنیا لە سەردەمی هێوریدا مەیسەر دەبێ. ساڵانێکی زۆرە کوردستانی عێراق بە تایبەتی ئەو ناوچەیەلەی لێی دابڕاون، سەرجەم دۆخەیل ژیانیان تووشی شڵەژان و ناجێگیری بووە، ئەمە بەدەردانەوەی نەرێنیی بۆ سەر کارەیل ئەدەبی کوردی هەبووە. وەک دەبینین بوارەیل ئەدەبی هەم لە گەشەکردندا سست و مەییون و هەمیش بخوێنەوان ساردوسڕن لە بەدواداچوونیان. مرۆڤ هەرکات بەدوای بژێویی ژیاندا وێڵ و پەرێشان بێ، یانەخۆ ژیانی لە مەترسیدا بێ و لە دڵەڕاوکێدا رۆژان بەڕێ بکا، پەرۆشیی بۆ خۆ رۆشنبیرکردن کەم دەبێتەوە. بەڵام لێرەدا هەر یەک هۆ نییە. هۆی تریش هەیە کە کاروانی ئەدەبیی کوردستانی وا شڕ و داماو کردووە. لەو هۆیانە من شک بە هۆیەکی سەرەکی دەبەم وا لێرەدا دەیخەمە بەرچاو.

ئەو هۆیەی، بەلای منەوە، باری ئەدەبیمانی شڕ و پەرێشان کردووە ئەوەیە ئەم زەمانە شاکار نایەنە بەرهەمهێنان. زۆربەی دەقەیل ئەدەبی، کۆپی و لەبەرگیراوەی ئەوانەی دوێنێ و پێرێن. وەک دێتە زانین، بۆ ئەوەی ئەدەب خۆی بکا بە تەوەرەی لە دەوردا کۆوەبوونی جەماوەر، دەبێ ئەدەبێک بێ کۆمەڵان بجووڵێنێ و هەر ڕۆ نوێ بخاتە بەردەمیان.

جڤاکی کوردستان، هەزار و یەک کێشەی هەیە. برۆ سەردانێکی گرتیگە بکە و لە

هۆیەل گیرانی ئەو خەڵکە بپێچەوە، بابەتی دەیێل رۆمان و چیرۆک و شیعر و تابلۆت دەست دەکەوێ. ئەدیبەیل ئێمە لە کێشەیلی گەل دابڕاون، بێجگە لەوە کەمیش دەخوێننەوە، ئەمەیە هۆ. هاوەڵێک بۆی گێڕامەوە گوتی، لە گرتیگە بووم، دوو کورم بینی گیرابوون لە سۆنگەی ئەوەی لاقەی دایکی خۆیان کردبوو. هەر کات ویستوویانە بێهۆشیان کردووە ئەوجا تێی بەر بوون. هەر ئەو هاوەڵەم گوتی چەندانم بینی لەسەر ئەوە گیرابوون لاقەی خوشکی خۆیان کردبوو.

باس لەوە ناکەم ئەمانە کاری کرێت و تاوانی زلن، ئێمە دەبێ لەوە بکۆڵینەوە ئەم کارەیلە سۆنگەی روودانیان چییە. تەنیا ئەدەبە بتوانێ بچێتە ئەودیوی دیوارەیلەوە و بۆمان بهێنێتەوە لەوێ چی دەگەڕێ و چی ڕوو دەدا.

بابەتەیل شیاو بۆ کەرەستەی ئەدەبی یەکجار فرەن، بە دواداگەڕان یان پشکنینیان کاتی زۆری ناوێ، زۆریشی بوێ، ئەمە ئەرکی ئەو کەسەیلەیە کارەیل ئەدەبی دادەهێنن یان ئەدەبیان کردووە بە مایەی مژوولبوونی خۆیان.

خاڵێکی تر من بۆی بچم زمانە، زمانی سیحر و ئەفسوونی کارەیل ئەدەبییە. کەم بنووس و ئەدیبی کوردم ناسیوە بتوانن بەزمانی ئەفسانە ئامێزیان، بخوێنەوان بخەنە داوی خۆیانەوە یان وەک سیحر و پەرجووی پەرییەل، مرۆ گیرۆدەی داوی خۆیان بکەن.

هەروەها ئەدیب و بنووسەیل کارەیل ئەدەبی دەبێ مرۆڤەیلێک ئەفسوونئامێز و لێوەشاوە و لێهاتوو بن. نابێ ئاسایی بن لە جۆری ئێمەمانان، لە جۆری ئێمەمانان بن کەس هیچیان ناخوێنێتەوە ئەگەر ئەدەب بنووسن، وەک چۆن کە ئێستە بۆ ئەوان وایە.

نامه

# له "جەلیل قەیسی"یەوە بۆ من مایەی شانازی

ئیسماعیل بەرزنجی



جەلیل قەیسی

دوای ڕووخانی دیکتاتۆر، شیعرێکم پێشکێش بە چیرۆکنووسی ناودار «جەلیل قەیسی» کرد و لە ڕۆژنامەی - برایەتی -دا بڵاو کرایەوە، دوای ماوەیەک جەلیلی ڕەحمەتی ئەو نامەیەی بۆ ناردم و پاشان یەکترمان بینی، دیار بوو بەدەست نەخۆشییەوە دەیناڵاند، کۆبەرهەمەکانی خستبووە ناو قونکە فەردەیەک تا دەزگایەک لە کوردستان بۆی چاپ بکات، وابوو دەزگای موعتەبەری - ئاراس - بەچاپێکی قەشەنگەوە ئەو خەونەی هێنایە دی، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری جەلیلی نەدا کۆبەرهەمەکانی بەچاوی خۆی ببینێت. ئەمڕۆش، دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ئەو نامەیەدا، وا لەم کۆوارە ئازیزەدا دەقەکەی بڵاو دەکەمەوە.

سڵاو لە ڕوحی جەلیلی داهێنەر

عزيزي الأستاذ اسماعيل البرزنجي المحترم تحية حب

قبل ثلاثة أيام جلب لي شاب كردي قصير ربعة له ملامح هادئة و سلمني بمنتهى اللطف جريدة برايتي التي نشرت فيها قصيدة مهداة لي. أنا أتكلم الكردية بطلاقة لكنني لا اجيدها قراءة و كتابة، مع ذلك جاهدت أن أفك كلمات القصيدة ووفقت مثل عالم الآثار الفرنسي شامبيلون الذي فك طلاسم اللغة المصرية القديمة أن أفهم كلمات قصيدتك... حبذا لو القيت نظرة سريعة على بارومیتر عواطفي ومشاعري التي أججتها كلماتك النبيلة، وكيف أخذتني حميا الثمالة بالقصيدة لو رأيت طلائع الدموع



في عيني.

منذ أن تسلم الدكتاتور المقبور صدام السلطة رفع شعار الألماني سبمارك «نحن لانسمح بالمعارضة بعد اليوم، وسنسحق كل مقاومة».

غادر أحب لي ولك أيضاً الوطن وبقيت وحيداً من أربخا الحبيبة لأمجدها بحب في أعمالي... ورحت أكتب بصمت ولكني بروح نسرية، وأزرع الكلمات والرموز والومضات هنا وهناك.

أنا و أنت شريحة نبيلة من حملة الأقلام رغم تراث من الخوف الذي زرعه فينا الدكتاتور، نكتب رغم إنتشار فقر روحي و فكري وإنعدام الأوكسجين الثقافي، ففي الوقت الذي كان كتابات أبواقه السريعة العطب مثل ثمار الموز تموت في نفس اليوم، كان القراء الذين يمتلكون مثل القادة المحنكين استراتيجية ثقافية جيدة يصفقون لنا.

أجل ياعزيزي اسماعيل، ان الفاشية ماكنة مفرمة لحم، مخيفة لا تشبع من فرم الأنسان، لقد فرمت دونما رحمة عشرات الآلاف من الأكراد الطيبين والعرب والشيعة، وهي مصابة بلهيب التعصب، والآن بعد أن قبرت الفاشية الصدامية الى الأبد، علينا أن نردد كلمات أنكيدو وهو يخاطب گلگامش «في إتحادنا معاً نصنع الذي لاينسى بعد الموت».

أعرف يا عزيزي ان الذين يحبونني في كردستان الحبيبة كثير، وتصلني بأستمرار من المتوهجين منهم سلالاً من القبلات والتحيات الحارة تزرع الفرح في أعماقي، وأشهد أن حبي لهم وبحكم نصفي الكردي من جهة والدتي لايقل اطلاقاً لهم جميعاً ولترابهم وجبالهم وسمائهم. مع وافر محبتي ودم.

جليل القيسي

لێکۆڵینەوە

# چەند سەرنجێک لەبارەی مێژووی ڕۆمان

د. عادل گەرمیانی

ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی ئەدەب بەگشتی بدەین، دەبینین گشت قۆناخێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرە ئەدەبێک زیاتر تێیدا باو بووە، ئەم دیاردەیە شتێکی سروشتییە ئەگەر هاتو ئەدەبمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئاستی ژیانی کۆمەڵ لەو قۆناخە مێژووییە دانا.

ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی زیاتر بە زادەی قۆناخی حوکمڕانیی چینی بورژەوا و کزبوونی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ دادەنرێ، کەوا ژانری ڕۆمانس بەنوێنەری دادەنرێ. یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ڕۆمانس یارمەتی گەل نەبوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کاروباری ژیاندا، بگرە زیاتر بۆ گواستنەوەی بوو " بۆ ناو جیهانێکی میسالی خۆشتر لە جیهانەکەیان، هەمان ڕۆمانس ئۆرستۆکراتی بوو، چونکە ئەو هەڵوێستانەی دەری دەبڕی و، ڕێنوێنیی بۆ دەکرد، هەمان ئەو هەڵوێستانە بوو چینی خاوەن دەسەڵات، زۆرجار بەبێ ئاگا، هانی دەدا تا دەسەڵاتەکەیان هەتاهەتایە بەردەوام بێ"(١). ئەم لایەنانە سیفاتی ڕۆمانس دەردەخات کەوا: "دەربەگایەتی بوو، نا ڕیالیزمی بوو..."(٢).

ڕۆمان، بە پێچەوانەی ئەو سیفاتەی ڕۆمانس، زیاتر خۆی لە قەرەی بەرجەستەکردنی ئاواتە پەنگخواردووەکانی ناو دەروونی جەماوەر دەدا. هەروەها هەوڵی خۆ نێزیکخستنەوەی دەدا لە واقیعەکە بە هەڵبژاردنی پاڵەوان و کەسە سەرەکییەکانی لەناو ژیانی کۆمەڵەوە. ئەو ژیانە هەندێ گۆڕانکاری بە سەری ڕووی دا پاش کزبوونی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ و، حوکمڕانیکردنی کۆمەڵ لەلایەن چینی بورژەواوە، کە لە سەردەمی دەربەگایەتی بە چینێکی شۆڕشگێر دادەنرا، لەبەرئەوەی هەوڵی گۆڕینی بارودۆخ و، ئاستی ژیانی کۆمەڵەکەی دەدا. لە بواری ئەدەبیشدا چینی بورژەو "لە

تێکۆشانی بۆ وەدەستهێنانی ئازادییەکەی لەدەست ڕێژیمی دەرەبەگایەتیدا ناچار بوو پەردەی ڕۆمانس لە ڕووی دەرەبەگایەتی هەڵماڵێ..."[٣].

ڕۆمان، وەکو ئارنۆڵد کیبتل دەڵێت: " مێژووی گەڕانی ڕۆماننووسانە بە دوای فەلسەفەیەکی پڕ بەپێستی ژیانە"[٤]. ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی، لەبەر فراوانیی مەوداکانی، توانیوویەتی ببێتە باشترین فۆرمی ئەدەبی بۆ بەرجەستەکردنی چەند لایەنێک لە ژیانی مرۆڤایەتی لە سەدەکانی پاش سەدەی ڕینیسانسدا، چونکە ڕۆمان " باشترین جۆرە لە جۆرەکانی ئەدەبی ژیانی مرۆڤ لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارودۆخە سنووردارەکانی سەردەم دەردەخات "[٥]. تەمەنی ڕۆمانی هونەری لە جیهاندا زیاتر لە دوو سەدە و نیو دەبێ، ئەگەر ڕۆمانەکەی سامۆئیل ریچاردسن (١٦٨٩–١٧٦١)، کە بە ناونیشانی پامیلا، یا پاداشتی رەوەشت بەرزی Pamela, or Virtue Rewarded یە و لە ساڵی ١٧٤١ دا چاپ کراوە، بەیەکەم ڕۆمانی هونەری لە قەڵەم بدەین وەکو کۆڵن وڵسن لە کتێبەکەیدا (هونەری ڕۆمان) ئاماژەی بۆ دەکات.[٦]

ڕۆماننووس، لەم ڕۆمانە کۆمەڵایەتییەدا، پەنای وەبەر شێوازی نامە گۆڕینەوە لە بنیاتنانی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەیدا بردووە، کەوا تا ڕادەیەکی زۆر لەناو واقیعی کۆمەڵەکەیەوە هەڵبژێرراون.

سامۆئیل ڕیچاردسن و هێنری فیلدنگ (١٧٠٧–١٧٥٤) و، تۆبیاس سمۆڵت (١٧٢١–١٧٧١) و، لۆرنس ستیون (١٧١٣–١٧٦٨)یە بەناوبانگترین ڕۆماننووسانی سەدەی هەژدەم دادەنرێن[٧]. بەڵام ئارنۆڵد کیبتل لە کتێبەکەیدا (دەروازەیەک بۆ ڕۆمانی ئینگلیزی) لەو باوەڕەدایە هەندێ پاداشتنامەی چاک هەبوو بە داڕشتنێکی ئەدەبی جوان و کاریگەر نووسرابوون پێش لەدایکبوونی ڕۆمانی لە ئینگلتەرادا، وەکو: (ڕۆژنامەی ساڵی تاعوون/١٦٦٥)ی دیڤۆ (یادنامە)ی گینسون و، هەندێ کتێبی گەشتنامە، وەکو (گەشتەکانی گلیفەر/١٧٢٦)ی سویفت و (گەشتەکەی حاجی/١٦٧٨)ی بینین، کە لە زۆربەی ماڵانی ئینگلتەرادا لەو سەردەمە نوسخەیەکی تێیدا هەبوو[٨].

هونەری ڕۆمان لە نەبوونییەوە نەهاتووەتە کایەوە، بگرە چەند بەرهەمێکی دیکە هەبوون، بە شێوی پەخشان نووسرابوون و، تا ئێستا لەنێو توێژەرانی مێژوویی ئەدەبی جیهانی مشتومڕی لەسەر دەکرێ. بۆ نموونە بەرهەمەکەی جیوڤانی پۆکاشیۆ، کە بە ناونیشانی (دیکامیرۆن)[٩]ە، هەندێک بە کۆمەڵە چیرۆکی دادەنێن و هەندێکی دیکە بە نۆبەرەی ڕۆمانی لە جیهاندا دادەنێن، پۆکاشیۆ بۆ ئەو بەرهەمەی ناونیشانی تریشی دانابوو، ئەویش ناونیشانی (نوڤیلا ستوریان–چیرۆکی نوێ). لە زمانی ئیتاڵیدا بە شتی نوێ دەوترێ (نۆڤیلا–Novelty)[١٠]. لایەنە نوێکەی دیکامیرۆن، وەکو ئیدوار بڵشن دەڵێت، لەوەدا بوو، بۆ یەکەم جار بوو نووسەر پەنا وەبەر کاتی ئێستا بەرێت نە کاتی رابردوو، هەروەها پۆکاشیۆ هەندێ حیکایەتی کۆنی ناو شارەکەی کۆ کردەوە و، بەرگێکی تازەی وەبەر کردەوە و، توانی بەشێوەی پەخشان نەک بە شێوەی شیعر،

پێشکێشی بکات[١١]. نۆبەرەکەی پۆکاشیۆ مۆرکێکی ڕیالیزمییەتی پێوە دیارە و، لە سیماکانی ئەو نۆبەرەیە: سروشتی پاڵەوانەکان لەناو واقیعی کۆمەڵەوە هەڵبژێرراون و، پانتاییی شوێن و مەودای کات فراوان و درێژە. هەروەها شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە هەواڵ گێڕانەوە دوورە، کەوا بەیەکێک لە سیماکانی حیکایەت دادەنرێت.

کۆڵن ولسن لە کتێبەکەیدا (هونەری ڕۆمان) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ڕۆمان لە ساڵی ١٤٩٩دا لە ئیسپانیا لەدایک بووە بەدەرچوونی ڕۆمانەکەی فرناندۆ دیرۆجاس، کە بە ناونیشانی (سیتستینیا _ Cetestina) یە. بابەتی ڕۆمانەکە لەبارەی کوڕێکی گەنجە سوود لە خزمەتگوزاریی ئافرەتێکی خاوەن مەیخانە دەبینێ بۆ دەسخەڕۆکردنی ئافرەتێکی گەنج لە خێزانێکی خێرەومەند و، دەرخستنی جۆری ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا دێت لە ئەنجامی ئەو ئارەزووە نابەجێیانەی دڵیان[١٢].



سیرفانتیس

هەروەها لە ئیسپانیادا سیرفانتیس– Cervantes ڕۆمانێکی سەرکەوتووتری، لە ڕووی هونەرییەوە، بەناونیشانی (دۆن کیخۆت – ١٦١٥)[١٣]. نووسیووە. لەم ڕۆمانەدا زیاتر هەست بە هەوڵدانی پاڵەوانەکەی دەکەین بۆ ڕزگاربوون لە قاوغە تەسکەکەی ژینگەی خۆی و، گەڕان بە دوای جیهانێکی تر لە ڕێگەی گەشتکردنەوە، دۆن کیشۆتی پاڵەوان لەو گەشتەیدا چاوی بەچەند کەسێکی تر دەکەوێ، بەڵام زیاتر مەبەستی سیرفانتیس لەم ڕۆمانەدا دەرخستنی جۆری پێوەندیی کۆمەڵایەتی و داوونەریتی هەندێ شوێنی ئیسپانیایەو، گۆڕانی بارودۆخی ژینگەی مرۆڤایەتی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا . لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە بۆریس سۆچکۆف دەڵێت: لە ڕۆمانەکەی سیرفانتیس (دۆن کیشۆت) زیاتر هەندێ لایەن کۆ بوونەتەوە، وەکو : نووسینێکی سۆزداری پڕ لە جوانی لادێ و، شێوازی ڕۆمانی سوارچاکی لە بۆچوونێکی ڕەخنەگرتن و گاڵتەجاڕی پێشکێش دەکرێت. هەروەها تێیدا وەسفی داوونەریت دەکات، دۆن کیشۆت لە کاتی گەشتە دوورەکانی لەسەر ڕێگە تاشەبەردینەکان چاوی بە چەندان کەس دەکەوێ و، لە هەندێ شوێن دەخەوێ، وەکو لەناو تەلاری پاشاکان.. ڕۆمانەکە بەگشتی تابلۆیەکی گشتی ئسپانیای ئەو سەردەمە پێشکێش دەکات[١٤]. لەم بەرهەمەی سیرفانتیسدا ژیانە ناهەموارەکە ڕەنگی داوەتەوە. چونکە: " هونەری سیرفانتیس بەرهەمی ئەشکەنجەکانیەتی و، ئەگەر ژیانی ئەوەندە تاڵ نەبووایە چیرۆکی دۆن کیشۆت بەو شێوەیە سەرنجڕاکێش نەدەبوو"[١٥]. ئەم ڕۆمانە " لەناو بەندیخانە نەخشەی گشتی بۆ دانراوە و، لەناو

پۆخـەڵی هـەژاری و ناسـۆری بێ ئومـێـدی نووسـراوە " پاڵەوان و نووسـەری ئەم ڕۆمـانە دوو فـەیلەسـووف و مرۆڤی شـێت بوون، چونکە " بەختـەوەر دەبوو لە ژیان بـەسـەربردن لەناو شـێتی و مردن لەناو داناییدا"(١٦).


مەدام لاڤایت

لە فـرەنسـاش خـاتوو نووسـەر مـەدام لاڤـایت لە سـاڵی ١٦٧٨ دا ڕۆمـانێکی لەژێر ناونیشـانی (دیکلیڤی خـانزاد–Princesse de Cleves) بڵاو کـردەوە، جگە لەم ڕۆمـانە دوو ڕۆمـانی تری مـێژوویی هـەیە و، لەم ڕۆمـانەیدا " وێنەیەکی سێ گۆشـەیی دەگرێت و، تێیدا هـەمـوو کـەسێ بەشەرم و پاراستنێکی زۆرەوە هەڵسوکەوت دەکات(١٧).

لەم گەشـتکردنەدا بۆمـان دەردەکەوێ: سەدەکانی (١٤– ١٧) زەوینە خـۆشکەر بوون بۆ لەدایکبـوونی ڕۆمـانی هونەری لە سـەدەی ١٨دا. هـەرچەند لەم بارەیەوە ڕەخنەگری رووسـی ف. کـۆزینـۆڤ بۆچوونێکی هـەیە تـا ڕادەیەک تـوندوتیـــژە و دەڵێت:" هـەمـــوو هـەوڵدانێک بۆ تەماشاکردنی گشت بەرهەمە ئەدەبییەکان، کەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی ڕۆمـانەکـانی (Romans) لێ نرابوو. بە ڕۆمـان دانانیـان، ئەم هـەوڵدانە بەشێوەیەکی تایبەتی وەکو کارێکی هیچوپووچ دیارە(١٨).

هونەری ڕۆمــان و چیـرۆک بـە دوو بەشی پەخـشـانی ئـەدەبی دەژمـێـردرێن و، هەردووکـیـان لە ئەوروپا لەدایک بوون، لە ڕووی مێژووییـیەوە هونەری ڕۆمان لە هونەری چیـرۆک کۆنتـرە، چونکە (چیرۆکی هونەری جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبی نوێ لە کۆتاییی سـەدەی نۆزدەم بەدەرکەوت)(١٩). ڕاسـتـە ئەنتـوان چیـخـۆڤ ڕۆڵێکی هەبوو لە سـەرهەڵدانی چیـرۆکی کـورت لە ئەدەبی رووسی لە سەرەتای سەدەی (١٩)دا، بـەڵام زۆربەی توێژەرانی ئەدەبی جیهانی زیاتر ئاماژە بۆ چیرۆکنووسی فـرەنسی موپاسـان دەکەن و، بە پێشـڕەوەی چیرۆکی هونەریی دادەنێن، چونکە چیـرۆک لەلای گی، دی. موپاسـان(١٨٥٠– ١٨٩٣) زیاتر " وێنەی ڕووداوێک دەگرێ نووسـەرەکە تێیدا گوێ بە ئەوەی لە پێشـتـری ڕووداوەکـە، یا پاشـتـری، نادات و، ئەم فـۆرمـەی چیـرۆکی کـورت لە مـوپاسـانەوە تا ئەم ڕۆژگارە بەردەوامە"(٢٠).

سـەرەتای سـەرهـەڵدانی ڕۆمـان لـە هـەندی وڵاتانی ئەوروپادا زیاتر بەشـێـوەی شـیـعـر بوو نەک پەخشـان. ئەم دیاردەیە زیاتر لە فرەنسا و رووسـیا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە فرەنسـا لە سـەدەی (١٢) دا یەکەم نەشونمای بەخۆیەوە بینی، ئەویش بەدەرچوونی هەردوو بەرهـەمـەکەی کریتیان دی تروا: (بیرسـیڤـاڵ) و (شـاسواری گالیسکەکە) و، بەرهـەمـەکەی بیرول (ڕۆمـانی تربسـتـیـان). ئەم ڕۆمانە سەرچاوەی هەمەجۆری بێ سنوورشکێن لەبارەی بابەتی دڵداری سەخت بوون "(٢١).

هەروەها لە مێژووی ئەدەبی ڕووسیدا ڕۆمانە شیعرییەکەی پۆشکین کەوا " لە ساڵی ١٨٢٥ دا

بڵاوی کردەووە، بە ناونیشانی (یفگینی ئۆنیگن) بە سەرەتای ڕۆمانی ڕووسی لە سەدەی (١٩) دادەنرێ. ئەم ڕۆمانە شیعرییەی پۆشکین " ڕێگەی گەشەسەندنی ڕۆمانی کۆمەڵایەتیی کلاسیکی لە سەدەی (١٩) دا خۆش کرد و. زنجیرەی ڕۆمانی ڕووسی لەو ڕۆمانەوە دەستی پێ کردووە.  کە وێنەی سەردەم و مرۆڤی هاوچەرخ لە بۆچوونێکی ڕیالیزمییەوە بەرجەستە دەکرێت"[٢٢]. ئەم ڕۆمانەی پۆشکین لەلایەن ڕەخنەگری ڕووسی بیلنیسکی بە ئینسکلۆپیدیای ژیانی ڕووسیا دانراوە و، مەکسیم گۆرکیی ڕۆماننووسیش بە " سەرەتایەک بۆ گشت سەرەتاکان"[٢٣]ی داناوە.




مۆرکی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان زیاتر قوتابخانەی ڕیالیزم بوو لە جۆری کۆمەڵایەتی، ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانەکەی (پامیلا/ ١٧٤١)ی ڕیچاردسن و، ڕۆمانەکەی (شامیلا/ ١٧٤١)ی  هنری فیلدنگ بەدی دەکرێ. لەم بارەیەوە ئایان وات Ian Watt دەڵێت: " مێژوونووسانی ڕۆمان قوتابخانەی ڕیالیزم بەجۆر زۆر دیارەکەی دادەنێن، کەوا لە سەرەتای سەدەی (١٨)دا ڕۆمانی لەو چیرۆکانەی پێشووتری جیا دەکاتەوە"[٢٤]. هەروەها دەڵێت: " ڕیالیزمییەکەی ڕۆمان لەوەدا نییە جۆرەکانی ژیانی تێدا پێشکێش دەکرێ، بگرە لەو شێوازەی ژیانەکەی پێ پێشکێش دەکرێ"[٢٥].

لە سەدەی (١٩) دا مۆرکە ڕیالیزمییەکەی ڕۆمان زیاتر سەقامگیر بوو، تەنانەت بابەتەکانی ڕۆمانیش هەمەجۆری تێدا بەدی دەکرێ: بۆ نموونە لە ڕۆمانی ڕووسی لە سەدەی (١٩) دا قوتابخانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگری لە هەندێ ڕۆمان وەبەرچاو دەکەوێ، وەکو ڕۆمانەکەی (گیانە مردووەکان)ی گۆگۆڵ. ئەم جگە لە ڕیالیزمی دەروونیی ناو ڕۆمانەکانی (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆف)ی فیدۆر دیستویفسکی. هەروەها لەم سەدەیەدا ڕیالیزمی مێژوویی بە زەقی لە ڕەوتی ڕۆماندا دەرکەوت، وەکو ڕۆمانەکەی (ویڤرلی) ی والتەر سکۆت (١٧٧١– ١٨٣٢)، کەوا لە ساڵی ١٨١٤دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەگەرچی سەدەی نۆزدەم بە سەدەی زێرین لە مێژووی ڕۆماندا دادەنرێ، بەڵام سەدەی بیستەم بە سەدەی زێڕینتر دادەنرێ، چونکە لەم سەدەیەدا چەندان شەپۆڵ لە بواری ڕۆماننووسیندا سەری هەڵدا. شەپۆلی هۆش باشترین دیاردەی ڕۆمانە لە سەرەتای ئەم سەدەیە و، لەم بوارەدا جمیس جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١) زیاتر ناسراوە و، ڕۆمانەکەی (یۆلیسیس– Ulysses /1922) باشترین نموونەیە. بۆ نموونە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی شەپۆڵی تاقیگەری سەری هەڵدا و، لەم بوارەدا مارسیل برۆست لە فەرەنسا زیاتر ناسراوە و، ڕۆمانەکەی (گەڕان بەدوای کاتی بزر/١٩٢٧) باشترین نموونەیە. هەروەها لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی زیاتر لە یەکەتیی سۆڤیەتی (جاران) سەقامگیر بوو، بەناوبانگترین ڕۆماننووسانی

ئەم قوتابخانەیە گۆرگی و شۆلۆخۆڤە. ئەم قوتابخانەیە زیاتر لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی لەناو وڵاتانی تردا تەشەنەی کرد.

هەروەها لە ساڵانی پاش شەڕی دووەمی جیهانی هەندێ شەپۆڵی تر لە بواری ڕۆماندا هاتە کایەوە، وەکو شەپۆڵی (بوونگەرایی) لە فرەنسا و، لەم بوارەدا ڕۆمانەکانی جون بۆل سارتەر باشترین نموونەی ئەم شەپۆڵەیە. لە ئینگلتەراش ڕۆمانی (بێ پابەندی- اللامنتمي) لەسەر دەستی کۆڵن وڵسن سەری هەڵدا. ئەمانە جگە لە ڕۆمانەکانی ڕیالیزمی سیحراوی کەوا لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی لەسەر دەستی گابریل مارکیز و جۆرج ئەمادۆ و هەندێ ڕۆماننووسی تر دەستی بەسەرهەڵدان کرد. بەناوبانگترین شێوازی ڕۆماننووسین لە پاش شەڕی جیهانیی دووەم شێوازای ڕۆمانی نوێییە، کەوا هەندێ لە ڕۆماننووسانی فرەنسا، وەکو ئالان ڕۆب گرییە و ناتالی سارۆت و میشیل بۆتۆر و هەندێ ڕۆماننووسی تر بەڕابەرانی ئەم جۆرە ڕۆمانە دادەنرێن. ئەم جۆرە شێوازە لە ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٦٤ دا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر نووسینی ڕۆمان لە فرەنسا و هەندێ وڵاتی دیکەدا هەبوو، گرووپی ڕۆمانی نوێ شێوازی ڕۆماننووسینی سەدەکانی پێشووتریان ڕەت دەکردەوە و، بە ڕۆمانی کلاسیکی، یا تەقلیدییان لە قەڵەم دەدا. لە ڕۆمانەکانیان زیاتر بایەخیان بە لەتلەتکردنی گێڕانەوەکان دەدا، لەگەڵ بایەخدان بەوەسفی شتومەکەکان، تەنانەت میشیل بۆتۆری ڕۆماننووس، کەوا بەیەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئەم گرووپە دادەنرێ، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت " کاتێ لەبارەی کورسی دەدوێین دەبێ بە تەواوی ئەوە بزانین کەوا لەبارەی کورسی دەدوێن"(٢٦). واتە بەشێوەیەک وەسفی کورسییەکەیان دەکرد خوێنەوار هەستی بە درێژەداری لەو وەسفە دەکرد، هەروەها شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی پێشووتریان ڕەت دەکردەوە، هەرچەند بنیاتنانی تەقلیدی ئەو ڕۆمانە " باشترین شێوەی هونەرییە بۆ بەرجەستەکردنی کاتی ڕاستەقینە (ڕابردووە)و، بەتواناترینیانە لە دەربڕینی گشت لایەنەکانیدا"(٢٧).

لەم گەشتکردنەدا بەناو مێژووی ڕۆمان لە ئەورووپادا و، سروشتی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم و جۆرەکانی لەناو ڕەوتی ڕۆماندا، جەخت دەکەینە سەر ئەوەی ڕۆمان، وەکو دیاردەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی، لە سەرەتای سەرهەڵدانەکەی وەکو کاردانەوەیەکی ڕۆمانس هاتە کایەوە، مۆرکی ڕیالیزم لە ماوەی ئەو دوو سەدە و نیوە لە تەمەنی ڕۆماندا زیاتر خۆی کردووەتە هاوەڵی ڕۆمان، چونکە ڕیالیزم وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەزادەی قۆناخی لەناوچوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و هاتنە کایەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی چینی بورژوا دادەنرێ، چونکە ڕۆمان، وەکو جۆرج لۆکاش دەڵێت:" لە رووی ناوەڕۆکەوە، لەو ململانێیە ئایدیۆلۆجییەی بورژەوای سەرکەوتوو دژ بە دەرەبەگایەتی بەرەو ئاوارەچوون، لە دایک بوو"(٢٨).

لێرەوە ئێمەیش وەکو لۆکاش دەڵێین:" ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبی و نموونەیی کۆمەڵی بورژەوایە، چونکە ڕۆمان دەتوانی ناکۆکییەکانی کۆمەڵی بورژەوا بە ڕاستگۆترین وێنە بگرێت و، بەشێوەیەکی

زۆر نموونەییش بەرجەستەی بکات"[٢٩].



ئەم ڕاستییەش لەناو ئەدەبی کوردیمان ڕووی دا پاش گۆڕانی قۆناخی کۆمەڵەکەمان بەرەو لاوازی دەسەڵاتی چینی دەربەگایەتی و، سەرهەڵدانی چینی بورژەوای بچووک لە پاش شەڕی جیهانیی دووەم، ئێمە لێرەدا ڕۆمانی کوردی بە زادەی ژیانی شارستانیەت لە قەڵەم دەدەین، چونکە سەرهەڵدانەکەی و گەشەسەندنەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پاش نیشتەجێبوونی خەڵکێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکان و، زۆربوونی ژمارەی کارگەکان و، گۆڕینی پێوەندیی نێوان ئەو کەسانەی تێیدا کار دەکەن و لە شار دادەنیشن. هەروەها بۆ زیادبوونی ئاستی هۆشیاری و ڕادەی ڕۆشنبیری و، زۆربوونی ژمارەی چاپخانەکان و هۆکانی ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری، گشت ئەم لایەنانە ڕۆڵی خۆیان لە لەدایکبوونی هونەری ڕۆمان لەناو ئەدەبەکەمان لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و، گەشەسەندنی لەپاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە بینیوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ڕۆمانی کوردی لە دەرەوی کوردستانی عێراق بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕۆمانەکەی عەرەب شەمو، کە بە ناونیشانی (شڤانی کورد) لە ساڵی ١٩٣٥ دا بە پیتی لاتینی چاپ کراوە و، بە زاری کرمانجی ژووروو لە ئەرمینیای یەکەتیی سۆڤیەتی (جاران) نووسراوە. ئەم ڕۆمانە نۆبەری مێژووی ڕۆمانی کوردییە لە ڕووی چاپکردنەوە. ڕۆماننووسەکە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی ئەم ڕۆمانەی نووسیووە و، ئەم ڕۆمانە :"بۆ چەندان زمانی بێگانە وەرگێڕراوە، وەکو ڕووسی و تورکی و ئەڵمانی و ئەرمەنی، هەروەها لەلایەن نووسەری مەزن (نیکتین) بۆ سەر زمانی فرەنسی وەرگێڕراوە و، لەلایەن پەیمانگەی کوردی لە فرەنسا لە ساڵی ١٩٩٠دا بڵاو کراوەتەوە. ئەمە جگە لە وەرگێڕانە" عەرەبییەکەی ئەم ڕۆمانە، کەوا چەند ساڵێک پێشتر لە بەیرووت بڵاو کراوەتەوە"[٣٠].

دیاردەی خوودان بەنووسینی ڕۆمانی کورت تەنیا لەناو ئەدەبی کوردیی عێراقدا نییە، وەکو لە چەند ژمارەیەکی کۆواری (کاروان) لە ساڵی ١٩٩٣ دا بڵاو کراوەتەوە، بگرە لە هەندێ شوێنی تری کوردستانیش سەری هەڵداوە. بۆ نموونە کامەرانی بەدرخان لە سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆمانێکی کورتی بە ناونیشانی (هەڵۆی کوردستان) لە قەواری ٤٤ لاپەڕە"[٣١]. نووسیووە. هەروەها ڕۆمانێکی تری کورتی بە ناونیشانی (میری کوردستان) نووسیووە و. ئەم ڕۆمانە لەگەڵ وەرگێڕێکی فرەنسی بۆ سەر زمانی فرەنسی وەڕی گێڕاوە و، هەروەها ئەم ڕۆمانە بۆ سەر زمانی ئەڵمانیش وەرگێڕراوە"[٣٢].

چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ساڵانی پاش شەستەکانی ئەم سەدەیە زیاتر چالاکی تێیدا دەبینرێ، لەم بوارەدا جگە لە ڕۆمانەکەی (پێشمەرگە)ی ڕەحیم قازی، کەوا لە ساڵی ١٩٦٠دا لە بەغدا چاپ کراوە و، ڕۆماننووس تێیدا کێشەی کورد دژ بە ڕێژیمی شاهنشاهی ئێران لە سەردەمی کۆماری مهاباددا لەسەر قوتابخانەی ڕامیاری پێشکەش دەکات. جگە لەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی حاجی جندی هەیە، بە ناونیشانی (هەواری) ساڵی ١٩٦٠ دا لە شاری یەریڤان بڵاو کراوەتەوە و، تێیدا بارودۆخی ژیانی تراژیەیانەی ئێزیدیەکانی ئەوێندەرێ ڕەنگی داوەتەوە و، بۆ چەند زمانێک وەرگێڕراوە، هەروەها ڕۆمانێکی تری حاجی جندی هەیە بە ناونیشانی (بە هار هات) ساڵی ١٩٧٨ بڵاو کراوەتەوە و، بۆ زمانی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٨٠دا وەرگێڕراوە. ئەمە جگە لە ڕۆمانەکانی عەلی عەبدولڕەحمان، کە بەناوبانگترین ڕۆمانی ئەم نووسەرە ڕۆمانی (گوندی میرخاسا)وە ساڵی ١٩٦٨ دا بڵاو کراوەتەوە"(٣٣).

لە کوردستانی ئێرانیش فەتاح ئەمیری ڕۆماننووس لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕۆمانی (هاوار بەرە)ی بڵاو کردووەتەوە و، لە ساڵی ١٩٩٣ دا ڕۆمانێکی دیکەی بە ناونیشانی (میرزا)ی بڵاو کردەوە و، بە تەواوکەرەوەیەک بۆ ڕۆمانی (هاوار بەرە) دادەنرێ(٣٤). هەروەها میرزا عەلی کیتابیی ڕۆماننووس لە ساڵی ١٩٩٠ دا بەرگی یەکەمی ڕۆمانی (سارا)ی بڵاو کردووەتەوە و، لە ساڵی ١٩٩١ دا بەرگی دووەمی ئەم ڕۆمانەی بڵاو کردەوە.

هەروەها لە وڵاتی سوێددا هەندێ ڕۆمانی کوردی دەرچووە بە پێنووسی ڕۆماننووسەکانی کوردستانی تورکیا نووسراون، وەکو ڕۆمانەکەی محەمەد ئۆزون، کەوا ناونیشانی (تۆ)یە و، لە ساڵی ١٩٨٥دا بڵاو کراوەتەوە و، دووەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٨٧دا بە ناونیشانی (مرنا کالەکی رند) بڵاو کراوەتەوە و، سێیەم ڕۆمانی بەناونیشانی (سیبیا ئەڤینی) لە ساڵی ١٩٨٩دا بڵاو کراوەتەوە و، چوارەم ڕۆمانی بە ناونیشانی (ڕۆژێن عەڤداڵی زینگی)یە و، لە ساڵی ١٩٩١دا بڵاو کردووەتەوە. لە ڕووی بابەتەوە محەمەد ئۆزون لە ڕۆمانی (تۆ)دا بەسەرهاتی کوردە گیراوەکانی ناو بەندیخانەکانی تورکیا دەگێڕێتەوە و، لە ڕۆمانی (سیبیا ئەڤینی)دا سەردەمێک لە مێژووی کورد لە تورکیا دەردەخات و، لە ڕۆمانی (ڕۆژێن عەڤدالی زینگی)دا بەسەرهاتی ژیانی ئەو گۆرانیبێژە بەناوبانگەی کورد دەگێڕێتەوە، کەوا یەشار کەمالی ڕۆماننووس ناوی (هۆمیرۆسی کوردستان)ی لێ دەنێت"(٣٥).

هەرچەندە ڕۆمانی کوردی لە سەدەی بیستەمی جەنجاڵدا لەدایک بووە، بەڵام لە سەرەتای سەرهەڵدانەکەی لە کوردستانی عێراقدا دیاردەی ڕۆیشتن بەدار شەقەوەی پێوە دیارە. بۆ نموونە ئەحمەد موختار جافی شاعیر لە بواری ڕۆماننووسیندا دوو دەقی نووسیوە، یەکێکیان، وەکو دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە پێشەکیی دیوانەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، تا ئێستا بزرە و ئەوەی تریان، کەوا لە ساڵی ١٩٢٨دا بەناونیشانی (مەسەلەی ویژدان) نووسیویەتی، ماوەی (٤٢) ساڵ لە خانەی فەرامۆشی مابووەوە تا بە کوششی دوکتۆر ئیحسان فوئاد لە ساڵی ١٩٧٠دا لە

بەغدا چاپ کرا، ئەم دەقە ئەگەر لە کاتی خۆیدا بڵاو بکرابایەتەوە دەورێکی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا دەنواند.

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٤دا ڕۆمانێکی نووسیوە، بەڵام وەکو خۆی لەو چەند وشەیەی لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ ژمارە (٥)ی کۆواری (ڕزگاری) نووسیویەتی، بە بۆنەی دەستکردنی بنەماڵەی کۆوارەکە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ژانی گەل) بە ئەڵقە ئەڵقە دەڵێت:" جارێ کاتی بڵاوکردنەوەی نەهاتووە"(٣٦). تا ئەم ڕۆژگارەش بڵاو نەکراوەتەوە و، ناشزانین کەی ڕۆژگاری دێت و بڵاو دەکرێتەوە!؟ هەروەها ناشزانین بە هەمان ئاستە هونەرییە باشەکەی ڕۆمانی (ژانی گەل) دەبێ یان نەء. ئەو ڕۆمانە، کەوا نووسەر ناوی داستان لە ڕۆمانەکانی دەنا، ئەگەر لە کاتی خۆیدا بەشێوەی ئەڵقە ئەڵقە لە کۆواری (گەلاوێژ) بڵاوبکرایە، کەوا لە ساڵی ١٩٣٩- ١٩٤٩ بە هاریکاریی ئیبراهیم ئەحمەد و خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی لە بەغدا دەردەچوو، دەورێکی چاکی لە ڕەوتی ڕۆمانی کوردی دەبینی.

هەروەها محەمەد عەلی کوردی هەوڵێکی تری دا بۆ لەدایکبوونی ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، بەڵام بەختی ئەمیش زۆر سەرەکەوتووانە نەبوو، چونکە تەنیا سێ ئەڵقەی لە ڕۆمانە کورتەکەی (نازدار، یان ژنی کورد لە لادێ) لە ژمارەکانی (٧، ٩، ١١)ی کۆواری ( ڕووناکی)دا لە ساڵی ١٩٣٦ بڵاو کرایەوە و ئیتر تەواو نەکرا و، تا ئەم ڕۆژگارە بە شێوەی کتێب چاپ نەکراوە، ئەم بەدبەختییە دەسنووسە عەرەبییەکەی ئەم ڕۆمانەشی گرتەوە کەوا لەلایەن نووسەرەکەیەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕراوە(٣٧). ئەم ڕۆمانە، وەکو نووسەرەکەی لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات " ڕۆمانێکی کوردییە لە (١٠٠) لاپەڕەدا نووسراوە ". هەروەها دەڵێت:" مەبەستم لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە: لە ژیانی قەومی کورد لاپەڕەیەک نیشان بدەم، کە بەچاو بێ ئەهمیەت و فەقیرە، بەڵام لە (نەفس الأمرادا) زۆر بە قیمەت و گەورەیە.. نازدار ڕۆمانێکی خەیاڵییە بەڵام لە ڕاستی وەرم گرتووە، کە خۆم دیتوومە.."(٣٨).

ئەگەرچی ڕۆمانە کورتە تەواونەکراوەکەی (مەسەلەی ویژدان) مۆرکێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگریی پێوە دیارە، ئەوا لە ڕۆمانە تەواو بڵاونەکراوەکەی (نازدار) دا زیاتر چەند لایەنێک لە ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی شیکاری تێدا بەدی دەکرێت. ڕۆمانە کورتەکەی ئەحمەد موختاری جاف (مەسەلەی ویژدان) بەنۆبەرەی ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا دادەنرێ، چونکە لە ڕووی مێژووی نووسینەوە لە ساڵی ١٩٢٧ یا ١٩٢٨دا نووسراوە، هەروەها لە ڕووی مێژووی چاپ کردنیشەوە بەشێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بەیەکەمین ڕۆمانی دادەنرێ، چونکە لە ساڵی ١٩٧٠دا لە بەغدا چاپ کراوە، پێش ئەم ساڵە هیچ ڕۆمانێکی سەر بەنووسەرانی کوردستانی عێراق چاپ نەکراوە، ڕاستە ڕۆمانەکەی ڕەحیم قازی (پێشمەرگە) ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا چاپ کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی نووسەرەکەی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و بە پەناهەندەیی هاتووەتە عێراقەوە، ناتوانین ئەم دەقە بە سەرەتای ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا دابنێین، هەر لەبەر ئەم هۆیانە نەمانخستە چوارچێوەی

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان. ئەم جۆرە هەنگاوە سست و کیسەڵانەیەی ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا تا ساڵی ١٩٨٦دا بەردەوام بوو پاشان سەردەمی زێڕینی دەستی پێ کرد و، لە ماوەی سالآنی ١٩٨٦– ١٩٩٥ دا[٣٩] شازدە ڕۆمان بە چاپ گەیەنراوە. ڕۆمان، وەکو ژانر و فۆرمێکی ئەدەبی، بە لاساییکردنەوەی نووسەرانی تر نایەتە کایەوە و، ناتوانێ ڕەسەنایەتی خۆی بسەلمێنێ، بگرە " دروستبوونی هەر فۆرمێکی ئەدەبی لە ئەنجامی پێویستییەک لە پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە لە قۆناخێکی دیاریکراودا دێتە کایەوە... جا ئەو پێویستییە چ پێویستییەکی تاکەکەسی بێ بۆ داهێنانێکی خودی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی ئەو تاقیکردنەوە بێت، یا لە ئەنجامی پێویستی کۆمەڵ بێت بۆ دەربڕینی تاقیکردنەوەی گشتییەکانی، کە بە هۆی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەکانەوە دروست دەبێت"[٤٠].
پەرەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە لە سالآنی هەشتاکانەوە زیاتر بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە وەکو: گۆڕانی بارودۆخی گوزەرانی کۆمەڵەکەمان بۆ قۆناخێکی تازە زۆر جیاوازە لە شێوازی بارودۆخەکەی لە سالآنی دەستڕۆیی چینی دەرەبەگ و میر و ئاغا و نوکەرەکانیان، کەوا تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز لە ساڵی ١٩٥٨ دا دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان لەنێو کۆمەڵەکەمان هەبووە. هەروەها زۆربوونی ڕێژەی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ناو گەلەکەمان، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی چاپخانەکان لە شارەکانی کوردستاندا و لەناو شاری بەغدای پایتەختدا.. گشت ئەم لایەنانە ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە پەرەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە سالآنی هەشتاکاندا هەبوو. لێرەدا دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییە ژیاری و شارستانییەکانی ناو کۆمەڵەکەمان گەورەترین فاکتەر بوون لە پەرەسەندنی ڕۆمانی کوردیمان، کەوا بە هەمان شێوەی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردیمان نەبووە، بۆ نموونە: بەپێی بیبلۆگرافیاکەی حوسێن عارف لەمەڕ چیرۆکی کوردیمان لە نێوان سالآنی ١٩٢٥– ١٩٨٣دا زیاتر لە (١٩٠٠) چیرۆک بڵاو کراوەتەوە، کەچی لە بواری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لەو ماوەیەدا تەنیا ئەم چوار ڕۆمانە بە چاپ گەیەنراوە و بڵاو کراوەتەوە:

١– ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیم قازی لە ساڵی ١٩٦٠دا لە بەغدا چاپ کراوە.

٢– ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختاری جاف لە ساڵی ١٩٧٠دا لە بەغدا بە کۆششی دوکتۆر ئیحسان فوئاد چاپ کراوە.

٣–ڕۆمانی (ئاشتی کوردستان)ی محەمەد ساڵح سەعید لە ساڵی ١٩٧٠دا لە سلێمانی چاپ کراوە

٤– ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٧٣دا لە سلێمانی چاپ کراوە.

هەروەها بەختی چیرۆکی کوردی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و، چاپکردن بەشێوەی کتێب باشترە لەوەی ڕۆمانی کوردی هەیەتی. بۆ نموونە دەربارەی چیرۆکی کوردی لە عێراقدا سێ نامە ماستەر لە سالآنی ١٩٩١– ١٩٩٣ دا پێشکێش بە کولێجی ئادابی

زانكۆی سەلاحەدین كراوە(٤١). هەروەها پێنج كتێب وەكو لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لەبارەی چیرۆكی كوردی لە عێراقدا چاپ كراون(٤٢). ئەمە جگە لە چەندین كۆمەڵە چیرۆك بەشێوەی كتێب چاپ كراون و، چەندان وتاری ئەدەبی و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەو كۆوارەكاندا لەبارەی چیرۆكی كوردییەوە بڵاو كراونەتەوە. لە راستیدا ئەنجامی ئەم جۆرە بەراوردكردنە لە نێوان چیرۆك و ڕۆمانی كوردیمان هاندەرێك بوو بۆ ئاوڕدانەوەمان لە رەوتی ڕۆمانی كوردیمان و، بە ئەنجام گەیاندنی ئەم لێكۆڵینەوە ئەكادیمییەمان.

سەرچاوەكان:


١- ارنولد كيبتل - مدخل إلي الرواية الانكليزية، ت: هاني الواهب، المجلد الاول. مطبعة وزارة الثقافة، دمشق ١٩٧٧

٢- د. مكارم العمري - الرواية الروسية في القرن التاسع عشر، سلسلة عالم المعرفة، ع/٤٠، مطابع دار الانباء ، الكويت، ١٩٨١

٣- كولن ولسن - فن الرواية، ت: محمد درويش، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦

٤- والتر الن - الراوية الانجليزية، ت: صفوت عزيز جرجيس. مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، بلا عام طبع

٥- داناتوماس هنري - اعلام القصة الغربية، ت:يوسف عبدالمسيح ثروة، منشورات دار الرواد، مطبعة الايام. دمشق. بلا عام طبع

٦- الرواية وصنعة الرواية، ت: سامي محمد. الموسوعة الصغيرة، ع/٩٩، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨١

٧- د. محمد غلاب - الحركة الروائية في اوروبا- مطابع الدار القومية، القاهرة، ١٩٦٠

٨- بوريس سوتشكوف - المصائر التاريخية للواقعية، ترجمة محمد عنان واكرم الرافعي، دار الحقيقة، بيروت، ١٩٧٤

٩- ف. كوزينوف - الرواية ملحمة العصر الحديث. ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦

١٠- رشدي رشاد- فن القصة القصيرة. دار العود بيروت. ط /٢، ١٩٧٥

١١- الا هو - حوار في الرواية الجديدة، ت: نزار صبري، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد، ١٩٨٨

١٢- محمد رفيق توفيق - الواقعية في ادب غسان كنفاني، اطروحة ماجستير، جامعة بغداد. كلية الاداب، ١٩٨٣

١٣- جورج لوكاش - الرواية كملحمة بورجوازية، ت: جورج طرابيشي، دار الطليعة للنشر، بيروت، ١٩٧٩

١٤- ئیبراهیم ئەحمەد _ ژانی گەل، ڕۆمان، چاپی سەییدیان، بێ ساڵی چاپە

١٥- كۆواری ڕووناكی، ساڵی یەكەم، ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٣٦

١٦- پەرێز سابر محەمەد - بینای هونەری چیرۆكی كوردی لە سەرەتاوە تا كۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، نامەیەكی ماستەرە پیشكێش بە كۆلێجی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین كراوە، ١٩٩٣

پەراوێزەکان:

١- ارنولد كيبتل _مدخل إلى الرواية الانكليزية، ت: هاني الواهب، المجلد الاول. مطبعة وزارة الثقافة، دمشق ١٩٧٧ ل ٣٩

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٩

٣- هەمان سەرچاوە. ل ٢٧

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧

٥- د. مكارم العمرى - الرواية الروسية في القرن التاسع عشر، سلسلة عالم المعرفة، ع/٤٠، مطابع دار الانباء، الكويت، ١٩٨١، ل ١٢

٦- كولن ولسن لە کتێبەکەیدا- هونەری ڕۆمان - The Craft of the Novel دەڵێت: ڕیچاردسن ڕۆژی ١٠/١٠/ ١٧٣٩ دەستی بە نووسینی ئەم ڕۆمانە کردووە و، ڕۆژانە ٣-٤ هەزار وشەی دەنووسی و ، لە ڕۆژی ١/١٠/ ١٧٤٠دا لە نووسینی ئەم ڕۆمانە بووەتەوە و، قەوارەی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە نزیکەی ٢٠٠ هەزار وشە.... کاتی ئەم ڕۆمانە لە مانگی ١١ی ساڵی ١٧٤١ دا چاپ کرا وەهای لە ریچاردسن کرد بە ڕێکەوت ببێتە باشترین نووسەری ئینگلتەرا،..بروانە : كولن ولسن - فن الروايە، ت: محمد درويش، دار الحريه للطباعه، بغداد، ١٩٨٦، ل ٣٣

٧- والتر الن - الراوية الانجليزية، ت: صفوت عزيز جرجيس. مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، بلا عام طبع، ل ٣٦

٨- ارنولد كيبتل - مدخل إلى الرواية الانجليزية ل ٥٥

٩- جیرڤانی پۆکاشیۆ (١٣٣٠- ١٣٧٥) ئەم بەرهەمەی (دیکامیرون-Decameron) لە ساڵی ١٣٤٨ دا نووسیووە، وشە دیکامیرۆن لە زمانی لاتینی و ئیتاڵی بە واتای (١٠) ڕۆژ دێت، پۆکاشیۆ لەم بەرهەمەیدا (١٠٠) ڕووداوی گێڕاوەتەوە و، بابەتی سەرەکیی ئەم بەرهەمە باسی سەرهەڵگرتنی حەوت کچ و سێ کوڕ دەکات لە شاری فلۆرنسای ئیتاڵی بەرەو لادێ پاش بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعون لەنێو شارەکەیان، لە گوندەکە لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون هەر یەکێکیان چیرۆکێک بگێڕێتەوە، لە ئەنجامی مانەوەیان بۆ (١٠) شەو (١٠٠) چیرۆک دێتە ئەنجام، پۆکاشیۆ جگە لەم بەرهەمە چەند بەرهەمێکی دیکەی هەیە. وەکو ڕۆمانی (فیلۆکولو) و ڕۆمانی شیعری (تیسکاید- Tescide) و کتێبی (فیلۆستراتر و- Filo Strato) بروانە: کتێبی هنریَ داناتوماس- اعلام القصە الغربیە، ت:یوسف عبدالمسيح ثروه، منشورات دار الرواد، مطبعه الأيام. دمشق. بلا عام طبع، ل ٢-٧

١٠- الرواية وصنعة الرواية، ت: سامي محمد. الموسوعة الصغيرة، ع/٩٩، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨١ ل ١١

١١- هەمان سەرچاوە ل ٩ -١٠

١٢- كولن ولسن - فن الرواية، ت: محمد درويشل ٢٤١. هەروەها لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا وەرگێڕ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا: ئەم دەقە هەندێ تەنگوچەڵەمەی ناوەتەوە گرنگترینیان ئەوەیە: فەسڵی یەکەمی بە زمانێک نووسراوە کۆنترە لە وەی لە فەسڵەکانی دیکەدا هەیە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٤٩٩ دا

دەرچووە و... لە چاپی ساڵی ١٥٢٠ دا فەسڵەکانی زیاد کراوە و بووەتە شانزە فەسڵ. لەوەش دەچێ زۆربەی رەخنەگران لەسەر ئەوە رێک دەکەون، کەوا ئەم بەرهەمە، تەنیا فەسڵی یەکەمی نەبێ، لە نووسینی فرناندۆ دیۆجاسە".

- میگیل سرفانتیس سافیدار (١٥٤٧- ١٦١٦) هاوچەرخی شکسبیری بووە، لە ساڵی ١٦٠٥ دا بەشی یەکەمی ئەم رۆمانەی نووسیوە و، لەبەر سەرکەوتن وەدەستهێنانی لەنێو جەماوەردا، لەیەک ساڵ چوار جار چاپ دەکرێ و، بۆ زمانەکانی دیکە وەردەگێردرێت، هیچ پاداشتێکی وەهای بەدەست ناکەوێت، لە ساڵی ١٦١٥ دا دووەم بەشی رۆمانکە دەردەچێ و، هەمان سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ.. بڕوانە : د. محمد غلاب- الحركة الروائية في اوروبا مطابع الدار القومية، القاهرة، ١٩٦٠، ل ٣١


١٤- بوريس سوتشكوف _ المصائر التاريخية للواقعية، ترجمة محمد عنان واكرم الرافعي، دار الحقيقة، بيروت، ١٩٧٤، ل ١٣

١٥- دناو هنري توماس _اعلام القصة الغربية، ت: يوسف عبدالمسيح.ج ١، مطبعة الايام دمشق، بلا عام طبع، ل ٣٧

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣

١٧- كولن ولسن – فن الرواية، ت: محمد درويش، ل ٥٨

١٨- ف. كوزينوف – الرواية ملحمة العصر الحديث. ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ل ٣٧

١٩- رشدي رشاد- فن القصة القصيرة. دار العود بيروت. ط /٢، ١٩٧٥، ل ٧

٢٠- هەمان سەرچاوە ل ١٤

٢١- رولان برۆنوف وریاڵ اوتيليه – عالم الروايه ل ٦

٢٢- د. مكارم العمري _ الرواية الروسية في القرن التاسع عشر ل٤٠

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨

٢٤- ايان وات – ظهور الرواية الانجليزية ل ٧

٢٥- هەمان سەرچاوە ل٩

٢٦- الا هو-حوار في الرواية الجديدة، ت: نزار صبري، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد، ١٩٨٨ ل ١٨

٢٧- محمد رفيق توفيق – الواقعية في ادب غسان كنفاني، اطروحة ماجستير، جامعة بغداد. كلية الاداب، ١٩٨٣، ل ١٨٢

٢٨- جورج لوكاش – الرواية كملحمة بورجوازية، ت: جورج طرابيشي، دار الطليعة للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ل ٩٨

٢٩- هەمان سەرچاوە ل ٥٢

٣٠- عبدالرحمن الباشا – الرواية الكردية، ل ٩١

٣١- هەمان سەرچاوە، ل ٩١

٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ٩١
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل ٩١
٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ٩٥
٣٥- هەمان سەرچاوە ،ل ٩٥
٣٦ – ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، ڕۆمان، چاپی سەییدیان، بێ ساڵی چاپە، ل ٢٥١
٣٧- ئیبراهیم قادر محەمەد لە پەراوێزی لاپەرە(٢٩)ی نامەی ماستەرەکەی، کە بە ناونیشانی (ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا)یە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا دەقی دەسنووسە عەرەبییەکەی ئەم ڕۆمانە لە خاتوو (هند)ی کچی محەمەد عەلی کوری وەرگرتووە، منیش لە ڕێیی ئیبراهیم قادرەوە نووسخەیەکم لە دەسنووسەکە کۆپی کردووە، ئەگەر ڕۆژگاری دەرفەتی بۆ رەخساندم، وەکو دەقی مەسەلەی ویژدان بەزمانی عەرەبی لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل بڵاوی دەکەمەوە.
٣٨- کۆواری رووناکی، ساڵی یەکەم، ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٣٦ ل ٨
٣٩- ئەو ماوەی ١٩٨٦- ١٩٩٥ سنووری نامەی ماستەرەکەم (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا)، کەوا لە ١٩٩٦/٣/٣١ لە بەشێ کوردیی کولێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا تاوتوێ کراو، پلەی نایابی پێ بەخشێنرا .
٤٠- پەرێز سابر محەمەد – بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ١٩٩٣، ل ١٦
٤١ – سێ نامەی ماجستێرەکە ئەمانەن:
– تاهیر محەمەد عەلی– لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف، ١٩٩١
– پەرێز سابیر محەمەد– بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ١٩٩٢
– تالیب محەمەد ئەحمەد – لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود(مەم)، ١٩٩٣
٤٢- پێنج کتێبەکان لەبارەی چیرۆکی کوردی ئەمانەن:
-حوسێن عارف– چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠ ، دار الحریه للطباعه، بغداد، ١٩٧٣
– عومەری مەعروف بەرزنجی– لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، ١٩٢٥- ١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٨
– صەباحی غالب – چیرۆکی کوردیدا، دار الحریة للطباعة بغداد، ١٩٧٩
– حەسەن جاف – چیرۆکی نوێی کوردی. مطبعة علاء. بغداد، ١٩٨٥
– حسین عارف – بیبلیۆگرافیای چیروکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٨٣، مطبعة الثقافة والشباب. هەولێر، ١٩٨٧

لێکۆڵینەوە

# دەروازەیەک
# بۆ ناسینی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە

هێمن عومەر خۆشناو



ئەگەر لە کۆنەوە وەرگر (رەخنەگر – خوێنەر) بە شێوازی جۆراوجۆرەوە دەقیان شی کردبێتەوە و لە ڕێگەی شـیکردنەوەوە هـەوڵیان دابێ لێی تێ بگەن، ئەوا بە گـەڕانەوەمـان بۆ مێـژووی هزر لە ڕۆئاواوە، دەگـەینە ئەو ڕاسـتـیـیـەی بـە زۆری هـەوڵی ئەوە لـە ئارادا بووە، کـە لە دەرەوەی دەق بە دەقـێکی تـرەوە شـیکردنەوە بـۆ دەقـێکی تایبـەتی بکرێ و بە هـەردووکـیـان لە نوێوە دەقـێکی تازە بسازێننەوە. بەڵام ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، وەک لە ناوەکەی دیارە هەڵوەشاندنەوە دەکاتە پێوەر بۆ ناسنامـەی دەق، بە هـەمـان شـێوە هـەوڵی ئـەوە دەدات دەق بۆ خـۆی خـۆی دروست بکاتەوە، ئەمـەش لەو ڕێگەیەی کە نابێ پشت بە بنەوا و تیۆری دەرەکی ببەسترێت، بگرە لەناو خـودی دەقدا ڕاڤـەکە ئەنجام بدرێت و بەو ڕێگەوە دەق هـەڵبوەشێتـەوە و ریشاڵەکانـی ورد ورد بکرێن و سەرلەنوێ ڕوح و تام و بۆنێکی تری پێ بدرێتەوە.

بە مـانایەکی تر شـیکردنەوە و ڕاڤـەی دەق بە پێی مـیتـۆدی هـەڵوەشـاندنەوە ئەوە نییـە بە هـۆی پاڵپشـتیی دەقێکی دەرەکییەوە دەقێک دروست بکەین و دەقە کۆنەکەش هەر بمێنێتەوە، بگرە دەبێ لەناو ئـەو وردەکـارییـەی تێکدان و هـەڵوەشـاندنەوەدا هـەوڵی دۆزینەوەی سـەنتـەر بدەین، ئـەمـەش بێگومـان کـارێکی تـا ڕادەیەک زەحـمـەتە، چونکە بەر لـە دۆزینەوەی ئەو سـەنتـەرە پێویسـتمـان بە دۆزینەوەی هاودژی یان دژکارییە لەناو دەقدا.

دریدا دەڵێ: دەق دەستنیشان نەکراوە و دیاریکراو نییە و کەسێتییەکی جێگیری نییە و هـەروەک بنەوا و سـەرچاوەیەکی جـێگیریشی نییـە.. هـەر خـوێندنەوەیـەک لە خـوێندنەوەکانی دەق، دەبێـتـە پێشەکییەک بۆ خوێندنەوەکانی دوای خۆی.(١)

سـەرچاوەکـان باس لەوە دەکـەن لـەوەتەی دریدا مـوحـازەرەکـەی لە زانکۆی (جـۆن هوبکنز) پێشکێش کـردووە لە سـاڵی ١٩٦٦، لەوە بـەدوا هەڵوەشـاندنەوە گـۆڕەپانی ڕەخنەی لـە بنیـاتگەری وەرگرتەوە و خۆی بووە پێشەنگی مـەیدانەکە، چونکە ڕەخنەی هـەڵوەشاندنەوە توانی ژمارەیەکی بێ کۆتایی دەلالاتی دەقی داهێنان ئامێز بەرهەم بهێنێ، بەمەش هەڵوەشاندنەوە وەک مومـارەسـەیەکی ڕەخنەیی خۆی نواند، چونکە تارمایی بەرەو هەڵدێر چوونـی ڕەخنەی بنیاتگەری ئێسـتاش لە پێش چاومـانە، سـەرەڕای ئەوەی بنیـاتگەری کـاتی خـۆی لە لایەنـی ڕاڤـەی زمـانەوانی بۆ دەقـی ئەدەبی سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، هەروەها توانیبووی شیکردنەوەی دەق بەرەو بنیـاتێکی زمانی ببات، کە لێی پێک هاتووە، ئەمـەش لە گەورەوە بۆ بچووک دەسـتی پێ دەکرد وردە وردە وردەکارییەکانی ناو دەق گـرینگی پێ درا و بـە بچـووکـتـرین دانەی زمـانی (فـۆنیم) کـۆتـایی دەهات، بـەڵام بە دڵنیاییەوە لەو ئاستە تووشی شکست بوو کە مانا لەو بنیاتە زمانییە نەیدەتوانی هەڵبقوڵێ. بۆیە هەڵوەشـاندنەوە هـات تا لە پاڵ ئەو شـیکارییـە ژمـارەیەکی زۆری بێ کـۆتایی دەلالەت بـەدەست بهێنێت.(٢)

## هەڵوەشاندنەوە و فەلسەفە

هەڵوەشـاندنەوە پێـوەندییـەكی بـەتینی لەگـەڵ فـەلسـەفـە هـەیە، چونكە بۆ خـۆی سـتـراتیـجیـیـەكی فـەلسـەفـی هـەیە و لەو بارەوە كـۆی پرۆسـەكە كـە ریشـاڵكردن و تەتەڵەكردنی دەقـە لەسـەر چەند بنەمـایەكی كاریگـەر، كە دەكرێ هەمـوویان دوا جـار خـزمـەت بە نوێبـوونەوە و مـانا هـەڵكڕاندن و دۆزینەوە و كەشـفكردنی دال و مەدلول و جیـاوازی و دواخسـتن بكەن و دەقێكی تازە بخەنە بەرچاو لە دوای ئـەویش یـەكـێكی تر بێت و ئـەم هـەڵوەشـاندنـەوەیە بـەردەوامی پێ بـدات. هەمـوویشـی لە چوارچێوەی بەردەوامبـوونی هزر بەرجـەسـتـە دەبێت، كە ئەمـەش بنەوایەكی گرینگی فـەلسـەفیـیـە، بۆیە (ئەگـەر هـەڵوەشـاندنەوە شیكار و رەخنەگەراییش نەبێت، ئەوا دیارە لە كاتی ئەنجامدانی ئەو پرۆسـەیەدا، سـەرەتا دەبێت دەق شـیكار بكرێ و رەخنـەی ئاراسـتە بكرێت، بۆیە زۆر لە بیریاران و هزرڤانان پێیان وایە هـەڵوەشانەوە شـیكار و رەخنەیە هـەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن، كەواتە هـەڵوەشاندنـەوەگەرایی هەمـوو ئەوانە لەخۆ دەگرێت. شـتێك لە میـتۆد شـتێك لە فـەلسـەفـە، شـتێك لە شـیكاركردن، شـتێك لە رەخنەگرتن، ئەمەش وا دەكات زۆر تەمـومژاوی خـۆی دەربخات و سانا نـەبێت دیاری بكرێت)(٣) كە دوا جار ئەم تەمـومژاوییە راڤەی جۆراوجـۆر دەخاتەوە و ئەم راڤە جیـاوازانەش دەقی نوێتـر بەرهـەم دێنێـتـەوە و لەنـاو چوارچێوەی هزری بـەردەوامـێـتـیدا پێـوەندی هـەڵوەشاندنەوە و فەلسەفە بەتینتر دەكات.

## هەڵوەشاندنەوە بەرەو نەمان بردنی دەق نییە

هـەمـوو تێكدانێكی دەق و دەق بـەرەو نەمـان بردن، ناچێتە چـوارچێوەی چەمكی هـەڵوەشـاندنەوەوە، لەبەرئەوەی هـەڵوەشاندنەوە بە نەرمونیانی هـەنگاو دەنێت و نابێت تەنیا ئامانج لێی هـەڵوەشاندنەوە بێت و بەس، بگرە ئەگـەر لە هەندێ رێبازی تری ئەدەبی جـۆرە ئازادییەكی رەها بە وەرگر دراوە كە رەفتار لەگـەڵ دەق بكات و بە ئارەزووی خۆی دەق تێك بشكێنێ، بەڵام بەپشـتبەسـتن بە میـتۆدێكی دیاریكراو، ئەوا هـەمـان ئازادی بە پێـڕەوانی هـەڵوەشـاندنەوە دراوە، بەڵام دەبێ بـە نەرمـونیـانی و میـانڕەوی بێت و وەرگرەكە بزانێ چۆن هەڵسـوكەوت لەگـەڵ كـەلێن و بۆشـاییـیـەكانی دەق دەكـات و چۆن پڕیان دەكـاتەوە، بەو مـانایەی نابێ پێڕەوی ئەو میـكانیـزمـە بكات كـە دەق ئازار بدات، بەڵام هـەڵی دەوەشـێنێتـەوە لەسـەر بنەوای پێوەندییـەك كە لە زەینی خـۆیدا بەرجـەسـتـە بووە و بۆ ئەوەی دواتر لەو دەقـەدا یەكێكی تر مـانـای تری لێ هـەڵبكرێنێ. نەك لەسـەر بنەوای گـاڵتـە و گەمـەی ئازاد لە دەقدا، لەبەرئەوەی دەبێ وەرگر و خوێنـەر لەسـەر پشتبەسـتن بە پاشخـانی بیری مەعریفی خۆیان و چۆنیـەتی ئاوێتەبوون لەگەڵ دەق و دەرككردن و هـەست بە جیـاوازیكردن بچنە ناو دەروازەی دەق و دواتر بە قووڵاییی دەق شۆڕ ببنەوە و لێكی هـەڵوەشێننەوە.

بەڵام خاڵێكی گرینگتر هـەیە كە دەبێ رەچاو بكرێ، ئەویش ئەوەیە ئەو گاڵتە و گەمە زمانییە بەو



ڕادەیە ڕێی پێ دەدرێ، کە گەمەکردنەکە لەناو خودی دەقەکەدا بێت و نەک نێردراو بێت و لە دەقێکی ترەوە بڕوانێتە دەقەکە، بەم شێوەیە دەق دەبێتە گڵۆپێکی درەوشاوە و بەر پێی وەرگر ڕووناک دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام بدات. لەلایەکی ترەوە بەمە بەتەواوی وەرگر لە دەسەڵاتی دەق ئازاد دەبێت و پشت بە دەقی تر نابەستێ بۆ هەڵوەشاندنەوە و بە گەمە و یارییە هونەرییەکانی خۆی دەتوانێ ڕووناکییەکی تر بە دەق بدا و ستراتیجییەتێکی تر بەرجەستە بکات، کە دوا جار بەم هەڵوەشاندنەوەیە دەق وەکو خۆی لێ نایەتەوە و بۆنوبەرامەی تر دەدات. ئەمەش ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، ئەوەی کە ڕەخنەگری سەر بە هەڵوەشاندنەوە لەبەر یارییە تایبەتییەکانی لە دەق دەگات، جاری وا هەیە ئەوەندە نووسەرەکە لە دەقی خۆی نەگەیشتووە، لەبەرئەوەی ڕەخنەگر بە پێڕەوکردنی چەند بنەوایەکی گرینگ دەقەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و جیاوازی و لایەنە دژەکان دەستنیشان دەکات و چەمکەکانی دال و مەدلول نیشان دەدات. بێگومان خودی کارەکە پرۆسەیەکی فەلسەفیشە بۆ خۆی، چونکە (ڕەخنەگری هەڵوەشانەوە، لەناو کاری ئەدەبیدا دەگاتە مەدلولی وا، کەوا شاراوە و نادیارە لە پشت موفرەدات و دالەکانەوە بدۆزێتەوە، ڕەنگە زۆرجار خودی نووسەریش هەست بەبوونی ئەم دژکارییە نەکات، جگە لەوەش خۆی بە دەق نابەستێتەوە و ئەدەب بە تاکە ڕەهەندێکی تێڕامان فرە بۆچوون بەرهەم دێنێت، فرەبۆچوونیش فرە دەلالەت بەرهەم دێنێت.)(٤)

## هەڵوەشاندنەوە و ئاخاوتن

ئەوەی کەوا هەڵوەشاندنەوەی وەک چەمکێکی هزری گەیاندە ئەو ئاستە بەرزە ئەوە بوو (دریدا) هەر زوو دەرکی بەوە کرد و ئیعلانی ئەوەی کرد، کە نووسین لە ئاخاوتن گرینگترە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە نووسین بواری فراوانتری لەبەرە بۆ ئەوەی پرۆسەی شیکارکردنەوە و ڕاڤەی تێدا ئەنجام بدرێت نەک ئاخاوتن، ئەگەر بۆ نموونە ئێمە دەقی (قورئان)یش بە نموونە وەربگرین، ئەوا

ئەو جیهانە نووسینەی تەئویل و تەفسیرە لە دوای نووسینەوەی قورئانەوە دروست بوو، چونکە بە نووسینەوەی بواری یەکواتایی و یەک تیگەیشتن نەما و تیگەیشتنەکان جیاواز بوون. بۆیە هەتا خوێنەرەکان بمێنن زیاتر خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێ و دەق لە چەقبەستوویی رزگار دەکات و بەرەو نەمری بوونی دەبات و هەموو کات خوێنەر رۆڵ لە تەئویلکردنی دەق دەبینێ, بەمەرجێک بنەوایەک هەبێ بۆ چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوە و ریگەکانی دوای هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی و دەرخستنی جیاوازییەکانی و هەوڵدان بۆ کەشفکردنی کاریگەری و جێکەوت دانان لەسەر ئەوی تر، کە ئەم تەرزە لە رەفتارکردنە لەگەڵ دەق لای زۆرێک لە لێکۆڵەران بووەتە میتۆد و بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە ناوبانگی پەیدا کردووە.

دوکتۆر (محمد عنانی) پێی وایە کە بەکارهێنانی زاراوەی (هەڵوەشاندنەوە) زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە بنەوای سەرەکیی ئەم زاراوەیە لە کارکردندا، کار لەسەر نەمان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێوەندییەکانی زمان لەگەڵ دەرەوەی دەق و دەرەوەی خۆیدا دەکات. لەو بارەوە (دریدا) پێی وایە کەس ناتوانێ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام بدات تاوەکو ئەم سێ زاراوەیە بە تەواوی بەرجەستە نەکات و لێیان تێ نەگات، ئەوانیش هەر سێ زاراوەی (پەرشبوون الانتشار، جێکەوت الاثر، جیاوازی الاختلاف)ن، کە بە هەرسێکیان دەڵێ ژێرخان (البنیة التحتیة).(٥)

ئەگەر بێ و بە قووڵی باس لە هەڵوەشاندنەوە بکەین، دەبێ سەرەتا شارەزاییمان لە ڕێبازی بنیاتگەری هەبێت، لەبەرئەوەی بنیاتگەری سەرەتایەکە بۆ قسەکردن لەسەر دەق، بە مانایەکی تر (لە بنیاتگەریدا لێکۆڵەر راستەوخۆ دەچێتە ناو دەق و لە ژیانی نووسەر و مێژووەکەی لە دەقدا دوور دەکەوێتەوە، وەک بنیاتگەراکان دەڵێن: چەقی جەختکردنەوە ناوەندی دەقە نەک پەراوێز و دەورووبەر test is contest هەروەک بنیاتگەری بە پێ و باڵای خۆی هەڵدەستێ و پەنا بۆ شتی تر نابات، بۆیە پیتێک و دەنگێک بنیاتێکە بۆ خۆی، راناوەکان بنیاتن، بەکارهێنانی کارەکان بنیاتن.... هتد)(٦) ئەمە دەبێتە خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە هەر بۆیەشە زۆرجار تێکەڵییەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت، لەبەرئەوەی (دریدا) لە گوتەیەکیدا لەناو تیۆری هەڵوەشاندنەوەدا دەڵێ **(لە دەرەوەی دەق هیچ شتێ بوونی نییە)**، لەم رووەوە مێژووی ئەدەب لێرەدا ناکەوێتە ناو بواری هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشاندنەوە مێژووی نووسینەوەی ئەدەب بە شێوە تەقلیدییەکە فرێ دەداتە دەرەوە. هەر لەم بارەوە هەتا خوێندنەوەکان زیاتر بۆ دەق بکرێت، تەئویل و راڤە و لێکدانەوەی زیاتر لە خۆی هەڵدەگرێت و بەمەش ماهییەت و روح و تام و بۆنی زیاتر لەناو دەق دەمێنێتەوە و بەتەنیاش وەڵامێکی جێگیر لە خۆیدا بەرجەستە ناکات، چونکە (کۆدی تەئویل ئەو کۆدەیە کە لە چەند یەکە پێک هاتووە و کاری دەربڕینی پرسیارێک بەچەند ئاراستەیەکدا دەبات، گومان و لێڵی دەخاتە سەر وەڵامەکان، ئاراستەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەخاتە روو.)(٧) ئەم گومان و لێڵییەش کەسی دووەم دێت بەبیروڕای خۆی دەیخاتەوە باری راستییەوە و پاشان

کەسی سێیەمیش بە گومانەوە لێی دەڕوانێ و دەیەوێ لە راستی نێزیک بکاتەوە، بەم شێوەیە هەریەکە لە ئاراستەی خۆیەوە دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و لە نوێوە مانایەکی تری بەبەردا دەکاتەوە.

سەرچاوەکان:

- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د. عەبدولقادر حمە ئەمین محەمەد، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە، ڕێبین ڕەسوول ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠
- خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلی)، رێزان ساڵح، کۆواری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٨، ساڵی ٢٠١١
- التفكيكية، النظرية والممارسة، كريستوفر توريس، ترجمة: الدكتور صبري محمد حسن، دار المريخ للنشر، السعودية ١٩٨٩
- التفكيكية من الفلسفة إلى النقد الأدبي، ممدوح الشيخ، سايتي المنتدي العربية.
-البنيوية والتفكيك، الماهية والفوارق، منتدى قسم اللغة العربية...

http:// www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?44609

-التفكيك هل هو مدرسة نقدية: مجدي ممدوح، موقع الحكمة

پەراوێزەکان:

١- دریدا ئەم وتەیەی لە ساڵی ١٩٧٧ وتووە، سەرچاوە: التفكيكيه، النظريه والممارسه، كريستوفر توريس، ترجمة: الدكتور صبري محمد حسن، دار المريخ للنشر، السعودية، ١٩٨٩ ص ١٦

٢- التفكيك هل هو مدرسة نقدية: مجدى ممدوح، موقع الحكمة.

٣- خوێندنەوەیەکی هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی بەختیار عەلی، ڕێزان ساڵح، کۆواری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠١١

٤- جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە، ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٢٦ - ٢٧

٥- التفكيكية من الفلسفة إلى النقد الآدبي، ممدوح الشيخ، سايتي المنتدي العربية.

٦- البنيوية والتفكيك، الماهية والفوراق، منتدي قسم اللغة العربية...

http:// www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?44609

٧- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، لا ١٥٢

باس

# كه خۆشه‌ویستی ده‌بێته هێزی راماڵین

ئا: عه‌بدوره‌حیم سه‌ره‌ڕۆ



## سەرەتایەکی زۆر کورت

ئەم بابەتەم لەبەر هۆکارێک هەڵبژارد بەوەی لەم سەردەمەدا شارستانیەتەکان زۆر بەخێرایی بەیەکدا دەچن و کورد ئەمڕۆ لە هەموو میللەتێک زیاتر هۆگری سەفەرکردنە بۆ چین و چینیەکانیش بەهۆی بازرگانییەوە بەلێشاو روو لە خاکی کوردستان دەکەن، پێشبینیی ئەوەش دەکەم ئەم پێشکەوتنانە پاش ماوەیەکی کەم لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگ بدەنەوە و ژن و ژنخوازی و پرۆسەی هاوسەرکاری لە نێوانی ئەم دوو میللەتەدا ببێتە نەریتێکی ئاسایی، جا ئەگەر بووکێکمان یان زاوایەکمان بە نەتەوە یان بە ناسنامە خەڵکی چین بوو، خۆ دەبێت ناوی چەند شاعیر و نووسەر و هونەرمەندێکی ئەو وڵاتە بناسین. هەر بۆیە بە پێویستم زانی سەرەتا لە شاعیرێکی ناودارەوە دەست پێ بکەم، کە زیاتر لە شەش هەزار بەرهەمی جۆرەوجۆری ئەدەبیی هەیە و ناوی لە ئەنتۆلۆجیای ئەدەبی هاوچەرخی چینیدا تۆمار کراوە و کەمن ئەو ئەدیبە بەختەوەرانەی بەو شەرەفە ئەدەبییە گەورەیە بگەن.

تا ماوەیەکی دوور و درێژی مێژووی مرۆڤایەتی، خۆشەویستی لەلای تێکڕای مرۆڤەکان بەتاک و کۆمەڵەوە، بەهۆی سنووردار‌بوونی ئاوەز و تێڕوانییەکانەوە سنووری سۆزی تێ نەدەپەڕاند، هەر لەبەر ئەو فاکتەرەش بەرهەمەکانی ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانە ئەفراندن بووە لە دووتوێی چیرۆک، داستان، کۆمەڵێک ئەفسانە و شیکردنەوەی بێ بنەما کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت بەجۆرە خورافە و بۆچوونێکەوە موتوربە دەکرا و بەهەموو بیروباوەڕێکەوە کاری تەواوی لەسەر دەکرا. بەڵام لەگەڵ گۆڕانکارییە ژیاری و مەیدانییەکان و گەشەسەندنی بیری تاک و کۆمەڵدا کۆمەڵێک فاکتەری تر هاتنە ئاراوە و بوون بە بنەچی بیری مرۆیی، وەک تەسەوف، ئاین، نەتەوە، سیاسەت و هەموو ئەو بوارە فەلسەفییانەی خزمەتیان بە بیر و بۆچوونی مرۆیی دەگەیاند، جا لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و گەشەکردنەی ئاوەزی مرۆییش خۆشەویستی هێشتا هەر سێبەرێکی دانەبڕاوی فەلسەفە و بیر و بۆچوونە تایبەتەکان بووە.

بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی سەردەمی زانست و هاتنەکایەی دەروونناسی وەک مەسەلەیەکی گشتگیر، خۆشەویستی بوو بە بەشێک لە خوێندنەوەی تاک و دواتر خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا فەلسەفەیەکی تایبەت و ئیستاتیکایەکی سەربەخۆی بۆ خۆی خوڵقاند و بوو بە مەسەلەیەکی بەرفراوان و چەندان رێباز و قوتابخانەی جودا جودای لێ کەوتەوە.

شیعریش هەر لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەمڕۆ رۆڵێکی بابەتییانەی سیحرکاری لە گوزارشتکردن بەتایبەت لە خۆشەویستی گێڕاوە، شاعیرانێک بە بلیمەتی هاتنە ناو بواری ئەدەبییەوە لە کاتێکدا بە تەنیا دەروێشی تاکە مەعشوقەیەک بوون، وەک عەباسی کوڕی ئەحنەفی عەباسی کە هەموو شیعرەکانی هەر بەتەنیا بەباڵای فەوزڤدا وتووە، یان وەلی دێوانە کە عاشقێکی سەرسەختی شەم

بووه و تا دوا هەناسە و بێ دابڕان هەر شیعری بە باڵایدا وتووە، زۆری تریش کە هەناسەیان بەجەستەی خۆشەویستەکانیان دانەمرکاوە پەنایان بردووەتە بەر قەڵەم و وەچەیەکیان لە شیعر ڕۆشن کردووەتەوە. لە بەرانبەردا شاعیرانی وا هەبوونە کە لە هەموو ژیانیاندا عاشق نەبوونە و بەڕێکەوت هاوسەرێکیان بۆ پێک هێنراوە، بەڵام بۆ چەسپاندنی شوێنپێیان لە مەیدانەکەدا عاشقانەترین شیعریان نووسیوە و خۆیان بەسواری ناو مەیدانەکە ناساندووە.

خۆشەویستی ئەمڕۆ لە جیهانی لێوانلێو لە چەندان ئایدیای بە یەکداچووی ئاڵۆزدا گەیشتووەتە ڕەهەندێکی تری دید و بۆچوونەکان، ئەریک فرۆم لە فەلسەفەی خۆشەویستی دەدوێت و چەندان ڕێبازی سەر بەفرۆم و دژە فرۆمیش لە زایەڵە و گەشەسەندندان.

لێرەوە دەچینە سەر دید و بۆچوونی شاعیرێک سەبارەت بە خۆشەویستی لەلای (دۆنگهۆنگ)ی شاعیری چینی کەشوهەوایەکی سروشت ئامێزی هەیە و بەڕەوە سوارێکی دەشوبهێنێ کە بەتەنیا مرۆڤی جوامێر و بەجەرگ بەرگەی دەگرێت، بەتەنیا ئەو کەسانەی وەک چیا سەربەرز و وەک پێدەشتەکان دڵیان فراوانە، کێ دەتوانێت ڕێگری لەو خۆرە بکات کە بەسەر لووتکەی چیا سەرکەشەکانەوە هەڵدێت و وەک ئاسکەیەکی زیوین سەما دەکات، کێ دەتوانێت غوبری ژێر ناڵی چارەوێکان کۆ بکاتەوە و تێکەڵ بە بۆنی چەخماخەی بکات تا نائومێدی و خەمۆکییەکان ڕابماڵێت و ڕێگە بۆ ئەو سوارانە خۆش بکات کە بەناو دڵی عاشقاندا کوڕژن دەدەن و دڵێکی بڵێسەدار پڕ دەکەن لە عیشقی ڕاستەقینەی باڵا و گڕۆگڕۆ بەرهەمی شیعری هەردەم زیندووی تێدا بڕوێن.

**خۆشەویستی بەسوارەیی دەڕوات**

دۆنگهۆنگ*

ئەو خۆشەویستییەی چیاکان لە ئامێزی دەگرن
بەسەر پشتی ئەسپەشێیەکی بەگوڕەوە کوڕژن دەدات،
ئەو کووچە و کۆڵانانەی بەگوڵ تەیمان کراون
بەرگەی لە ئامێزگرتنی ئەو خۆشەویستییەیان نابێت.
بە تەنیا.. چیا سەرکەشەکان.. پێدەشتە بەرینەکان
بەسەربەرزی لە بەردەم هەنگاوەکانیان دەوەستنەوە.
خۆشەویستی ئەوەیە کە جوامێر بیت...
وەک ئەو قەڵبەزانەی بەشەرمنی شیوەکان لە ئامێز دەگرن.
تۆ ناتوانی بخزێیتە مەیدانەکانی ئەم پێشبرکێیە
با خۆر دەرکەوێ و لەسەر ترۆپکی چیا بەهەڵەتەکاندا سەما بکات،
با ناڵی ئەسپەکان چەخماخە تێکەڵ بە بۆنی غوبار بکەن،
با دڵەکان لە کاتی هەڵگیرسانا پێکدا بدەن
تا کڵپەی ئاگر هەڵگیرسێنن.

ئەی ئەوانەی نائومێدی و دەستە و ئەژنۆیی دەتانکوژێت
روو بکەنە پێدەشتەکان و لەم هەڵمەتەدا باربوومان بن،
با دوودڵی و خەمۆکیتان لەناو غوباردا لێک هەڵوەشێتەوە،
با شوێنەواری ناحەقییەکان.. بەزەبرەوە داپاچرێن.
وا خاکێکی بەرفراوان لەژێر پێتاندا رادەخرێت
تا سوارەکانی خۆشەویستی بەسەریا تێپەڕ بن.
خۆشەویستیی بالا..
خۆشەویستیی راستەقینە..
خۆشەویستیی بلێسەدار.

## دۆنگهۆنگ و تەمەنێک لە خۆشەویستی

لە ساڵی ١٩٤٠دا لە گەرمەی هێرشەکانی داگیرکاری ژاپۆن بۆ سەر چین، لە هەرێمی شەنگەهای لە ناوچەی هۆنانی چینی لەدایک بووە. بەهۆی نەداری و هەژاری خانەوادەکەیەوە لە سکی دایکیدا تووشی بەدخۆراکی بووە و تا تەمەنی دوو ساڵی بەتەواوەتی نەکەوتووەتە سەرپێ. بەڵام زمانی زووتر کراوەتەوە و لە تەمەنی چواردە مانگیدا هەندێ رستەی بەجوانی رسکاندووە.

وەک هەر منداڵێکی تر زۆر ئاسایی لە تەمەنی شەش ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن و لە رووی بنیاتی جەستەییەوە زۆر لەڕ و لاواز بووە و کەللەی سەری هێندە گەورە بووە لەگەڵ بنیاتی جەستەیدا نەگونجاو و نائاسایی بووە و هەر بەو هۆیەوە گرۆکان و هاورێکانی ناو قوتابخانە بە "سەرزل"یان ناوزەد کردووە.

بەشمەینەتییەکانی ئەم شاعیرە لە دوای گەڕانەوەی باوکی لە شەڕەوە دەست پێ دەکات، بەوەی دایک و باوکی دەستبەجێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسەرکاری دەدەن و دۆنگی شاعیر بەمناڵی بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە، دایکی دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی و باوکیشی هیچ گرینگی و نازێکی پێ نادات، ئەم رووداوەش دۆنگی ناچار دەکات لە بەشی بێ سەرپەرشتان و باوک مردووانی بەرەی شەڕ لە قوتابخانەدا بمێنێتەوە.

ئیتر لەو سەردەمەدا ئەوەی توانی نازی دایک و سۆزی باوک قەرەبوو بکاتەوە تەنیا خوێندن بووە بەوەی لەم جیهانە دڵڕەق و بێ سەروبەرەیە دەیگواستەوە ناوەندی فانتازیا و جوانییە بەها بەخشەکان. تا رۆژ لە دوای رۆژ هۆگری تەواوی جیهانی وشە بەوشەی سیحرکاری ئەدەب بوو.

بەڵام لە دوای ئەوەی کە گیانی پڕ بوو لە خوێندنەوە و هیچ شتێک لە واقیعی ژیانیدا گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، دەستی کرد بەنووسینی شیعر و خاتیرەی جوان و بەشێوەیەکی کوتوپڕ هاورێکانی پاڵپشتییان کرد تا ئەو نووسینە جوانانە لە رۆژنامەیەکی ناوەخۆدا بڵاو بکاتەوە، هەر بۆیە بە نابەدڵی و ئومێدێکی بارگاوی بە نیگەرانییەوە هۆنراوەکانی لە رێگەی مامۆستایەکییەوە دەنێرێتە یەکێک لە دەزگاکان. بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی خۆی شیعرەکانی بەزووترین کات بڵاو

کرانەوە و هەر لەو ساتەوەختەوە پێوەندی بەچەندان رۆژنامە و کۆوار و بڵاوکراوەوە کرد و بەردەوام نووسراو و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بڵاو دەکردەوە و لەو رۆژەوە خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە ئەستێرەیەکی ناوداری بواری ئەدەبی.

لە ئابی ساڵی ١٩٥٩ دا چووە ریزەکانی سوپا و لە ناوچەی کینگیانگ بوو بە وەرزێری کێڵگەیەک لە کێڵگەکانی سوپا و بوو بە کەسێکی بەرهەمهێنەر و ژیانێکی سەختی بەسەربرد و لە رێگەیەوە فێری بەرگریکردنی ناخۆشی و دژوارییەکانی ژیان بوو.

پاش چەند ساڵێک هەر لە رێگەی سەربازییەوە چووە بواری ڤێرنتاری و بوو بە پزیشکێکی لێهاتووی ئەو بوارە و لە جەمەلۆنێکی حوشترەوانیی سەربازیدا کاری پشکنینی بۆ ئەو ئاژەڵانە ئەنجام دەدا کە بۆ ریزەکانی سوپا وەک ئارزووخە سەر دەبڕان.

بەهۆی پێوەندیکردنی بەخەڵکانی دەوروبەریەوە لە بیابانی کلیماکان و بانی تەومۆر لەوێوە خۆشەویستیی خەڵکی ناو هۆز و خێڵەکانی چووە دڵ و پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ سەربازە بەرهەمهێنەرەکانیش پەیدا کرد.

خەمەکانی دنیای سروشت و باوبۆران و بەستەڵەک و رەشەبا بەهەمەجۆرییەکی سەیرەوە هەوێنی ژیانێکی سەخت بوون و لەگەڵ ئەزموونە ئەدەبییەکانیدا موتوربە کران و کاریان کردە سەر کەسایەتی و ریشەی ئارەزوویەکی سەیریان لە توێی ئەم کەسایەتییە داهێنەرەدا چاند. دەستی کردە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە زیاتر لە بیست رۆژنامە و بڵاوکراوەی چینیدا، کە ناودارترینیان (ئەدەبی جەماوەر) بوو. بەماوەیەکی کورت و لە ساڵی ١٩٦٥ دا بوو بەیەکێک لە ئەدیبە ناودار و سەرکەوتووەکانی چین و بەمەبەستی بەشداری پێکردنی لە کۆنفرانسی نیشتمانی ئەدیبە گەنجەکان بانگهێشتی پەکینی پایتەخت کرا.

لە ساڵی ١٩٦٦ دا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی رۆشنبیری، کە سەرانسەری ئەو وڵاتە پان و بەرینەی گرتەوە دۆنگهۆنگ لە خۆڕا بەلادەری ئەدەبی تۆمەتبار کرا و هەر بەو هۆیەوە ماوەیەک بە زویری و گۆشەگیری رۆژگاری خۆی دوور لە ناوەندی ئەدەبی گوزەراند.

لە ساڵی ١٩٧١دا ناسیاوی لەگەڵ چەند تیپێکی هونەری پەیدا کرد و چەندان شیعری ئۆپەرێت و شانۆنامەو لیریکی نووسییەوە و بەو هۆیەوە توانی هەندێک گەشە بە چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆی بدات و سەرلەنوێ هەست بە بووژانەوە بکات.

پاش تەواوبوونی شۆڕشی رۆشنبیری، ئەدەب و هونەری چینی سەرلەنوێ بووژایەوە، ئەوسا دونگهۆنگ لە شاری ئەکسۆی خوارووی کینگ یانگ، کە شارێکی بچووک و دوورەدەست بووە و پێوەندیکردنیش لەو شوێنەوە بە گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەدەب و رۆشنبیری کارێکی نیوچە مەحاڵ بووە. هەر بۆیە لە جیهانی زانیاری و بەدواداچوون دابڕاوە و لە ساڵی ١٩٨٥دا پاش ئەوەی دەگوازێتەوە شاری (یۆرمۆگی) دەست بەخوێندنەوە دەکات و بەرهەمی چەندان بواری جیاجیا لە ئەدەبی بەراوردکاری دەخوێنێتەوە و بۆی دەردەکەوێت کە خودی خۆی زۆر لەگەڵ ئەو سەردەمەدا

جیاواز بووه کە کار و چالاکیی ئەدەبی تێدا کردووە، ئەم دانپێنانەی لە سەرەتای چەندان دیوانی شیعریدا دووبارە کردووەتەوە.

هەر بۆیە پاش خۆماندووکردنێکی بێ وچان لە گەیشتن بەجیهانی ئەدەبی هاوچەرخ سەرکەوت و زیاتر لە هەزار و دووسەد پارچە شیعری لە سەدان کۆوار و رۆژنامەدا بڵاو کردەوە و پاش ئەو ناوبانگە زیاتر لە شەست هۆنراوەی دۆنگ بۆ ئەنتۆلۆجیای شیعری هاوچەرخی چینی هەڵبژێردرا، کە یەکێک لە نەریتەکانی ئەو ئەنتۆلۆجیایە وەرگێرانیەتی بۆ سەر دەیان زمانی زیندووی جیهانیی.

شیعر لەلای دۆنگهۆنگ هێمای ئەزموونەکانیەتی لە ژیانی تایبەت بەخۆی و گوزارشت لەو هەست و سۆزانە دەکات، کە لە ژیانی سادەیی جوتیار و ماڵدار و ئەو کرێکارانە دەکات کە لە سنووری پەراوێزخراوی وڵاتدا دەگوزەرێن، کە سەر بە چەندان نەتەوە و ئاین و ئیتنی جیاجیان، بەڵام بەهۆی هاوخەمی سەختی ژیان و هەژارییەوە دەگەرێنەوە سەر یەک توێژ، ئەویش مرۆڤبوونە. لێدوان بەناو میللەتێکی کارامە روحی زیندووی شیعرەکانی دۆنگهۆنگ بووە. هەر بۆیە لە رێگەی شتە هەستپێکراوەکانەوە جوانییەکانی بەدیدێکی تر دەدواند، جوانیی ناو سەختیی ئازارەکانی ژیان. باڵاَرێکی و خودپوختی بەتەنیا لە بەرگری و سەرکەوتنەکاندا بووە. هەر لەو روانگەیەوە دەڵێت:

"شیعری راستەقینە رەنگدانەوەی تەواوی روحی شاعیرە و ئامانجیش لە شیعر هەستکردنە بەو ژیانەی کە لە رۆژگارێکی پڕ لە گۆرانکاری بەردەوام لە هەر جێ و شوێنێک بێت هەر کارایە، شیعر ئەو پردەیە کە دڵی شاعیر بە دڵی خوێنەرانی دەگەیەنێت، شیعر رێگەیەکە شاعیر دای دەرێژێت و خوێنەر پێیدا دەروات، هەندێک جار بە هەڵگژان بە هەورازی سەختدا ماندووی دەکات، جاری واش بووە کە بەنشێوێکدا بەدووی هەست و سۆزێکی تایبەتدا خوارە رۆی دەکات، بێگومان مرۆڤگەل هەن لە کات و شوێنی بێ سنووردا رادەبوورن. مرۆڤ هەزاران ساڵە گەمەی مەرجەکانی بەمرۆڤبوونی خۆی دەکات و کەس ناتوانێت بە هەڵهاتن خۆی لێ رزگار بکات. جوانترین شیعر ئەو قەسیدە کاریگەرانەن کە شاعیر لە ناواخنیدا هەڵی دەگرێت تا بە ئازارەوە پێی دەگەیەنێت. شیعر شوێنی خۆی لە نێوان فیکر و مادەدا دەکاتەوە، لە نێوان بەردەوامیی ژیان و ناکامی مردن، لە نێوان بینراو و نەبینراو، هەست روحی شیعرە و خەیاڵ کەرەستەی دروستکردنیەتی، نهێنیی شیعر لەوەدایە کە بۆ هاوسەنگییەک دەگەرێت لە نێوان بیرۆکە و وێناکردنەکاندا. ئاسمان و مرۆڤ، پڕبوون و خاڵیکردنەوە، گەردوون و بزووتنەوەی بەردەوام و ئەزەلی، لە نێوان (یانگ)ی رێچکەی نێرینەیی و (ییەن)ی رێچکەی مێینەیی، لە نێوان راست و هەڵە، کرۆک و رووکەش.

رێگەی سەختی ئەدەب هەرگیز کۆتایی بۆ نییە و لەزەت لەوە دەکەم، کە تا دوا هەناسەم لەم کاروانە دانەبڕێم.

* دۆنگهۆنگ: جێگری سەرۆکی یەکەتیی نووسەرانی کینگ یانگ و یاریدەدەری سەرنووسەری کۆواری (مێرگ)ی چینییە لە پەکین.

وتار

# زمانی شیعری و شوناسی ژنێتی

نیهاد جامی



"ئەوەی کە من بە نیوەی تەمەنم سەندم/ کچێکی تر، بەدەرخستنی لاسکی ستیانەکەی وەری گرت!/ ئەمە تاڵترین نوکتەیە بۆ پێناکەنی عەزیزم"

ئایا پێوەندییەک هەیە لە نێوان زمان و شوناس؟ ئاخۆ ئەو پێوەندییە توانای ئەوەی هەیە ببێتە گوتارێکی سەربەخۆ؟ کامەیان بەشداری لە نووسینەوەی ئەوی تر دەکات؟ پێوەندیی نێوان ژن وشیعر چییە؟ ئاخۆ ژن و شیعر دەچنەوە سەر زمان وشوناس؟

ئێمە لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە مەبەستمان نییە بەتەنیا وەزیفەیەکی تیۆریی لەناو نووسین بنیات بنێین، هێندەی مەبەستمانە لەودیو پێوەندیی نێوان زمان و شوناس بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ژنێتی لە شیعری کەژاڵ ئەحمەد بەوەی ئاخۆ ئەو شاعیرە توانای ئەوەی دەبێت لە ڕێگەی زمانێکی ڕەگەزییەوە بەدوای شوناسی ژنێتی بگەڕێت؟ تاچەند ئەو زمانە دەتوانێ بەشداریی بکات بۆ لەدایکبوونی پێوەندیی نێوان شیعر و ژن؟ ئاخۆ ئێمە ئەزموونێکمان هەیە کە ئەزموونی مێینەتی بێت؟

دیارە ئەوەیان بەمەبەستی پۆلینکردنی ئەدەبی ژن نییە، بگرە گەڕانە بەدوای ئەزموونی ژنبوون، ئەگەر دەستەواژە هایدگەرییەکە وەربگرینەوە کە زمان ماڵی بوون بێت، ئەوە بوونی شاعیر بوونێکە وا بەستەیە بە زمانەوە، بەڵام زمانێک لەناو چەندان ئاستدا گەشە بە خۆی دەدات، بەواتای ئەوەی ئەوە زمانێکی یاخی نییە دێت بۆ وەدەستکەوتنی شوناسی ژنێتی، بگرە زمانێکە ئەوەی شوناس دەگۆڕێت پێوەستە بە ئاستە جیاوازەکانی ژیان، ناکرێ نەریت شوێنی شوناس بگرێت، ئەو نەریتەی بووە بە شوناس، دەبێ بڵێین ئەو شوناسە پێوەست نییە بە تەواوی قۆناخەکانی ژیان، بگرە پێوەست بووە بە قۆناخێکی دەست نیشانکراوی عەقڵی مرۆیی.

لە سەرەتای نووسین ئێمە لە بەرامبەر ئەزموونێکی یاخیگەرانە نین، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا لەناو ئەزموونێکداین ئەزموونی مێینەتییە، ئەزموونێکە سەرەتا لە دەقی "ئافرەتێک بە چرپە وتی" دەبینین ژانی ئەو ژانی ژنێکە، کە ئەگەر ژنەکە بمرێت ئەویش دەمرێت، بۆیە ستایشکردنی ژن لەو دەقەدا ستایشکردنی جوانی نییە، جوانی بەو پێوانەیەی کە لەناو سیما ڕووالەتخوازییەکانی جەستەدا کۆکراوەتەوە، لەبەرئەوەی جوانییەکە لەناو گێڕانەوەی زمانی نێرایەتی دەرنەچووە و ناتوانێ مێژووی برینی ژن بنووسێتەوە، بۆیە شاعیر زمان لە ستایشەوە دەگۆڕێت بۆ برین، بەڵام برینێک کە ئەوەیان برینی هەڕەشەکردنە لە جوانی، بۆیە ئەگەر پیاو بیەوێت ستایشی جوانی بکات، دەبێ بەتەنگ ئەو هەڕەشەیەوە بچێت کە بێدەنگی ئەو دەشێ جوانی بکوژێت.

"من بەبێ تۆ گورگ ئەمخوات/ تۆش بەبێ من/ توانات نابێ خۆر دابگری / گێژاوەکانی سەر زەمین لوولان ئەدات/ دەستم بگرە/ با ون نەبم/ با ون نەبیت" وتەکانی وتن لا ١٢، بۆیە ئەگەر قسەکردن لە ئەزموونی ئەو شاعیرەمان قسەکردن بووبێت لە دەنگی ژنێکی تووڕە، بەرادەی ئامادەنەبوونی پیاو لەو گوتارە شیعرییەدا، ئەوە هەڵەیەکی تێگەیشتنە بەوەی ئەو گوتارە بانگەشەی بۆ پێکەوەبوون کردووە، بەڵام بە پەراوێزخستنی بووەتە هۆی ئەوەی بانگەشە بۆ فەردانیەتی ژنێتی بکات، چەند ژنێتی فاکتەرێکی ناو ئەو گوتارە شیعرییە بێت، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە ئەوەی ژن و شیعر بەیەک دەگەیەنێت عەشقە، عەشق لەناو زماندا ئامادەبوونی هەیە، ئەو ئامادەبوونە ساتی بەریەککەوتنی زەمەنی شیعری و سەبجێکتی ژنێتییە

"خۆت دوور بگرە/ لەو ئاگرە/ من بیم بە خۆڵەمێشیش/ بەختەوەرم/ ئەگەر تۆ بمێنیتەوە" لا ١٩

بۆیە ئەگەر لە سەرەتادا داوا لە خۆشەویستەکەی بکات کە دەستی بێنێت تا بی کوشێت، بەر لەوەی وەک ژان دارک بیسووتێنن، بەڵام دواتر کاتێ ژنێتی خۆی لەناو شیعردا دەبینێتەوە، ئەو ساتە مانەوەی خۆشەویست و خۆڵەمێش بوونی خۆی بە بەختەوەری تەفسیر دەکات، بەڵام دیسان ئەوە شکستی عەشقە، یا بە مانایەکی تر ئەوە بەتاڵبوونەوەی ئەو وێنە وەهمییەی خۆشەویستە وا دەکات کە ئیدی پیاو بەلایەوە تەنیا کائینێکی نەرسیسی بێت نەک عاشقێک کە خەونی گۆڕینی دنیای هەبێت، ئەوەش تەنیا بە ئاگاهاتنەوە نییە لە یۆتۆپیای عەشق، بگرە بە ئاگاهاتنەوەیە لە دنیا لەوەی ژیانی ناو عەشق و شیعر هەموو ئاماژەکان تێیدا دەلالەتی گوڵ دەگەیەنن ئەوەش جیاوازە لە ژیانێک کە لەناو نەرسیسیەتی پیاو ئاماژەکان


کەژاڵ ئەحمەد

بەرهەمهێنەرەوەی دەلالەتی سەگ دەگەیەنن، هەڵبەت ئەوەش دەلالەتە بۆ شەڕفرۆشتن بەجوانی و ناشیرینکردنی جوانییەکان، ئەوەش بۆ کەژاڵ ئەحمەد بووەتە هۆی ئەوەی پرسیاری ئەوە بکات کە تا ئازاریان پێی نەگیاندبێ نەیزانیوە ئەوانە مرۆڤن یا زەردەواڵەن، تەنانەت ڕەفزی باڵیش دەکاتەوە بۆ فڕین، لەبەرئەوەی ئەو کە بڕوای وایە عەشق وای لێ کردووە گوڵانە تێبفکرێ پێویستی بە باڵ نییە، بگرە باڵ بۆ ڕاکردنە لە دنیایەک کە گەمە ناشیرینەکان ئاشکرا بووبن، ئەوەش بۆ سەگە نەک بۆ گوڵ.

ئەو دەروازەیە دەمانگەیەنێتە ئەوەی لە پشت فاکتەری یاخیبوون، ئەوە ژنێتی نەبوو بەدژی پیاو وەستایەوە، بگرە ئەوە خیانەتکردنی پیاو بوو لە عەشق، کە بووە هۆی ئەوەی شاعیرەکەمان تووڕە بکات، دیارە خیانەتکردنی پیاو چەمکێک نییە خاوەن دەلالەتی ڕەها بێت، دیارە ئەو چەمکە بۆ ژنیش هەڵگری هەمان مانایە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە نووسینەوەی ئەو یاخیبوونە و ئەو فاکتەرەیە کە لە پشت ئەو ئەزموونە شیعرییەوە ئامادەیی هەیە.

بۆیە شوناسی ژنێتیی شاعیر شوناسی عاشقێکە، بەڵام بەدوای ئەو یاخیبوونە بەرەو ڕووی شوناسی کچە شاعیرێک دەبینەوە بەوەی یاخیبوون هەمان بەرەنجامی ئەنتیگۆنایانەی هەیە، لەبەرئەوەی پشت دەکاتە دەسەڵاتی موقەدەس، موقەدەس بەو مانایە نا کە تەنیا دەلالەت لە تەوتەمی پیرۆزی ناو ئاین بکات، بەڵکو موقەدەس بە مانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی، ئەو سیستەمەی کە ناوی ناوە ئاکاری کوردی، ئاکارێک کە پێوەستە بە نەریتێکی خێڵەکی، کە بووەتە بنیاتی پێکهاتەی خێزانی کوردی، ئەو یاخیبوونە لە موقەدەس پێوەندیی نێوان زمان و شوناس دەباتە ئاستێکی ڕۆشنتر بەوەی گەشەکردنی بنیاتە پێکهاتەکانی زمان هێزی مانەوە بە خۆی دەدات، هێزی بوون و خۆنوێکردنەوەش دەداتەوە بە شوناس.

شوناس لەو ئەزموونە شیعرییە بۆچی دەگۆڕدرێت؟ دیارە ئەگەر شوناس پێوەست بێت بەچەندان بنەوای کۆنکرێتی لە جۆری زمان و ڕەگەز، ئەوا ئاکار و بیرکردنەوە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی بەهیچ جۆرێک ناچنە ناو شوناسەوە، بگرە ئینتیماکردنیان بۆ شوناس مانای بە کۆنکرێتبوونیان نییە، بۆیە لە هەر گۆڕانێکی ئەم واقیعە و گەشەی کۆمەڵایەتی ئەوا دەشێت ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئەگەر بوون بەشێکی دیار لەناو شوناس دەستنیشان بکات، بەڵام ئەو بوونەی لە ژن ڕۆژگارێکدا وابەستە دەبێت بە سیمبولێک لە ڕۆژگارێکی تردا دوور نییە ئەو سیمبولە بە تەواوی سەردەمی بەسەر بچێت و کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە.

ئێستا با بەرەو پرسیارەکەمان بگەڕێینەوە: ئەو شوناسە لەناو نووسین بۆچی گۆڕانی بەسەردا دێت؟ کاتێ شوناسی ژنێتی لەم ئەزموونەدا شوناسی کچێکی عاشقە کە لەناو زماندا ئامادەیی بوونە خۆڵەمێشی هەیە لە پێناو مانەوەی دۆست، بەڵام ساتەوەختی یەکەم سەیرکردنی ژنێتی و بێ بەهاکردنی خود دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەی ژنێکی عاشق تێک بشکێت، بەرەو ژنێک کە بەدوای مانای ڕەگەزێتی ژنێتییەوە بڕوات، ئەو کاتەی شوناس لە ڕێگەی زمانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، ژن و شیعر دەکەونە ململانێیەکی تر، ململانێیەک کە لەناو کتێبی ژن خۆیان ڕێک دەخەنەوە، کتێبی ژن بەو مانایەی کە ژن و شیعر بەیەکەوە دەقێکی جیاواز لەناو یاخیبوون دەنووسنەوە.

بەگژداچوونەوەی موقەدەس لەناو یاخیبوونی ئەو گوتارە شیعرییە تێکشکاندنەوەی دەلالەتی ئاینییە بەرەو بنیاتنانی دەلالەتی سەردەمیانە، ئەوەش بە مەبەستی خوڵقاندنی فرە ماناییە بۆ پاکیزەیی، مریەم ئەگەر لەناو چیرۆکی ئاینی ئاماژە بێت بۆ ژنێکی پاکیزە پاکیزە کە لە ڕێگەی پەرجووەوە مەسیحی دەبێت، ئەو ئاماژە ئاینییە کێشەی لەگەڵ دەلالەتی ڕابردوو هەیە و دەیەوێ خودی شاعیریەتی خۆی بە پاکیزەتر و بەڕەحمتر بخاتە ڕوو، ئەوەش جیابوونەوەیە لە دنیای پیاو بەوەی لە عاشقێتییەوە بەرەو شوناسی ژنێکی پاکیزە دەچێت، پاکیزەیی بەپێی ئەو مانایە نا کە دەسەڵاتی موقەدەسگەرا ئاماژەی بۆ دەکاتەوە، بگرە پاکیزەیی تێکشکاندنی دیدی خورافییانەی ئاین و کۆمەڵگەیە بۆ ئاکار، شەرم نەکردنە لە باوەشی ئەوی تر، ئەوەش پێویستیی بە هیچ گەمەیەکی زمانەوانی و داپۆشینێک نییە **"کە باخەڵی ئەوم دیبێ/ بۆ ناوم لێ بنرێ (عذراء) ؟؟"** بەندەری بەرمۆدا لا ٦.

لێرەوە زمان لەناو بنیاتەکانیدا جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ مریەم دەست پێ دەکات، هەر بۆیە دەق عیسایەکی وەهمی بە خۆی دەدات، هەموو پرسیارەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەو منداڵە وەهمییە دەخاتە ڕوو، نەک بەوەی خۆی بشوبهێنێ بە مریەم، لەبەرئەوەی دواجار مریەم دەتوانێ منداڵەکەی بداتە دەست یەزدان، کەچی ئەو ئامادە نییە ئەو کارە بکات، ئەوەش بەمەسەلەی دایکایەتی دەبەستێتەوە، دایکایەتی چەمکێکە هەڵگری دیدی جیاوازە لای تەواوی فەیلەسووفانی فێمێنیستی، ئەگەر سیمۆن دی بۆفوار بە کۆیلەبوونی ژن سەیری بکات، لە پاڵ ئەوەشدا بۆچوونێکی تر هەیە کە ژۆلیا کریستیفا نوێنەرایەتی تیا دەکات، بەجیاواز لە مەسەلەی دایکایەتی دەڕوانێ، تەنانەت ئەو چەمکە بە پێویستییەکی ژن سەیر دەکات.

شوناس لەناو زماندا دەیەوێ سەنتەری زمانی باو لێک بترازێنێت، لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنی لەو سیستەمەی کە گوتاری نێربوونی بەرهەم هێناوە، گوتارێک لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە نیتچە دەیەوێ بەدژی ئەو گوتارە بوەستێتەوە، دیارە ئەوە ڕەخنە نییە لەو فەیلەسووفە هێندەی گەڕانەوەی شاعیرە لەناو گەمەیەکی شەهرەزادیانە بەوەی بوونی شەوێک لە میکاڤیلیەتی ژنانەی توانای ئەوەی هەیە حەقیقەتی لا بگۆڕێت بە ماچێک، بەوەی ئەو ماچە بکات بە حەقیقەت.

ئەو دیدگایە چەندە دەشێ وەک دیدێکی دژە گوتاری هەڵچوو سەیر بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی دیدگایەک نییە بەتەنیا هەڵگری ڕەخنەیەک بێت لە دیدی فەیلەسووفێک هێندەی ڕەخنەیە لە سیستەمی ئەو عەقڵە، بۆیە نیتچە لەناو ئەو ئەزموونەدا تەنیا وەک دەزگیران سەیر دەکرێت **"نیتشە نەبوو../ نەخێر خاوەنی ئەڵقەکەی پەنجەم بوو"** لا ٧١.

سەربارى ئەو ڕەخنەگرتنە ئەوە بەو مانایە نییە کە سەربارى دۆڕاندنی جەوهەری عەشق لای شاعیر، بەڵام عەشق پرۆژەیەکی ڕەتکراوە نییە، بەڵکو پرۆژەیەکە دەشێ لە تەمەنی عەشقێکدا مێژووی شکست یەکسان بێت بە مێژووی ئەو عەشقە.. نەک تەواوی عەشق، بەڵام دەشێ گومانێک هەبێت، گومانێک کە لەناو قەسیدەی "بەرد باشترە" دا دەبینین، ئەوا گومانە لە زمانی ناو دەقی "ئەرا پیاوێکی سوریالی" وەسفی زمان دەچێتە ناو پرۆسەی گومانەوە، بەوەی بەرد لەو پیاوە باشترە، پیاوێک کە پێشتر عەشق وای کرد بە ساحیرترین پیاو ناوی ببات، پەپوولە پێی بڵێت کە ئەو گوڵە و کەچی گومان گوڵی پەپوولە بە پیاوێک وەسف دەکات کە بەرد لەو باشترە، لەبەرئەوەی دنیایەک کە ئەو دەیویست زەمانی شاعیر بوون و خەڵکی شیعری کە هەڕەشەی مەرگ تێدا نەبێت، ئەوەش گومانە دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بڵێت **"تاقەتم چوو/ دەمەوێ بە عەشق بڵێم خودا حافیز/ بەرد باشترێکە لە مرۆڤ"** لا ١٢٤.

ئەو تاقەتچوونە بەگژداچوونەوەیە بەتەواوی حیکایەتەکانی عەشق شەڕکردنە لەگەڵ ڕابردوو، ڕەخنەگرتنە لە خود بەوەی مادامەکی ئەو هەڵگری روحێکی تەنیایە ئیدی ئەو گەمانە چ مانایەکیان دەبێت لە نێوان تەنیاییی ئەو و بەبەردبوونی دۆستەکان **"من هەر تەنیام/ لەبەرئەوەی بەرد باشترە لە شەهرەیار"** لا ١٢٨، بەڵام دەبینین لە دیوانی "قاوەیەک لەگەڵ ئەودا" عەشق لای کەژاڵ پرۆسەیەکە بۆ بەردەوامی و نووسین و خەیاڵ، هەر بۆیە هەمان بەرەنجامی شیعری جارێکی تر خۆی بەرهەم دێنێتەوە، هەرچەندە دەلالەتی شیعری لەو ئەزموونەدا تەواو جیاوازترە لە دەربەندی بەرمۆدا، بەوەی قاوە ئاماژەیەکە لە ئەڤینی دۆستەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئەڤینی نیشتمان.

قاوە ئاماژەیەکی ناو زمانە بەوەی دەبێتەوە بە دەلالەتی خۆشویستن، بە کۆی ئەو ئەزموونەی کە یادەوەری خود پێک دێنێت لە بەرامبەر دنیا، بۆیە ئەو ئاماژەیە دەلالەت لە خۆشەویستییەوە دەگۆڕێتە سەر بەختەوەری بە مانای ئەوەی ئەگەر لە تێڕوانینێکی سیمیۆلۆجیانە سەیری ئەو ئاماژەیە بکەین، دەڵێین قاوە ئاماژەیەکی ناو زمانە کە بۆ خود خوڵقاندنی دالێکە بۆ خۆشەویستی، لەناو دەق ئەو دالەی خود دەلالەتی بەختەوەری دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی تەنیا پێوەندیی خۆی لە تەک ئەو ئاماژەیە (قاوە) دروست ناکات، هێندەی ئەو ئاماژەیە پێوەندییەکی ترە بە ئەوی تر و

دواتر ئەو ئاماژەیە توانای پێدانی ئومێدی هەیە، ئەوەش بەر لە بەختەوەربوون پرسیارکردنەوەیە لە خود **"من قاوەیەکم خواردەوە/ یان ژیان/ لە پایانەوە دووبارە/ دەستی پێ کرد"** قاوەیەک لەگەڵ ئەودا، لا ٨٩.

ئەو پرسیارە لە دەقەکانی دواتر تووشی گومانی دووبارەبوونەوەی شکست یان لەوانەیە ئەو عەشقە ببێتە هەڵهاتنی مانگی چواردە، بەڵام ئەو گومانە لەناو دەقی "لەگەڵ ئەودا قاوەیەکی تر" گومانێکە توانای کۆتاییهاتنی نییە بەو دڵەڕاوکەیە، هێندەی ئەو ئاماژەیە بۆ عەشق دەگۆڕێتە سەر ئاماژەیەکی خودیی بەوەی خۆی بە قاوە ناو دەباتەوە، بەڵام ئەوەی کۆتایی بە پرۆسەی ناونان و گومان دێنێت، ئەوە ڕۆژانی دواتر نییە، بگرە گریمانەی هەمان یادەوەرییە، بەڵام ئەم جارەیان نەک لە ڕێگەی سەرزەنشتکردنی موفرەدەی عەشق، بگرە موفرەدەکە و دەلالەتەکەی دەگۆڕێتە سەر ڕەهەندی تر، عەشق بۆ پیاو دەبێت بە عەشق بۆ نیشتمان، ئەو عەشقەش ناو دەباتەوە بە "نیشتمان تەنیا فنجانێک قاوەیە" مەبەستیش لەو ناونانە ئەوەیە کە قەدەری نیشتمانیش لە قەدەری خودێتی باشتر نابێت.

شکست و خیانەتکردنی پیاو لەو ئەزموونە شیعرییەدا ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەکانی عەشقە، ناوبردنی ئەو ماڵە بە شووشە پێوەستە بەو شەفافیەتە ڕوونەی کە دنیا بە ناسکی و وەک خۆی ڕوون دەبینێت، بەڵام کاتێک ئەو ماڵە شووشەییە دەشکێت، مانای وایە هەموو شتەکان دەچنەوە دۆخی ئاسایی بوونی خۆیان، ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە مادامەکی لە سەردەمی کوشتارگەیەکدا بین کە پیاو بەرهەمهێنەریەتی، شاعیرەکەمان دەڵێت "جادەم لە پیاو خۆشتر دەوێ!"

لە نێوان (جادە) و (پیاو)دا هاوکێشەی شیعریی کەژاڵ بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەوەی ئەو دووانە بەتەواوی لەیەک دوورن، یەکەمیان پرسیار ناکات لە بیرکردنەوە، ئەوی تریش بەدوای پرسیارەکانی مەرگ دێنێت، ئەوەش ئەگەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا هەر عەشقێک لەو ئەزموونەدا بووبێتە هۆی کۆتایی پێهێنان بە ئازاری شکستی پێشوو، بەڵام دەیەوێ ئەم جارە ئەو هەستە بەدوا هەست و بڕیاری شاعیرانە ناو ببات **"جادەم لە پیاو خۆشتر ئەوێ/ خوا بمکوژێ/ ئەگەر پەشیمان بوومەوە/ خوا کوێرم کات/ ئەگەر جادەی ژنە خوانەناسەکانم/ لە هەموو پیاوانی دنیا خۆشتر نەوێ"** لا ٦٠.

ئەوەش بەرەنجامی شاعیریەتێکە کە هەڵگری ئەو ڕوحە شیعرییە کە پێوەستە بە شاعیر بوونەوە نەک بە ژنبوونەوە ئەوەش سووربوونێکی شیعرییە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە دەنگی شیعری بە هۆی ژنبوونەوە **"ئەوەی کە من بە نیوەی تەمەنم سەندم/ کچێکی تر، بەدەرخستنی لاسکی ستیانەکەی وەری گرت!/ ئەمە تاڵترین نوکتەیە بۆ پێناکەنی عەزیزم"** بەندەری بەرمۆدا، لا ١٣٤.

وتار

# دڵۆپێک لە هەتاو

کەریم دەشتی

تیشکە محەمەد پوور-ی شاعیر لەناو باخەکانی ئێستەتیکادا، بەدوای ڕووناکیدا دەگەڕێ، ئەو ڕووناکییەی کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و بەقووڵاییدا شۆڕ دەبێتەوە، بە جۆرێکی، قووڵاییەکانی ناخی ئینسان پڕ لە گەوهەری جوانی دەکات:

**(ژنێک پێم پێ دەکەنێ ....... پیاوێک بۆم دەگری)**
**(لەناو وردە شووشەی چاوەکانی نیشتماندا)**
**(تۆ بڵێی نەخشەی دۆزینەوەیماڵتان**
**لەناو جانتاکەی مندا بێت؟)**
**(پەردە تەڕ نارنجییەکەت هەڵمەدەوە**
**من دەمارم لێوڕێژن لە باران**
**خوێن قەت ناڕژێ)**

ئیتر هەر وایە هێمنی لەو کاتەوە تەواو دەبێ کە بچینە ناو شیعر، ئیتر زەمەنی کپی تەواو دەبێ و ژاوەژاوە دەست پێ دەکات، ئەوەی خەریکی شیعر بێت دەبێ دەستبەرداری ژیانێکی ئاسوودە و ڕوحێکی حەساوە بێت، ئاسوودەیی و ڕوحێکی حەساوە لەناو ماڵی شیعردا جێگەی نابێتەوە، چونکە شیعر روحی پرسیارەکانە، ئەو پرسیارانەی کە هەرگیز وەڵامیان نییە، بەڵام شیعر بێهوودە وەڵامی وەهمی ئەوان دەداتەوە، ئەو هەوڵ دەدات هەمان پێناسانەی ئەو ماچانە کە سەر بە

نامـاقـوڵین بەپێی نەریتی باو و تابۆکـان، وردوخـاش بکات و بەدوای ئەو مـاچانەدا بگەڕێت کـە بێگوناهترن لە ماچە تەڕەکانی ئاشق، کە هەتا وەڵامدانەوەکانیشی بڕێتین لە جۆرە پرسیارێکی تر، سەرەتای دەستپێکردن و داڕشتن لە شیعردا، بەتایبەت لە شیعری ڕامان ئامێز و جۆرێک لە شیعری سۆفی خەسڵەت بەرهەمێکی بەدوادا دێت کە هەڵگری مانای قووڵ و درود بن:

**(هەموو ڕۆژێ**
**لە ڕەگەوە سەوز دەبم**
**لە لق و پۆپدا دەوەرم)**

شیعر و درود ڕەگەزی هاوبەشیان هەیە بەوەی کە هەردووکیان پەیگیری شتێکن شاراوە و نادیار، هی یەکەمیان تیماو بیرۆکەیە و لە وشە و ڕستەدا بەرجەستە دەبێ، هی دووەمیشیان لە سیمای خوادا، هی یەکەم ئەندێشەی قووڵی شاعیر حوکمی دەکا و هی دووەمیش باوەڕی بەتینی عابید، پەیامی شیعر گەڕانە بەدوای ئایدیایەک کە خوڵقێنەری شاکار و داهێنانە، وا لە شاعیر دەکات بۆ تا هەتا جاویدان بێت، پەیامی درودیش گەڕانە بەدوای خوایەک خوڵقێنەری چارەنووسی بەختەوەرییە لە ئێستا و دوای مەرگ، بەم جۆرە نەمریی ڕەگەزی بەهێز و هاوبەشی نێوان شیعر و درودە و قسەکردنە لەگەڵ غەیبدا، واتە غەیبانییەت خەسڵەتی هەرە دیاری شیعر و درودە.

**کوڕی باش**
**بۆ لەناو هەنگاوەکانی منا غار دەدەیت**
**تۆ بڵێی زەرفەمیوەی حەزەکانت**
**لەناو جانتای مندا جێ مابێ**

هەیبەتی شیعر زوو خوێنەر ڕادە چڵەکێنێ، چونکە شیعر بۆ ئەوە دروست بووە، ڕاچڵەکین دروست بکات و مرۆڤ لە ناوەوەڕا هەڵتەکێنێ، شاعیری باشیش بە دوای هەمان ئەو سیحرەدا دەگەڕێ کە بەرهەمهێنەری ئەو سەرسامی و ڕاچڵەکینە بێت، تیشکە محەمەد پوور لە هەوڵە شیعرییە جوانەکانی خۆیدا، زۆر بیر دەکاتەوە، تا هەمان ئەو بیرکردنەوەیە بەسەر پەرەگرافە جوانەکانی شیعری خۆیدا ببەشێتەوە، ئەو کە دەڵێ:

**جانتاکەی من**
**پڕە لە ڕووناکی**
**ڕووناکی ئەو شەوانەی لەگەڵ گوناهدا خەوتم**

هەوڵ دەدات بەهەمان بیرکردنەوەی – فروغ – شیعرەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام بەتەونێکی

تر و ســـتــایـلێکی ترەوە – گــوناهـم کــرد گوناهێکی تژی لە لەزەت – لە هەمان کاتدا هـەوڵـی داوە دیمـەنـەکــان بۆ نـاســروشــتــە نادیارەکــان بـگوازێتــەوە و لە بەرامــبــەر مـەحاڵدا جوڵەیەکی شـیـعری جوان بەرهـەم بهێنێ،

**لە ئاوێنەی بوونی باراندا**
**لەگەڵ بادا جووت بووم**

شـاعـیـر بەردەوام لەناو دژەکـاندا گـەمـە دەکـات و هـەوڵ دەدات لە ناوەندی گـێـرمـە و کـێــشــەکــاندا دیمەنەکــان ڕاچڵــەکــێن و سەرسامی دروست بکەن:

**ڕووناکی من**
**پڕە لە تاریکی**
**تاریکتر لە پێکەنینەکانی تۆ**

شـیـعر بەخشندەی ئاگاهییە، بێ بوونی شـیـعـر لەناو کپی و وەسـتـانێکی ئەبەدیدا ژیان بەسـەر دەچێ، ئێـمـە پێویسـتـیـمـان بە ژانرێکە بەرهـەمــهـێـنەری زیندووکـەرەوەی دەمـــارەکـــانی ڕوح و دڵ و هـزر بـێ، کـــە شـیـعـریش لە توانا و بڕسـتـیدا هـەبێ ئەم کــارە خــوایـیــە بکات دەبێ شکۆمــەندی ڕاگرین، هـەر بۆیەش شیعر هەڵگری جۆرێک لە قودسییەت و پیرۆزییە کە ل لە قودسییەت و پیرۆزی خواوەندی دەچێت، بەلایەکی تردا بەردەوامـــبـــوون و ســـەوزبوونـەوە و وەرین شـاعـیـر دەخـاتە جـۆرێک لە سـیـزیفـیـەتی ماناوە، جـۆرێک لە حەسرەتباربوونی مرۆڤ

تیشکە محەمەد پوور

و دارمانی هیواکان، خەونەکانی ئەم شاعیرە ئاسایی نین بگرە لەناو ڕووناکییەکی درودئامێزدایە، لەناو ئاگرێک ئەگەرچی ڕووناکی و گەرمیی خۆی بە ئێمە دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەڵگری پێناسەی سووتانیشە:

**خەون بەئاگرەوە دەبینم**
**لە جێی باران**

جا ئەوانەی کە پەیسیان بەم پیرۆزییە بردبێ، یا کاریان لەناو ئەم دروده شیعرییە کردبێ، نووسینی شیعر لای ئەوان کارێکی ئەستەم و دژوارە، بەبێ ئەزموونێکی بەتین توخنی شیعر ناکەون، لەبەرئەوەی باش دەزانن لە کاتی کاربەرداری نووسینەوەی سرووتی پیرۆزی خەڵقکردن شوکرانە بژێری تیماکان دەکەن، هەندێ جار شاعیر جۆرێک لە پێوەندی بەهێزی نەبینراو دروست دەکات کە دیقەتێکی شیعریی جوانی دەوێ، ئەوەی لە هەوڵێکی بەردەوامی شیعری نەبێت پەی بەم جۆرە پێوەندییە شیعریانە نابات:

**(گەڵاکانی ژێر پێت**
**لە سیحری ڕۆیشتنت نەگەیشتن)**
**(گرانایی ئەو زەمەنە**
**لەناو خەونەکانی تۆدا ناژی)**

ئەمە قسەکردنێکی ئاشقانەیە لەناو زەمەنێکی کورتخایەندا بۆیە شیعر هیچ زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، ئەوەی کە شیعری زاڵ کردووە بەسەر زەمەندا ئەوەیە، شیعر خۆی خوڵقێنەری زەمەنی خۆیەتی لە ڕێگەی داهێناندا، هەندێ جار گەمەکردن لەناو دژەکاندا جۆرێک زاڵبوون بەسەر زەمەندا نیشان دەدا کە زمان تێیدا بە قەولی هیدگر بەند و دیلە، هەندێ جاریش جوانییە:

**چەند بێ گوناهم وەکو شەیتان**

بۆیە لێرەدا دەخوازم بڵێم شیعر ڕەهەندی چوارەمی زەمەنە کە هەموو ئێستا و داهاتوو لەناو وشەدا کۆ دەکاتەوە بۆ دەربازبوون بۆ ناو دەرەوەی زەمەن و دەسگیرکردنی ڕەهایی، لەبەرئەوەی شیعر دەبێ بوونەوەرێکی ئازاد بێ. شیعر پێویستی بە فیکر و مەعریفەی ڕەها هەیە، بەڵام شیعر فیکر و مەعریفە نانووسێتەوە، بگرە وردوخاشیان دەکات و دەیانخاتە بە سووتووی تێرامان و گوزارشتکردن لە هەراسانی ڕوح و جاویدانی. شیعری باش هەموو پێناسەکان بەتاڵ دەکاتەوە و هیچ چەمکێکیان بۆ ناهێڵێت. فۆرم و ڕیتم زمان و ناوەڕۆک لەناو هەڵرژانێکی ئەبەدی شیعریدا ئاوەها بەیەکەوە بەندن، هیچ هێزێ نییە بتوانێ لەبەر یەکیان هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر شیعر بە

ئومێدی جاویدانی داڕێژراوبێ. ئەو کات نیگاکانی عاشق هەڵدەپڕژێتە سەر سیمای مەعشوق کە ئاگری ئەوین هەموو گیانی سووتاندبێت، چونکە ئاشق و مەعشوق لەناو بارانی ئیستعارەدا ژیان دەبەنە سەر و لە ئاوی مەجازدەخۆنەوە.

**نیگای زبرت**
**بەسەر جەستەی نەخراوی مندا...**

ئەوە ئایەتێکە لە میانی ئاشق و مەعشوقدا دروست دەبێت بۆیە تژی کاریگەرێتییە،

**لەو کاتەی کە ئەو**
**نەرم بێت وەک دڵی بەرد**
**ڕەق بێت وەک پەمۆ**

لە شیعرەکانی تیشکەدا جۆرێک لە سەرکێشی و یاخیبوون هەیە، بەڵام لەناو شووشەی شیعری داڕشتنێکی شیعری جواندا

**کچە عازەبەکانی شار**
**ڕەدووی گراوی دڵیان کەوتوون**

بۆیە دەڵێم شیعر لە دەرەوەی تەکنیکی مێژووییدا مێژووی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، مێژوویەک تژی لە شەقووڕسەکانی مانا، ئەو مانایانەی هەمیشە و بێ وچان مرۆڤ لە قالبە متبووەکانی خۆی ڕەها دەکات و دەیخاتەوە ناو فۆرمە جیاجیاکانی ئازادی، ئەو ئازادییەی هەموو فەزاکان لە بەردەم گوزارشتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، ئەگەر بەوردی سەیری ئەم چەند ڕستە جوانانەی خوارەوە بکەین بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە شاعیر لە گەڕان و سووڕانێکی سۆفییانەدایە بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو، تا سووتانەکانی ئەو هەڵگرێت

- لە قەراغە شکاوەکانی ژیانڕا
- وەک شەونمی شەرم
- ڕایان هێنایین.. بچووک ببینەوە
- من لە دەرەوەی کاتەکان لە تۆ دەڕوانم
- کڵۆ قەندێک مێرووله شەکەتی کرد بوو

ئەمانە هەمووی ڕستەی جوانن لە دیوانی - دڵۆپێک لە هەتاو - تیشکە محەمەد پووری شاعیر کە سەراپای پڕ لەو فەنەرە بەهێزانە کە کۆڵانەکانی عیشقی پێ ڕووناک کردوونەتەوە.

وتار

# ڕۆڵی یوسف عەبدولمەسیح سەروەت
# لە دەوڵەمەندکردنی شانۆی عێراقی

عوبێد مەجید



یوسف عەبدولەسیح سەروەت

ڕۆشنبیرە عێراقییەکانی نەوەی شەستەکان لە شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆکارەکان، کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییانەی لە ڕۆئاواوە دەهاتن، ئەمەش لە ڕێگەی خوێندەوەی ئەو ڕەوتانە لەژێر ناونیشانی چەند زاراوەیەکی جۆراوجۆری وەک:

- عەبەسی و پێشڕەوی و نامەعقول کە خۆیان لە شانۆگەرییەکانی پێکێت و یۆنسکۆ و ئەدامۆف دەنواند.
- بوونگەرایی لە ڕۆمانەکانی سارتەر.
- (اللامنتمي) لە ڕۆمانەکانی کۆڵن ویڵسن.
- ڕەوتی هۆشیاری (تیار الوعي) لە ڕۆمانەکانی جیمس جۆیس و وەلیەم فۆکنەر و ڤەرجینیا وۆلف خۆیان دەنواند.

یوسف عەبدولەسیح لە چەندان لێکۆڵینەوەی قووڵ و تێروتەسەل کاری لەسەر بەرهەمەکانی

ئەو نووسـەرە مـەزنانـە كردووە، جـا ڕەنگە ئەو هۆكارەى كە يارمـەتى داوە بـۆ ئەوەى لەو مـەيدانەدا دەستپێشخـەر بێت و دواتر لە دەرگەكانـى ڕەخنە بدات لە بوارى شانۆ لە فرەوانترين دەروازەكانى لێى بـچـێتـە ژوورێ، برێتى بێت لە بـايەخـدانى بە زمـانـى ئينگليـزى و هـەبوونـى ڕۆشنبـيـريـيـەكى بەرفرەوانى وا، بە جـۆرێ شـارەزايى لەسـەر هـەمـوو لايەنەكانى ئەدەب و هونەرە باوەكانى جيـهـان هـەبووە.

ئەو يەكـەمـين كـەس بوو لەناو ڕۆشـنبـيـرانى عـەرەب كـە لـە دەرياى دنيـا (اللامنتمي)يە ئالۆز و ناديارەكـەى كـولن ويلـسنى دا. لێكۆڵينـەوە قـووڵ و تێـرەكـەى كـە لە سى لاپـەڕە پێک هـاتووە، بەڵگەيەكى ڕوونە لەسـەر دروسـتى ئەو بابەتەى بۆى چووە كـە بە پشتبـەستن بە شـەش سـەرچاوە لە وەرگێڕاوەكانى دەوڵەمەندى كردووە، لە سەرچاوەى سێيەمەوە تا هەشتەم، بەڵام لە سەرچاوەكانى يەكەم و دووەمدا پشـتى بە دوو ڕۆمان بەسـتووە: ڕۆمـانى (برايانى كـارامـازۆف)ى دۆسـتۆفسكى و ڕۆمانى (اللامنتمي) كۆلن ويلسن. ئاخر هيچ كەسێک لە ڕۆشنبيرەكانى عێراقى و عەرەبى لە پێش ئەودا كارى لەسەر كۆلن ويلسن نەكردووە.

لەو لێكۆڵينەوە بەنرخـەيدا بيرى لەسـەر بـابەتى سـۆفيگەريى چڕكردووەتـەوە و بە قـەسيـدەكانى شاعيرى گەورەى ئينگليزى (وەليام بلێک) و شێوازى بيركردنەوە ڕۆهەڵاتييەكەى پێوەستى دەكات، لە بابەتى: سبەينەكەى (شەبەنگێكى گەش)ە، شـەوەكەى (ژێرزەمينێكە تەنيا مردوو لەخۆ دەگرێت)، هزرەكەى (زيندانييـەكە لە بازنەيەكى بەرتەسكدا)، دڵەكـەى (لەناو تۆپێكى سـوورى گەرمى ئاگرين لە بۆشاييدا نقوم بووە).

ئەو زيندانييـە كـە بە ڕۆح و جـەسـتـە ئەشكـەنجـە دراوە، مـافـى خـۆيەتى پڕ بـە دەم هـاوار بكات: (باشتر وايە مرۆڤ لەدايک نەبێت، مردن لە ژيان باشترە).

بەڵام لە لێكۆڵينەوەكەى بە ناوى (ڕێگە و سنوورەكان لە ڕێبازە ئەدەبى و هونەرييـەكاندا)، باسـى چوار قوتابخانە دەكات: بوونگەرايى و سوريالى و ڕيـايزمى سۆسـياليستى و ڕياليزمى ڕەخنەيى. لەو لێكۆڵينەوەيەدا پشت بە چل و شـەش سـەرچاوە دەبەسـتـێت و هەمـوو ئەو سـەرچاوانـە هـى نووسـەرە بيانييـەكانن، بەتايبەتى هى جۆرج لۆكاش كە لە نووسينەكانيدا بە كەسێكى ماركسـى ناسراوە، سەرەڕاى نووسينەكانى كۆمەڵێک لە ڕەخنەگرەكانى يەكەتيى سۆڤيەتى ئەو سەردەمە.

يوسف عەبدولەسيح بە پشتبەستن بە فـەرهـەنگى فەلسـەفى سۆڤيـەت، بەم شێوەيە سورياليـيەت پێناسە دەكات: ئاراسـتەيەكە لە هونەر لە سەرەتاى بيسـتـەكانى سـەدەى بيستەم لە فرەنسا سـەرى هەڵداوە، دەربڕينێكى قووڵى تەنگژەكانى كۆمەڵگەى سـەرمايەدارييە، ڕيشە فەلسەفييەكەى لە تيۆرە زاتيـيـەكـانى فـرۆيد داكـوتاوە كـە هونەر بـە ئەرک و بەرهـەمى سـێكس دادەنێت. جـا بە پێى سـورياليـيـەت ئەوا ناوەڕۆكى هـونەر لە مـەيلە سێكسـيـيـەكـان و غـەريزەكـانى ترس لە مـردن و لە ژيانيش خۆى حەشار داوە.



یوسف بەوەندە نەوەستاوە کە تەنیا پێناسەی شانۆی نامەعقول بۆ ڕۆشنبیری عێراقی بکات، بگرە بۆ دوو ئاراستە دابەشی کردووە کە تەواو دژی ئەو ئاراستەیەنە، ئەوانیش یەکیان شانۆی داستانئامێزە کە بۆ برێشت دەگەڕێتەوە، دووەمیان شانۆی ڕیالزمی سۆسیالستییە. ئەم باسەی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بڵاو کردووەتەوە بە ناوی (چەند نموونەیەک لە شانۆی جیهانی) کە لە سی و هەشت لاپەڕە پێک هاتووە و پشتی بە بیست و هەشت سەرچاوەی بیانی بەستووە.

ڕەنگە جوانترین بابەت لە لێکۆلینەوەکەیدا ئەو پێناسەیە بێت کە بۆ شانۆی پێکێتی کردووە کە دەڵێت: مرۆڤ بە تەواوی لە کۆمەڵەکەی و مێژووەکەی و لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێی خۆی دابڕاوە، بوونەوەرێکە هەبوونەکەی گریمانەییە و وابەستەی بوونەوەرە زیندووەکانی تر بووە.

بەڵام تیۆری بەنامۆبوون (التغریب) کە برێشت لە شانۆیە داستانئامێزەکەی دای هێناوە، بانگەشەی وورووژاندنی هۆشی وەرگر دەکات، بەپێچەوانەی تیۆرە پاکسازییەکەی ئەرستۆ کە بێزاری و خاوبوونەوە دەخاتەوە.

یوسف عبدولەسیح بڕوای وایە کە ئەمە لە سەرچاوە و بنچینەکانیدا شتێکی تازە نییە، بگرە بۆ ئەو بەرئەنجامانە دەگەڕێتەوە کە ڕۆسۆ و هێگل و مارکس پێی گەیشتوونە، بە تایبەتی مارکس کە لە زۆربەی کتێبەکانیدا ڕوونی کردووەتەوە دەڵێ: (مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بەهۆی داماڵرانی لە کەسێتییەکەی، لە مرۆڤایەتییەکەشی دادەماڵدرێ. واتە ئەو کرێکارەی کە پێویستە خاوەنی ئامرازی کارەکەی بێت، خاوەن کارە سەرمایەدارەکە مافی موڵکدارێتی ئەو ئامێرەی لێ دەسەنێتەوە، لێسەندنەوەی ئەو موڵکدارێتییەش جۆرێکە لە جۆرەکانی نامۆبوون (التغریب) کە خۆی لە جیابوونەوەی نێوان خاوەن موڵک و موڵککراو، نێوان خود و بابەت) دەبینێتەوە.

لەبارەی شانۆی عێراقییەوەسێ لێکۆڵینەوەی نووسیوە کە برێتین لە:

١- هەندێ بەهای فکری لە شانۆی ئێستای عێراقی.

٢- نموونەی پاڵەوانی سەرەکی لە شانۆی ئێستامان.

٣- وێنەی شانۆی عێراقی (هەوڵێک بۆ ڕووپێوێکی گشتی).

لە بەشی یەکەمی لێکۆلینەوەکەیدا ڕەخنە لەم شانۆگەرییانە دەگرێت:

- هەردوو شانۆگەریی (کلیل و وێرانە) لە نووسینی یوسف ئەلعانی.

- شانۆگەریی (ماڵی تازە) لە نووسێنی نوورەدین فارس.

- شانۆگەریی (تەمووز زەنگ لێ دەدات) لە نووسینی عادل کازم.

ئەم چوار شانۆگەرییە لە کۆتاییی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم پێشکێش کران و بەرهەمی باشترین نووسەری شانۆیی عێراقین، هەروەها باشترین دەرهێنەر و باشترین تیپی شانۆیی بە پێشکێشکردنی ئەو شانۆگەرییانە هەڵساوە ئەویش تیپی (شانۆی بەغدا بۆ هونەری نوێ)یە. دەرهێنەری شانۆگەرییەکانیش هونەرمەند سامی عەبدولحەمیدە.

وەختێ یوسف باس لە شانۆگەریی وێرانە دەکات دەڵێت: ئەو شانۆگەرییە هەوڵ دەدات وا لە جەماوەر بکات کە بە تەواوی بزانێت چ شتێک لە پێشیدا ڕوو دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی مێژووە نیشتمانی و نەتەوەییی مرۆڤایەتییەکەی، بەڵام شانۆگەریی (کلیل) بە بڕوای ئەو بناخەیەکە بۆ گۆڕان لە شانۆی عیراقی و دەروازەیەکە بۆ بزووتنەوەیەکی تازەی ئەو هونەرە بەگشتی.

شانۆگەریی (تەمووز زەنگ لێ دەدات) دوو بەهای هەیە کە خۆیان بەسەر بەهایەکانی تر دەسەپێنن ئەوانیش بریتین لە خۆنەویستی بە واتای گیانفیدایی و قوربانیدان و باوەڕی ڕەها بە داهاتووی مرۆڤ.

ئا ئەوەتا (ئارنینی) بە ئاشکرا باسی قوربانیدان دەکات و دەڵێت: کچەکەم ئەو نەهامەتییەش کۆتایی دێت و شتێک لە دوای ئەو نەهامەتییەدا هەیە، شتێک کە ئێستا دڵم بۆی لێ دەدا، شتێک هەوڵ دەدات کە لە کۆی بووندا خۆی بتاوێنێتەوە بۆ ئەوەی شتێکی تر خەڵق بکات.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چوار سەرچاوە دەبەستێت کە هی دوو ئەدیبی جیهانی ناسراون (سارتەر و کامۆ) و هی ڕەخنەگرێکی شانۆی جیهانی (مارتن ئەسلن)ە کە شانۆی نامەعقوڵی داهێنا.

هەروەها لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی شانۆی عێراقی باس لەو تەوەرانە دەکات:

١- واقیعە دیارکراوەکە.

٢- کتێبەکەی و کێشەکانی دەقەکە.

٣- بەرهەمە شانۆگەرییەکانی.

٤- جەماوەرە شانۆییيەکەی.

بەڵام گرینگترین و دیارترین لێکۆڵینەوەکانی ئەو نووسەرە کە لە هەموویان بەپێزتر و بە سوودترە برێتییە لە (شیعر و شانۆ ـ هەوڵ و پێناسە و ڕەگدەرهێنانی).

ئەو لێکۆڵینەوەیە لە چل لاپەڕەدایە و پشتی بە پەنجا و سێ سەرچاوەی بیانی و دوو سەرچاوەی تر بەستووە کە هەردووکیان دەقی شانۆیین، یەکەمیان (دەردەسەرییەکانی حەللاج)ە کە سەلاح عەبدەلسەبوور نووسیویەتی و دووەمیش (تەواسین)ی حوسێن مەنسووری حەللاجە، کە بەرەو دراما و کۆمیدیای دەبات و بەراوردێک لە نێوانیاندا دەکات، پاشان دەچێتە سەر باسی دەردەسەرییەکان و هەمان ئاراستە وەردەگرێت. دوای ئەوە دەچێتە سەر شانۆگەرییەکانی لۆرکا و بەراورد لە نێوان شانۆگەرییە شیعرییەکانی و شانۆگەرییە پەخشانییەکانی دەکات و باس لەو کاریگەرییە ڕەمزییە دەکات کە بە ئاشکرا بە شیعرەکانییەوە دیارن، واتە شعری درامی لەلای لۆرکا بەشێکی جیانەکراوەیە لە شانۆ خۆی. ئاخر شتێکی نامۆی لە دەرەوەڕا نەخستووەتە سەری بگرە شانۆکە خۆی شیعرە.



خۆ برێشتیش کە بەکارهێنانی ئامرازە شیعرییەکان لە بیر ناکات لە هونەری شانۆ، نەک ئەمە تەنیا لە پێناوی ئامانجە ستاتیکییەکانە، بگرە مەبەستی ئەوەیە کێشە بنچینەییەکانی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی ورد و دروست و چڕ دەرببڕێت.

لەبارەی بەکارهێنانی شیعر لە شانۆی عەرەبی پێی وایە سەلاح عەبدولسەبوور نموونەیەکە بۆ ئەو ئاراستەیە، لەم بارەیەوە دەڵێ: شێوازەکەی سادەکاریی پێوە دیارە، هەروەها لە هزریدا دید و بۆچوونێکی مرۆڤانەی هەیە و دژی بابەتە نادروستەکان دەوەستێتەوە. پاڵەوانەکانی تەواو تێکەڵ بە ڕووداوەکان دەکات و شیعرەکانی بە هۆی جوان هۆنینەوەیان و دروست وەرگرتن و ڕوونیی مانایان توانیویانە لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی بیری ئازادمان بۆ بگوازنەوە کە خۆی لە جوامێری (حەللاج) و ڕوحە خەباتگێڕەکەی دەنوێنێ.

بابەت

# ڕۆڵی ئیش لە قەسیدە بەناوبانگەکەی شوکری فەزڵیدا

لەتیف فاتح فەرەج

تا ئەم چرکەساتەش، مرۆڤی کورد، یان باشتر بڵێین زۆربەی مرۆڤی کورد، بەرنامەیەکی داڕێژراوی نییە، کە کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا جێبەجێ بکات، هەندێ جار وەرزەکان، یان کەشوهەوا، ناچاری، برسێتی و نەداری، تەنگەتاوی ناچاری کردووین، ئیشێ بکەین، کە پێویست بووە زووتر بمانکردبایە، دیارە بۆ شۆڕش و بەگژداچوونەوەش، هەروا بووینە، واتە ئێمە بەردەوام پێویستی و ناچاری کاری پێ کردووین و جووڵاندونی، نەک بەرنامەڕێژی، وەرزی زستان ناچاری خۆپێچانەوە و پەلەپروزێی هەندێ کاری کردووین، واتە زستان ناچاری بیرکردنەوە و خۆپارێزی لەسەرما و سۆڵە و برسێتی کردووین..

ئیش کە کۆڵەکەکانی مانەوەی هەر خێزان، یەکە، هۆز، نەتەوەیەکی لەسەر بەندە، لای کورد زۆر دەگمەن نەخشەی پێش وەختی بۆ کێشراوە، شوکری فەزڵیی شاعیر، ئەو شاعیرەی هاوڕێ لەگەڵ خاڵسی، پیرەمێرد، حەمدی، ڕەخنە لە کارەکانی مەلیکی کوردستان دەگرێ و داوای چاکسازی و بەخۆداچوونەوە دەکات، فەزڵی لە قەسیدە بەناوبانگەکەیدا ئیش دەخاتە سەرەتای قەسیدەکەوە و بەئیش دەست پێ دەکات، هەموو دەزانن (ئیش) واتە جووڵە و بزاوت، چرکەی ڕاچەناندنی مەلیک مەحموود لەلایەن شوکری فەزڵییەوە لە یەکەم وشەی پڕ جووڵەوە دەست پێ دەکات،(ئیش)

قسەکردن لەگەڵ کەسێک، کە ڕێبەرایەتی نەتەوەیەکی لە ئەستۆ گرتووە بەو جۆرە و لە یەکەم هەنگاودا و ئاگەدارکردنەوە بە وشەی (ئیش) وتنێکی ژیرانەیە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە، بە ئاگاهێنانەوەی مەلیکە لەوەی، کە ئەو ئەرکێکی گرینگی لە ئەستۆیە، ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات.

ئەگەر شوکری فەزڵی هەر وشەیەکی تری لە بری ئەم وشەیە دابنایە هەر لە سەرەتاوە

قەسیدەیەکی ساردوسرمان دەست دەکەوت، کە دەشێ نەتوانرابا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەم قەسیدەیە کە یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی ئەدەبی کوردی، ئیش لە بەردەم مەلیکی کوردستاندا دادەنێت و هەردوو ئەگەری گەمەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە. شوکری فەزڵی بە مەلیک دەڵێ: "ئیش ڕووی لە هەورازە" واتە بارودۆخێکی لەبار هاتووەتە پێشەوە، کاتی ئەوەیە بەرەو سەرەوە هەنگاو بنەین و شێوازی کاری تۆ ڕووی لە هەورازە، بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکەدا بتوانیت کارێک بۆ کورد بکەیت، ئەو زەوینە لە بارییە پێوەستە بە لە لایەکەوە دەوڵەتی عوسمانی لە بەردەم هەرەسێکی مسۆگەردایە، لەلایەکی ترەوە دنیا لەناو گەرمەی شەڕی ناودەوڵەتی و هەژان و جووڵەیەکی کەم وێنە و ململانێیەکی سەختی نێوان شەڕکەرەکاندایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەلایەنی کەمەوە زۆرینەی کورد پشتگیریی بزووتنەوەکەی مەلیکی کوردستان دەکەن، ئەگەرچی نەیار و نادۆستیشی هەن، ئەم بارودۆخەیە شوکری فەزڵی وا لێ دەکات ئەو ئیش ڕوو لە هەورازەیەی کورد بیری مەلیک بخاتەوە و بەڕێبەرەکەی بڵێ: "ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی". ئێمە هەموو دەزانین مەلیکی کوردستان جگە لە ڕابەرایەتی. شاعیرێکی زرنگ و شاعیر دۆستێکی بە ئاگابووە. هەر بۆیە شاعیران چییان گوتووە لە دڵی نەگرتووە و خۆی بە خاڵ و برای گەورەیان زانیوە، وەک ئەو وەڵامەی بەوانەی دەدات کە دەیانەوێ پیرەمێردی لە بەرچاو بخەن لە بەرانبەر قەسیدەی (ئەبێ بەخشندە ملکەچ کات).

لایەنی یەکەمی گەمەکە (ئیش) ڕووی لە هەورازە، واتە کاتێتی لایەنی دووەم ئەوەیە ئەگەر نەتوانرێ ئەو بارودۆخە بخوێنرێتەوە و کاری وردی لەسەر نەکرێ، ئەوە ئەو ڕوو لە هەورازە سەروخوار دەبێتەوە و بەدەستی خاڵی دەگەڕێتەوە، شوکری فەزڵی بەوشەی ئیش دەست پێ دەکات و تەواوی قەسیدەکە لە دەوری ئیش دەسووڕێتەوە، ئیش بەلایەنە باشەکەی و ئیش بەلایەنە خەراپەکەیەوە

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
فیکری دووریشی دەوێ، هەر بەدووعا و نوێژی نەکەی
هەندێک لە بری فیکری دوور دەنووسن بیری ورد
ئیش ڕووی لە هەورازە کەواتە فیکری دووری دەوێ

فیکری دوور برێتییە لە داهاتوو بینین، برێتییە لەوەی دوورتر لە ئێستا بڕوانێ "بۆ ئەو سەردەمە" ئەم فیکری دوورە بۆ ئەوەیە مەلیک ئاگای لە سبەینێ بێت و بیری لای دەوڵەت بێت، نزا و نوێژ پێوەندی بە کەشوهەوای ناو بنەماڵەکەی مەلیکەوە هەیە، کە دیارە نەیتوانیوە وەکو پێویست لێی دەربچێت، نزا و نوێژیش جۆرێکە لە ئیش، بەڵام بۆ دەوڵەتمەداری نابێت، ئەمەیان پێوەندیی نێوان خوا و مرۆڤە. فیکری دوور برێتییە لە بیرکردنەوە لە کۆی میللەت و دروستکردنی داهاتوویەکی باش بۆ میللەت، نزا و نوێژ بریتییە لە زیکر و ئیش لە پێناوی ڕەزامەندیی خوادا، دیارە شوکری فەزڵی دژی نزا و نوێژ نەبووە، بەڵام ئەو خەمێکی تری هەبووە، خەمی گەیاندنە کەناری ئارامی

پرسی نەتەوەکەی لەوەش دڵنیا بووە کە ڕەنگە خەڵکی تر شرۆڤە و لێکدانەوەی تر بۆ شیعرەکە و بۆ ئەو شێوازی ڕەخنەیە بکەن. بۆیە دەڵێ (گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بەبادا لەکنت) لێرەشدا دیسان شێوەیەکی تری کارمان نیشان دەدات، کاری گێرەشێوێنان کە دەیانەوێ مەلیک بەڕێگەیەکی تردا بەرن، لە دۆخی وادا ئیشی مەلیک پێویستە چی بێ:

چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی

شوکری فەزڵی دەیەوێ مەلیک وەکو مەلیکی هەموو میللەت خۆی نیشان بدات و بەقسەی ئەم و ئەو فریو نەخوات کە دەیانەوێت لە نێوان مەلیک و خەڵکانی تردا کێشە دروست بکەن، ئەو دەڵێ گوێ لەوان مەگرە، کە ئەوان ئیشیان تێکدانە و دەریان کە و سەیری دەم و کاوێژیان مەکە. بۆ؟ چونکە.... (سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە) کەواتە ئیشی سەرەکی بۆ مەلیک و بۆ کورد یەکبوون و یەکرێزییە و پێویستە مەلیک خۆی دەرگە بەڕووی ئەوانی تردا بکاتەوە بۆ یەکبوون، لەبەرئەوەی یەکبوون ئەستەمە هەتا(هەر برینێ کە لە دڵدا بووە سارێژی نەکەی) کەواتە ئیشی مەلیک ئەوەیە هەموو دڵەکان بە دڵی خۆشییەوە لە ڕق و بوغز پاک بکاتەوە و هەوڵی یەکبوون بدات، بەوەی کە برینەکان سارێژ بکات.

سەرەتای ئیشی هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا هەر برینێ کە لە دڵ دابووە سارێژی نەکەیبەدرێژاییی دەقە شیعریەکە (ئیش) بەردەوامیی هەیە، شوکری فەزڵی لە نێوان چی بکات و چی نەکات لە بەردەم مەلیکی کوردستاندا دەوەستێ و بارودۆخەکەی بۆ شی دەکاتەوە.... ئەو دەڵێ تۆ گەورەی گەورەیی خۆت بنوێنە و ئەوە بکە کە گەورەکان دەیکەن لە بەرانبەر خەراپەکاریدا چاکە بکە و لە بەرانبەر ئەوانەدا کە سەنگەرت لێ دەگرن، ئامێزیان بۆ بکەرەوە.

حەیفە چاوێ کە جەفا کۆڵەوژی تێ دەشکاند
تۆ بە کڵچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی

شوکری فەزڵی بەردەوام دەبێت لە قسەکردن لەگەڵ مەلیک و پێی دەڵێ:

قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
دەتەوێ تاجی سەربی بەهەوا گێژی نەکەی

بەردەوام شوکری فەزڵی شێوازی ئیشەکە نیشانی مەلیک دەدات و تکاکارە گوێی لێ بگرێ، لەبەرئەوەی ئەو واتە مەلیک (سەری کوردە) گەلی بێ سەر نییە شا، وەکو شایەکی شەترەنجە لەلای خەڵق ئەمڕۆ گەورە قانوونە قسەی کورت ئەمەیە درێژی نەکەی شوکری فەزڵی لە دوا دێری قەسیدەکەیدا حەقیقەتەکە و قسەی دڵی بە مەلیک دەڵێ. تۆ کە مادام شای نابێ شای سەر شەترەنج بیت، دەبێ کار بە قانوون بکەیت و تاجی سەر بیت. لە کۆی شیعرەکەدا دەرک بەوەش دەکرێ کە خەڵکێک لە نێوان شوکری فەزڵی و مەلیکدا شۆڤاریان کردبێت، یان ڕەنگە شوکری فەزڵی قسە لە نێوان مەلیک و خەڵکانێکی تر بکات. ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت

ئەوەیە کە ئەم قەسیدەیە بەپێچەوانەی پیاهەڵدان و گۆرانی بەباڵاداچڕین کە دیارە لە هەموو قۆناخێکدا باوە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردنە، بەڵام بەزمانێکی زۆر بە ئەدەب و دوور لە بریندارکردنی مەلیک، هەڵبەت مەلیکی کوردستان بۆ خۆشی ئەو شێوازە لە ڕەخنەلێگرتنی پێ خۆش بووە، ئەگەرچی هەندێ جاریش هەوڵ دراوە بەهەڵەدا ببرێ.. بەگشتی ئەم شیعرە چ بۆ ئەو ڕۆژگارە چ بۆ ئێستا زیندوویەتی و ئازایەتییەکی زۆری تێدایە. بۆیە جێی خۆیەتی ئاوڕی لێ بدرێتەوە و درود بۆ خاوەنەکەی بنێردرێ. هەروەک چۆن درود بۆ مەلیکی کوردستانیش، کە هەموو کات ڕەخنەی قبووڵ کردووە لە دۆستەکانی دەقی شیعرەکە:

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
فیکری دووریشی دەوێ، هەر بە دووعا و نوێژی نەکەی
گێرەشوێنێ کە کای کۆنی بەبادا لەکنت
چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا بووە سارێژی نەکەی
حەیفە چاوێ کە جەفا کوڵەوژی تێ دەشکاند
تۆ بەکڵچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژ نەکەی
قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
دەتەوێ تاجی سەربی، بەهەوا گێژی نەکەی
شا، وەکو شایەکی شەترەنجە لەلای خەڵق ئەمڕۆ
گەورە قانوونە قسەی کورت ئەمەیە درێژی نەکەی.

| ئیشی باش | ئیشی خەراپ |
|---|---|
| ڕووی لە هەورازە | سەرەو لێژی نەکەی |
| فیکری دوور | نا دەوڵەتمەداری |
| چاکە لێی خوڕی | گێرەشێوێن |
| یەکبوون | دڵ کرمێ بوون |
| وەفا | جەفا |
| سەرداری | گوێنەدان |
| قانوون | شای شەترەنج |

# کارکرد و گەمەکانی زمان

ساڵح سوزەنی



(زمان تەنیا ئاڵای سەدەی" ٢٠"ە باوان!)

دوای بڵاوبوونەوەی بەشێک لە شیعرەسات بوو کە دەنگ و هەرا بەرز بووەوە کە؛ زمانی کوردی دەشێوێنن، ئەدەبی کوردی دەفەوتێنن، زمان نازانن و ئێلە و بێلە... و هەمان شەڕەقەڵم کە کاتی خۆی لەگەڵ سەلەفییەتی چەقەخانەیی هاتە ئارا و هۆگرانی ئەدەب ئاگەداری هەن و و بەدوای هەڵسوکەوت و کوژانەوە و داگیرسانەوە

یەکەم ٢٠١١

ی جاروبار.. باسەکە درێژەی دەبوو و دادەمرکایەوە.. دوای (بە عیجە و فینجەوە چ شار) دیسانەوە دەنگ و هەرا بەرز بووەوە کە شیعریان بێ مانا کردووەتەوە و کەس لێی حاڵی نابێ و نموونەی کاری وا لە جیهاندا نییە و ... هەنێ لەو دۆستانە دوو جار لە گوتەی خۆیان پەشیمان بوونەوە و دانیان بەوەدا نا کە نوێخوازیی دەبێ بەردەوام بێ و هیچ تەکنیک و دەرەتانێ مولْکی باوکیی کەس نییە و بەکارهێنانی ئەو گەمە و دەرەتانانە نەک هەر خەسارێک لە بەرژەوەندیی زمانی کوردی نادا، بگرە دەیخاتە گەشە و نەشە، بەڵام دیارە ئەو کێشمەکێشمە ئاوەها بە سانایی کۆتایی نایێ و هەنێ لە دۆستان ئامادەی وەرگرتنی هەنێ لەو دەرەتانانە بۆ ناو زمانی کوردی نین.. ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ وڵات و ئەدەبی مە، بگرە لە هەموو دنیا بەربەرەکانێی بەرەی ترادسیۆن و نوێترخوازانە.. تکایە بڕواننە (حەقیقەت و رەخنە)کەی رۆلان بارت وەک نواندنەوەی ئەو هێرش و بەرەنگاری کردنانەی رەخنەی کۆن و نوێ لە ئەو کاتی ئەروپا.

لای خۆیشمان هاتنەئارای، زمانییەتیی شیعر، ئانارشیسمی شاعیرانە و گەمەکانی زمانی و لادان لە نۆرمی زمانی باو و چەند دەنگی بوونی دەق و هارمۆنیای مۆسیقای دەروونیی دەق و زۆر فۆرمی تر دەبێ کاری تیئۆرکی لەسەر بکرێ و زێدەتر شرۆڤە کرێ .. و... بۆ وەی سەقامگیر بێ و ئەوەند بەرهەڵستی نەبنەوە و .. هەر بۆیە بە پێویستم زانی سەرلەنوێ بە پێی توانا ئەو گوتارانە بێنمەوە ناو باس و شرۆڤە و تاوتوێکردن و بەو مەبەستە زنجیرە باسێکی تر ئاراستە بکەم بگرە هاندەرێک بێ بۆ خوێنەرانی دەقی بەڕۆژی کوردی و وەڵامێک بێ بۆ ئەو پرسیارانەی هەنێ لە دۆستان ئاراستەی دەکەن.

بەر لەوەی باسەکەم دەست پێ بکەم حەز دەکەم چەند نموونە دەق بهێنمەوە؛

**" ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت، لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت.."**

**" ..... دەلادە لادە لادە لەچکە کەسکە تەسکەکەت...."**

**"من چۆلەکەی باڵشکاوی وەرزی رەشی گەردەلوولم**

**" ئاگر هانێ باڵەکانم پێی هەڵفڕە.. لەوپەڕ جەنگەڵ تاریکایی دەستی تا لای خودا چووە.."**

**"هەور؛ کامێرا / برووسکە؛ فلاش/نم نمەی باران / بۆ شووشتنەوەی.. دڵی منیش قاپ"**

**" عایشە ئەڵێن؛/ ژنان بێ ترس لەبەر باران رووت ئەبنەوە/ دڵدارەکان لەسەر شەقامەکان /تێر تێر ماچی یەکتر ئەکەن.."**

**"بە چ مووسیقایەک دەنوێ فەرخەماسی؟/لە چی ناسڵەمێتەوە مامزێکی تەنیا.."**

**" چ هێرشتان باقی ماوە؛/ دیواری خاچ!**

**ژیان کەروێشکەی مەزراکانی خەونە/ لە کیشوەری داسا"**

**شـاعـیـرم/ تا ویشکە سـاڵی هەمـیـشـە/ تاکـو دڵۆپەی تینوێتی بۆ کـەربەلا.... کـە من بم – مەسیحێک عاشقی هەمیشەی خاچی سوور/ کە من بم مێژوویەک بۆ درک و تەنیایی..."**

زمان لەم دەقانەدا بەئاشکرا لە خزمەت سازکردنی وێنەدایە واتە شاعیر شیعر لە ڕێگەی وێنەوە پێناسـە دەکا(با جـارێ باسی کێش نەکەین) و بۆ تێگەیشتن یان چێژ وەرگرتن لـەم دەقانە خـوێنەر دەبێ هەست بەو وێنانە بکا و هەوڵ بدا لە زیهنی خۆیدا بیانکێشێتەوە؛

لەناو ئەو سیستەمەی هەر "دال"ێک بۆ ئەوە دێت کە مەدلوولێک وێنا بکا..

با چەند نموونە دەقی تریش بهێنینەوە؛

**" ئەگەر شێتی چاوی سەرمابردووی ڕۆح و بەزمی ئەستێرە هەمووی مۆسیقای شەوانە..**

**" " ناترسم لەم دێرەدا کەوشەکانم دابکەنم / پاڵتاوەکەم بە حەرفێکەوە کەوایە هەڵواسم**

**" شیری بازاڕی بێ درگا / حەیای رووتە و / فریام "ناکەوێت"ە ڕێ ..**

لێـرە دا خـوێنەر ناتوانێ بۆ چێـژوەرگـرتن بەدوای وێناکـردندا بێ، بۆوەی **"شـێـتـی چاوی سەرمابردووی ڕۆح" یان "لە دێڕێکدا کەوشـەکانم" و "فریام ناکەوێت ە ڕێ"** هیچ وێنەیەکی جیهانی واقیعیان لا ناخـوڵقێنێ ... بۆ وەی شاعیریش شیعری بە پێی وێنە پێناسە نەکردووە و دەقەکانیش لە راستـیدا بەدوای ئەو جۆرە دال بۆ مـەدلوووڵەوە نـییـە... کەوایە ئێمـە لەگەڵ دوو جۆرە پێناسـە رووبەڕووین لە زمـانی شـیـعری ... یەکەمـیـان زمـان بەپێی وێنە پێناسـە دەکا و دووەمـیـان زمـان بە پێی گەمە و کارکرد...

من لام وا نیـیـە ئەم پۆلێنکارییە ویتگونشتـاین کردبێتی بۆ وەی دەسـەڵاتی وێنە و شـەمـایل و شـبـهی واقـیـع زۆر لە ئەفـلاتوونیش کـۆنتـرە.. و زۆرینەی ئـوسـتـوورەکـانی جـیـهـانی لـە رێگەی وێنەسـازی لـە جـیـهـانی واقـیـعـەوە دەهاتە نواندن و دەربڕین، بەڵام ئەوەی راسـتـی بێ ئەوە ویتگونشـتـاین بوو کە لە دوو قـۆناخی جیـاوازی ژیانی خـۆیدا بە وردی ئەو دوو گریمـانەیەی شی کردەوە و فەلسەفاندیی ی ی..

وەک ئاگەدارن ویتگونشـتـاین (فـەیلەسـووفی ئـوتریشی) سـەرەتا لە کتـێبـێکدا بەناوی **رەسالەی مـەنتەقی– فـەلسـەفی"** داکۆکی دەکا لە بیرۆکەی مانا لە رێگەی وێنەوە .. دواتر لە کۆڵ فـەلسـەفـە دەبێتـەوە و .. دوای مـاوەیەکی تر بەبڕوایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە. کە حـاسـڵـەکەی دەبێتـە کتـێبی "**لێکۆڵینەوەی فـەلسـەفی" و** لە و کتـێبـەدا بەشـێوەی کارکرد و گـەمـەکـانی زمـان لە هـەمـوو مـانا و چەمکێک دەڕوانێ..

لە قۆناخی یەکەمدا ویتگونشـتـاین مـانـا بەوێنەیەکی زیهنی پێناسـە دەکا.. ئەو لـە ناوەکانەوە دەست پێ دەکا و دەڵێ کە "مانای هـەر ناوێک شتێکە کە ئەو ناوە بەسـەریەوەیە و جیـهـان پڕە لەو شتانە".. ویتگونشتاین لای وایە وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کە؛ **ئەو شتە چییە**؟ کاری فەیلەسووف و

فەلسەفە نییە... ئەوە کاری زانستە.. و بەو جۆرە فەلسەفە لە زانست جوێ دەکاتەوە.. لەم برگەیەدا ویتگونشتاین لای وایە "زمان، جیهانی خۆی دەنوێنێتەوە و هەر دێرێک وێنەیەکە لە دۆخێکی گونجاو" هەر بۆیە ئەگەر وێنەیەک کە زمان، لە جیهان، ئەیدا بەدەستەوە، لەگەڵ دۆخێکی دیاریکراو و گونجاو تەبایی هەبێ، ئەو دێرە مانای خۆی هەیە و ئەگەر ئەو وێنەیە لەگەڵ هیچ واقیع یان دۆخێکی هەبوودا نەخوێنێ (تەبا نەبێ) .. ئەوە بێ مانایە." یانی لای ویتگونشتاین لە قۆناخی "رەساله.."دا، زمان سیستەمێکی وێنەییە لە جیهان و هەر دێرێک دەبێ وێنەیەک بێت لە دۆخێکی گونجاو. رێزمان (سینتاکس)ی زمانیش رێگەگەل گونجاوە بۆ تێکەڵکردن و سازکردنی پێکهاتەی مانایی وشەکان(یان ناوەکان) و کاری فەلسەفەش ئاشکراکردنی سیستەمی ئەو زمانەیە و بەدەستەوەدانی رێزمانەکەی و دوای ئەوە ئیتر فەلسەفە بەکەڵکی هیچ نایەت و "**وەک پەیژەیەک کە بەسەریدا سەرکەوتوویت**" دەبێ فرێ بدرێ.. دەبینین کە لەم بۆچوونەدا زمان و فەلسەفە بۆ نواندنەوەی واقیعی شتەکان هاتوون و جگە ئەوەی لا بێمانایە.. ئیدیالیسم لەم پێناسەیەدا نایەتە ماناکرن و چەمکگەلی وەک ئەخلاق و جوانیناسی و ئاین و .... یش هەروەتر.. تاوەکو لەو قۆناخەدا ویتگونشتاین فەلسەفە و زانستی لێک جوێ دەکردەوە .. بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئەو بە ڕاستی زانستی بوون بۆ دەرخستنی مانا. و هەر بۆیە 'رەساله" زۆرترین شوێنپەنجەی لەسەر "بازنەی وییەن" و پوزیتیویستە مەنتیقییەکان دانا کە ئەوە رەنگە باسەکەی ئێمە نەگرێتەوە، بەڵام دڵنیام وێنەیی دیتنی مانا لای ویتگونشتاین زۆرترین کارتێکردنی بووە لەسەر ئیماژیستە مودێرنیستەکانی ئەو کاتی ئەوروپا، کە ئەوەش رەنگە لە شوێنی خۆیدا بێنەوە سەری یان وەک ویتگونشتاین دەڵێ با ئیتر فرێی دەین،

لە برگەی دووەمی فەلسەفاندنی چەمکەکاندا ویتگونشتاین ئیتر لە کۆڵ مانا بووەتەوە و پەرژاوەتە سەر مانا وەک کارکرد و گەمە زمانییەکان (language game) ئەو لەوە بەدوا بەراوردکردنی زمان و بابەتی مرۆڤاتیی **بە پێی زانست**، بەگشتی رەفز دەکاتەوە؛ " فەلسەفە هیچ یەک لە زانستە سروشتییەکان نییە"(گوزارەی ٤/١١١ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)

لە گوزارەی **١٠٩ی** لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا دەڵی؛

" فەلسەفە خەباتێکە دژ بە سیحر و جادووکردنی فام (شعور)ی ئێمە لە رێگەی زمانەوە"

ئەو ئیتر لای وایە کە "چەمکگەل فەلسەفی بابەتگەل ئەزموونی نین، بگرە لە رێگەی کارکردیی زمانەوە دێنە چارەسەریی .. ئەویش بە لەونێک کە هانمان بدا بۆ پەسندکردنی کارکردەکانی..." مانای وشە و دێر لای ئەو دەبێتە کارکردی ئەوان لەناو سیستەمی زماندا و بەس لە زماندا دێتە گەڕ و لە دەرەوەی زمان نییە..

(لە بەندی یەکەمی کتێبی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)دا بۆ وێنە دەڵێ: وا بزانن کەسێکمان بۆ کڕینی ئەم شتانە هەناردووە و لەسەر قاقەزێک بۆمان نووسیوە؛ پێنج سێوی سوور. ئەوا قاقەزەکە

دەبا و دەیداتە دەست دووکانداره‌که و ئەویش، کەشاوێ دەکاتەوە کە لەسەری نووسراوە "سێو" دواجار لە خشتەیەکدا، وشەی "سوور" دەدۆزێتەوە و وێنەی ڕەنگەکەی دەبینێ و ئیجا ژمارەکان دەژمێرێ ٤،٣،٢،١ تا دەگاتە پێنج و با بڵێین ژمارەکانی لەبەرە و بەپێی هەر ژمارەیەک سێوێک **(یەک سێو)** هەڵدەگرێ و ئا بەو جۆرە لەگەڵ وشەکان هەڵسوکەوت دەکا، بەڵام هەرگیز نازانێ لە کوێ و چۆن بۆ وشەی **سوور** بگەڕێ و چی لە وشەی "پێنج" بکا؟ با بڵێین ئەو کاری خۆی بەو جۆرە خستووەتە ڕێ، بەڵام بەڕاستی مانای وشەی "پێنج" چییە؟ شتی وا (پرسیاری وا) لە ئارادا نییە. بەس گرینگ ئەوەیە کە بە پێنج چۆن کار دەکەین و چ کارکردێکی هەیە. کابرای بەننا بە ئاماژەکردنێک بۆ ئاجوور بەبەردەستەکەی دەگەیەنێ کە هەڵدە! و ئەوێش ئاجوورێک هەڵدەخا بۆی، بەڵام چۆن ئاماژە دەکریتە ژمارەی **"نۆ"**؟ یان **"درێژایی"** بەس لە پێواندا دێتە کارکرد و کەس ناتوانێ وەک وێنە ئاماژەی پێ بکا

فەلسەفەی دووەمی ویتگونشتاین لەسەر ئەم دێرە وەستاوە کە دەڵێ **"بڕوانە و بڵێ"** واتە بەدوای ئەوەوە بوو کە وشەکان لە کارکردیی میتافیزیکی خۆیان بهێنێتەوە ناو کارکردیی ڕۆژانەی خۆیانەوە... ئەو لە سەرەتای کتێبی "ئاویی و **قاوەیی**"دا دەپرسێ کە؛ "مانا چییە؟ و خۆی وەڵام دەداتەوە کە زمان سەربەخۆیە، ماناکانی لەناو خۆیدایە.. واتە بۆ تێگەیشتن لە مانا بەس دەبێ هانا بەریتە بەر زمان. مانا نەک هەر لە زیهندا. بگرە لە جیهانی دەرەوەش نییە و پێوەندیشی بە هیچ دۆخێکی گونجاو و نەگونجاوەوە نییە و بۆ دەرکپێکردنی وشە یان دێرێک دەبێ بزانین بۆ هاتنەتە کارکرد؟ ئەوەی کە، ئەو کارکردە بزانێ دیارە ماناکەشی دەزانێ ... با نموونەیەک بهێنمەوە، کە پێشتر لە وتوێژێکیشدا ئاماژەم پێ کردووە.

وشەی **خەیار** لەم دوو دێرەدا دوو کارکردیی جیاوازی هەیە؛

١- **خەیار** کیلۆی بە چەندە؟

٢- ئەم خەیارە بخەمە ناو **پاکەت؟** تەنانەت ئەگەر دەوری خەیار لە هاونشینی لەگەڵ پاکەتدا بگۆڕین کارکردەکەی دەگۆڕدرێ؛ **پاکەتی خەیارەکە کوا؟** ساویلکەییە ئەگەر کەسێک ئەو دوو **خەیارە** بە یەک مووتیڤ ببینێ.

ویتگونشتاین دەڵێ :" ئێمە ئەو شتە بە گەمەی زمان دەزانین کە، لە ژیانی مرۆڤدا دەوری تایبەت دەگیرێ.. سەیر ئەوەیە بزانین کە، ئەم پێناسەیەی لە گەمەی زمان، دوای پرسیارێک سەبارەت بە داهێنانی هونەریی دێنێتە ئارا؛

**"ئەگەر کەسێک، ئاسمان** سوور و **گەڵاکان** ئاویی **بکێشێ، شتێکی کێشاوە؟**

**وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەرێ*! بە پێی ڕێساگەلێکی نوێ، لە گەمەیەکی نوێدا، شتێکی کێشاوە!"**

جەختکردنی ویتگونشتاین لەسەر دەوری تایبەتی گەمەی زمان لە ژیاندا. دەوری کارکردیی

زمـان گـرینگتـر دەکـاتەوە. هـەر کـەس دەتوانێ گـەمــەیەک سـاز بکا بۆ وەی ئەزمـوونی خـۆی یا ئەزموونی دەروونـیی خۆی پێ دەربـبڕێ.. ویتـگونشتاین دەڵێ: ئەو دەنگەی کە کەس تێی ناگا و من وا دەزانم تێی دەگەم، دەتوانێ گەمەیەکی کەسی بێ. گەمـەی زمان پێوەندیی دەخاتە نێوان هـەموو گەمە کەسییەکان و گرینگی چەمکی کارکردی زمان **یان چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەوەدایە؛**

**یک قصه بیش نیست غم عشق و زین عجب   از هر زبان که می شنوم نامکرر است**

ئەوەی باشـتـر بـتـوانێ لـەناو ئەو گـەمـانـەدا یاری بکا دیارە بـاشـتـر لە کـارکـردیی زمــان تێ گـەیشـتووە و ئەگـەر گـەمـەکە بەیاری فـوتبـاڵ دیاری بکەین و وشـەکان بە تۆپەکە، ئاشکرایە دەوری ئەو تۆپە لە هـەر خـاڵێکی یارییـەکـەدا و بەدەسـت هـەر کـام لە یاریزانەکـانەوە.. دەگـۆڕدرێ و یاریزانانێکی وەک پلە، مـارادۆنا، رۆناڵدۆ، مـیسی و ... وەک ئەو کـەسـانەی کە زیدەتر شـارەزای گەمەکە و کارکردیی تۆپەکەن .. دیارە باشـتریش "شووت" دەکەن و رەنگە لە رێسا و یاسـاکانیشی تێپەڕێنن

ویتگونشتاین دەڵێ:" ئەگەر بمانەوێ لێکۆڵینەوە بکەین، سەبارەت بە کاری منداڵێک کە، خەریکی فـێربـووونی زمـانە، لە راسـتـیـدا خـەریکی لێکۆڵینەوە لەسـەر گـەمـەیەکی زمـانی تایبـەتـین.. کـاتێک ئوگوسـتین باسـی فـێربوونی زمـان دەکا لە بیرەوەرییـەکـانی خـۆیدا، دەڵی " هـەوڵم دەدا ئـەمـئـەوەیی (این همـانی) بخـەمـە نێوان وشە و شـتـەکان.. " ویتگونشـتـاین دەڵێ لەوێدا ئێمـە بەس رووبەڕووی گـەمەیەکی زمـان بووینەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لامان وایـە هـەر گوتەیەک مـانایەکی تایبـەتیی هـەیە. بەڵام دوای ئەوەی فـێـر "دەلالەتی کـارکـردیی" ئـەو گوتـەیە دەبین، دەزانین کـە هێـشـتـا تواناییـیـە کارکردییـەکانی ئەو گوتەیەمان بەگشـتی نەناسیوە، بۆ وەی هـەر ئەگەرێکی بەکـارهێنان (کارکردی) گەمەیەکی نوێ ساز دەکا.

با پێکەوە بڕوانینە کارکردیی وشـەی "پەنجەرە" بۆ وێنە لە دوو دەقی جیاوازدا:

**" تەوژم و تین ئەگەڕا/ ئەگەڕا نوتفـەدانی پەنجـەرەکان/ وە مـاڵی بێ زگوزا/ پڕ ئەبوو/ لە بۆنی بەهـار"  فرووغ**

**خۆشەویستـەکەم/ لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە / چاوی من لە دیمـەنی کچی بەیانییە/ لە حەنجەرەی زەمانەوە/ گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە. "سوارە"**

بە سـووکـە ئـاوڕێک لە  کـارکـردیی وشـەکـان لـەناو دوو دێر و بەسـتـێنی زمـانیی جـیـاوازدا دەردەکەوێ کـە ناتوانین وەک یـەک مـووتیف دیارییـان بکەین. لە شـیـعـری فرووغـدا پەنجـەرەکان؛ ئەلف، زیندوون  ب، خـوازەن،  ج، کۆن (نەک تاک) د، ئاکتـیـون **و** پشت دەق دەمـانبـا بۆ بەهـار و زگوزا ا او تەنانەت جنس س س ... واتە پەنجەرە لای فرووغ کارکردێکی ژنانەیی هـەیە: **"یک پنجره که مثل حلقەی چاهی، در انتهای خۆد بە قلب زمین می رسد"**

بەڵام هەمان وشە(پەنجەرە) لە دەقی دووەمدا، **ئەلف،** شت (شیء)ە، **ب،** ئاکتیو نییە، راستە پەنجەرەی بوومەلێڵ "ئیزافەی خوازەییە، بەڵام ئەوە بوومەلێڵە کە جەختی لەسەر کراوە. "پەنجەرە"_ دەوری "حەنجەرە"_ دەگێڕێ لە دێری دواییدا. **ج،** تاک **ه د،** لە پشت دەقەوە دەمرێ یانی ئەگەر رووبەری یەکەم و دووەمی دەق هەڵدەینەوە پەنجەرەی تێدا نامێنی؛

رووبەری دەق(توێ مانایی یەکەم)؛ بوومەلێڵە (رووناکییەکەی لەوە دەچێ پەنجەرەیەک نیوەتاک کرابێتەوە) ماتڵێ بەیانیم.. توێی مانایی دووەم؛ لە بوولێڵی خەباتی بەرەو رووناکییدا گوێم لە زەمزەمەی رەوتەکەیە (کەوایە، لێرەدا پەنجەرە کوا؟ رەنگە ئەم دوو شیعرە شێوەی یەک بدەن، بەڵام یەک مووتیڤ نین).

پەنجەرە لە شیعرەکانی فرووغیشدا بەرە بەرە لە شتەوە بەرەو "خودێک روو بە زانست و روانین و بێدەنگی دەروون و ژنانەیی دەگۆڕدرێ ... لە ئەسیر"دا _ (واتە سەرەتاکانی کاری شاعیریی فرووغ) پەنجەرە رەنگە هەمان کارکردیی پەنجەرەکەی سوارەی هەبێ؛

**دختر کنار پنجره تنها نشست و گفت    ای دختر بهار حسد می برم به تۆ".**

واتە شت یان کەرەسەیەک بۆ پێوەندیی (دیتن و تەنانت بیستن..) بەڵام ئەوە لە قۆناخی دووەمی دەقی فرووغدایە کە مووتیڤی سەرەکی پەنجەرە (بە ٥٠ جار زۆر هات «بسامد»ەوە لە دیوانگەلی؛ زاینی سەرلەنوێ" و ئیمان بهێنین بە دەستپێکی وەرزی ...") دەبێتە ئەو مووتیڤەی کە رەخنەگران لێی دەکۆڵنەوە:

**"یک پنجره برای من کافی است    یک پنجره به لحظه آگاهی و نگاه و سکوت"**

لەم خوێندنەوەدا ئیتر پەنجەرە بەس بۆ دیتن نییە؛

**میان پنجره و دیدن همیشه فاصله هست،، چرا نگاه نکردم"**

بەگشتی سوارە لە شتێک بەناوی پەنجەرەوە (کچی بەیانی) دەبینێ، بەڵام فرووغ پەنجەرە وەک ژنانەیی یان خودی کچەکە دەئافرێنێ ێ ێ.. و دەیکاتە دڵی زەوی و لەوێوە دەیکاتەوە "**بە سوی وسعت این مهربانی مکرر آبی رنگ..** و زگ و زا لەمبەر و ئەوبەری پەنجەرەکەیدا بیچم دەگرێ؛

**سال دگر وقت بهار با آسمان پشت پنجره همخوابه می شود، و در تنش فوران می کنند... فوارهای سبز ساقەهای سبکبار شکوفه خواهد داد.. "**

بەڕاستی کە سوارە زۆری ماوە بۆ وەرگرتنی ئەو موتیڤە و لە دەسەڵاتی ئەویشدا نییە بۆ وەی سوارە "پەنجەرەیەکی ژنانەی" وەک فروغ نییە... با لە باسەکە لانەدەین. "گەمەکانی زمان بەگشتی وێکچوو نین، بەڵام هەنێ وێکچوویان تێدا بەدی دەکرێ، شتێک وەک شێوەکردن لەناو ئەندامانی بنەماڵەدا..." بۆ وێنە رەنگە شیعری کلاسیکی وەک گەمەیەکی تایبەت بەبۆنەی "عەرووز و بەدیع و قافیە" وێکچوو بنوێن، بەڵام ئەگەر لێیان ورد ببیتەوە دەبینی کە زۆربەیان عەرز و ئاسمان

جیاوازییان هەیە..

لە ئەنجامدا، وشەکان هەرگیز بەس کارکردێکیان نییە، ئەوان لە گەمەگەل زمانیی جیاوازدا ماناگەل نوێتر دەدەن بە دەستەوە. ئەم بۆچوونانە دوا جار شوێنپەنجەیان لەسەر کەسانی وەک دریدا و لیوتار و.. پاش مودێرنخوازەکان زۆر بوو .. کە لەم وتارەدا جێی نابێتەوە.

ئەگەر شیعریش وەک سیاسەت و زانست و هونەر و بابەتگەل کۆمەڵایەتی بە یەکێک لەو گەمەگەلە بزانین، دیارە بەهۆی مەیدان دان بە ئەوپەڕی وانواندنی زمان گەمەکەمان بەردەوام نوێ و نوێتر دەبێتەوە و کارکردی وشە و دێر زێدەتر و خێراتر دەگۆڕدرێ و ماناگەلی پێشووش لەگەڵ خۆی دەگۆڕێ. هەر بۆیە کاتێک نالی لە بری هەڵبژاردنی "کۆد"ێکی نیشانەیی لە سێ کۆدی (زمانی فارسی و عەرەبی و کوردی) کەڵک وەردەگرێ ڕێساکان دەگۆڕێ و بەهێزتر لە تۆپی گەمەکە دەسرەوێنێ و شیعرەکەشی تا عەرش دەگەیەنی... من پێشتر باسی "نالی و یارییە زمانییەکانی ویتگونشتاین"م کردووە و نامەوێ دووپاتیان بکەمەوە، بەس دەڵێم ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان شاعیرێک هەنێ لە ڕێساکانی پێش خۆی گۆڕی و هەوڵی سازکردنی گەمەیەکی تری دا .. زۆر لێی توورە مەبن .. لە **مێژوودا** ئاساییە ئەگەر دابی گەمەکان بگۆڕدرێ .. بۆ وەی نوێخوازی بەردەوامە و بە پشت بەستن بە ڕێفۆرم و **شۆڕش** و وێرانکردنەکانیەوە بەناوبانگە!

---

* یەکێک لە شاعیرانی دوورە وڵاتنشین دوای بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە؛ در عوز شعر می گیری..

**بد نیار قلبط را**

**فاحشه نیسطی**

**آنان سکوهای برج تری می فتح ند...**

نووسیبووی کە "ئەمە نە شیعرە و نە گەمەی زمانییە و نە گاڵتە و نەهیچ...."

دیارە بەڕاستی ئەو دۆستە نەک هەر ئاشنای ئەو گەمانە نییە، ناشزانێ کە زمان لەوە سەگترە وا ئەو بیری لێ دەکاتەوە... و ئاگاداریی کارکردی وشەی "هیچ"یش نییە .. هەر بۆیە "نە"کانی لە **هیچە** بە خەسار گێڕاوە. ئەمە گەمەیەکی ترە وەک ویتگونشتاین دەڵێ:" بە ڕێسا و یاسایەکی نوێوە.."

سەرچاوەکان؛

- ویتگنشتاین، لودویک، پژوهشهای فلسفی، ترجمه فریدون فاطمی، نشر مرکز،١٣٨٠

حقیقت و زیبایی- مقاله هنر به عنوان شکلی از زندکی - بابک احمدی -

"نگاه کن و بگو" ضیا موحد..

ویتگونشتاین و نطریة معنا ، آمنة غروري

٢- باسی جیاوازیی ئەو دوو جۆرە گەمەیەم لە وتاری "لەگەڵ شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردی"دا کردووە.

باس

# چوار ئەستوونی چیرۆک

عەباس مەعرووفی

لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد

هەر چیرۆک و رۆمان و هەر بەرهەمێکی شانۆیی چوار هۆکار یا چوار کۆڵەکەی هەیە، کە بەرهەم لەسەر ئەو جێ دەگرێ. ئەگەر یەکێ لە کۆڵەکەکان نەبێ یان تێک دەچێ یان بەرهەمەکە دادەرمێ.

بەرهەمی ئەدەبی بەپێزە. بۆیە زۆربەی نووسینەکان ناتوانن بە درێژاییی مێژوو، وەک شاکارە گەورەکان بمێننەوە. هەموو ساڵ هەزاران چیرۆک و رۆمان بەرهەم دێ و هەر دە ساڵ هەزاران چیرۆک و رۆمان دەرووخێ. مێژوو بێ بەزەییە. بەردەوام خەریکی دابێژانە. بەپاڵەوان و دژە پاڵەوان بە یەک چاو دەڕوانێ و بەرد سەرقاڵی دابێژانە. هێندەی کە وەک گەڵای زەردی پایز هەڵدەوەرێ تاکو لەژێر پێی رێبواران وردوخاش دەبێ ئەوانیش ورد دەبن و لە ئاکامدا «با» لەگەڵ خۆی دەیانبا.

مێژوو بێ بەزەییە. بەڵام مێژووی ئەدەب دڵڕەقتر لە مێژووی رامیارییە. مێژووی ئەدەب نە بەناوبانگی نووسەر و نە بە نووسەر وەفادارە. نە بەدڵۆڤانی دەرهێنەر و نە بەهیچ کەسی تر. مێژووی ئەدەب تەنیا بەبەرهەم ئەمەکناسە. نە گوێ لە قسەی رەخنەگەر دەگرێ و نە گوێ بۆ رۆژنامەنووس شل دەکا، نە چاو بۆ پارە دەکاتەوە و نە هیچ شتێکی تر.

کونەکانی بێژنگی مێژووی ئەدەب زۆر گەورەیە. نووسینی هەر چیرۆک و رۆمانێک چوار بەڵگە و چوار کۆڵەکەی هەیە، کاتی گێڕانەوە، شوێنی گێڕانەوە، بەڵگەی گێڕانەوە و بێژەر.

کات و شوێنی گێڕانەوەکە لە هەر بەرهەمێکی هونەری لەسەر مەنتیقی ئەرەستوییی دوو کۆڵەکەی سەرەکییە. باسێکی کۆنە و هەمیشەییە کە نووسەرەکان لە سەرەتاوە دەزانن کە هەر



بەرهەمێک خاوەنی یەکیەتیی کات و شوێنە. ئەستوونی سێیەم کە بەرهەمی ئەدەبی هەتاهەتایی دەکات هۆی گێڕانەوەی بەرهەمە.

هۆی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە چییە؟ بۆچی ئەم ڕۆمانەت نووسیوە؟ ئاخۆ نەخۆشیی شەخسی «مارسێل پرووست» بەڵگەی گێڕانەوەی «بە شوێن سەردەمی لە دەس چوو» بووە؟ ئاخۆ بەو هۆیە بووە کە ساڵانێکی قەیراناوی و سەخت و تاریک بەسەر پرووست تێ پەڕیوە؟

هەرچۆنێک بێ، مارسێل پرۆست نەخۆشییەکەی بە ژانێکی جیهانی دەرهێنا. کافکا لە ڕووی چ بەڵگەیەکەوە مەسخ دەنووسێ؟ و بەڵگەی گێڕانەوەی نامەکانی بۆ باوکی چییە؟

نامەکانی «کافکا» بۆ باوکی لە بەرهەمە گرینگەکانی ئەدەبی لە ئەژمار دێن، بەڵام هۆکاری گێڕانەوەی ئەم بەرهەمە چییە؟ من وا هەست دەکەم بۆ ئەوەیە کە کافکا نووسیویەتی. ئەمە پڕبایەخترین بەڵگەی گێڕانەوەی ئەم دەقە بە هەموو زمانە بیانییەکانە. بۆیە ناوی نووسەری ئەو نامانە کافکایە.

هەڵبەت هەرکەسێ بۆ باوکی نامە بنووسێ، بێگومان نامەکەی لە نێوان بەرهەمێکی ئەدەبی و

هونەریدا ناگونجێ. هەر ئەوەندە کە ناوت کافکا بێت بەسە. بەڵام کافکابوون، بەڵگە و نیشانەیەکی دەوێ. ڕەنگە هەر ئەم «مەسخ»ە بەڵگەی تەواوکەری هەبوونی کافکایە.

## گوێگر یا ڕوودەم؟

پێوەندییەک هەموو کات لە نێوان بەرهەم و ڕوودەم هەیە و ئەمە پرسیارێکە کە بەردەوام لە مێشکی ئەو هەڵدەگرسێ و دەکوژێتەوە. ڕوودەم بەردەوام لە نووسەر دەپرسێ: (بۆچی ئەم دەقەت نووسیوە؟)

سادق هیدایەت لە «کوندەبووە کوێرە» دەنووسێ: (چیرۆک تەنیا ڕێگەیەکی دەربازبوون بۆ گەیشتن بە خولیا نەگەیشتووەکانە) و دیسان هەر لەم بەرهەمە لەسەر کۆڵەکە و ئەستوونی چوارەم پێداگری دەکا: (من بۆ سێبەرەکەم دەنووسم)

سادق هیدایەت لە شاکارەکەی لەسەر ئەم خاڵە ئا بەم شێوە لەنگەر دەگرێ: کە لایەنی گێڕانەوە کێیە؟

سوێند دەخۆم کە زۆربەی نووسەران نازانن لایەنی گێڕانەوە چییە. ئەوان وا هەست دەکەن لایەنی گێڕانەوە هەر ڕوودەمە. دەڵێن ئێمە بۆ کرێکارەکان دەنووسین. ئێمە بۆ خوێندکارانی زانسگا دەنووسین. بۆ ژنان یان بۆ حەفتا ملیۆن مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە.

هەڵەکە لێرەوە دەس پێ دەکات و ئەو دەقە نابێت بە بەرهەمێک. بگرە دەبێ بە دەقێکی سەرتاپا ناتەبا. دەبێ بە نووسراوەیەک کە خوێنەر بەتەواوی تووشی هەڵە دەکات.

سادق هیدایەت دەڵێ: (ئەمن بۆ سێبەرەکەم دەنووسم) «ستاندال» بۆ نووسینی ڕۆمانی (ڕەش و سوور) تووشی گەلێ قەیرانی هەرە گەورە و ناخۆش دەبێ. ئەوەندە هەستەکانی بەسۆزە کە لە یەک لاوە پەرتووکی یاسای فرەنسا دەخوێنێ کە بە فێربوونی مەنتیق و یاسای وشک کەم تا کورتێک بتوانێ خۆی لە هەست و سۆزی ناسک ڕزگار بکا تا بتوانێ هەستەکانی لێغاو بکا کە بەرهەمەکەی نەبێت بەبەرهەمێکی ڕۆمانتیک. کەچی لەلایەکی ترەوە دەڵێ: پێم وا بوو خەریکم بۆ هەڤاڵێکم نامە دەنووسم.)

ئێستا دەتوانین بە دڵنیاییەوە تیشک بخەینە سەر ئەم قسە و بڵێن کە لە بنەڕەتەوە ڕۆمانی (ڕەش و سوور) نامەیەکە کە نووسەرەکەی بۆ هەڤاڵی خۆی نووسیوە.

لایەنی گێڕانەوە زۆر جیاوازیی لەگەڵ ڕوودەم و بیسەر هەیە. ئەگەر لایەنی گێڕانەوەکەی من لە چیرۆکێکدا براکەم بێت من ناتوانم لەو چیرۆکەدا بۆ نموونە بە براکەم بڵێم: (باوکمان کە مامۆستای قوتابخانەی هەدەف بوو...) و نایشتوانم پێی بڵێم: (ئێمە کە دوو برا و سێ خوشک بووین...) براکەم کە لایەنی گێڕانەوەی منە بەم زانیارییە ئاشکرایە واق دەمێنێ و دەڵێ: ئەم برایەم ئەقڵی لە دەس داوە؟

ئەگەر چوار ئەستوونی جەستەی چیرۆکەکەتان پتەوو ڕاوەستاو بێت هەتاهەتایە ناڕووخێ. جیاوازی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ داهێنەرەکەی هەر ئەم مەسەلەیەیە.





ڕێبین هەردی :

# مەزنترین و نەمرترین تێکستە گەورەکانی دنیا لە قەیراندا نووسراون

سازدانی: هیمداد شاهین



ئەم وتووێژە سەبارەت بەماناکانی ئەدەب لە ئێستادا و ڕاڤەکردنی بەشێک لەو مانایانە ئەنجام دراوە، وتووێژەکە بریتییە لەچەند پرسیارێکی ئەدەبی و گەڕانەوە بۆ جەوهەرە شاراواکانی دنیای ئەدەب لە ئێستادا و باڵادەست نەبوون و نەبوونی ئەدەب لە نێو کایە جیاوازەکاندا، لەمەوە دەکرێت ئەم وتووێژە گەڕانەوەیەک بێت بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی تری ئەدەب و خوێندنەوەیەکی دروستی تێکستە ئەدەبییەکانی ئێستا، چونکە وتووێژەکە پتر تایبەتە بە دۆخی ئەدەب لە ئێستادا.

* سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەم، ئاخۆ بەگشتی لە دنیای ئەمڕۆدا فەزای سیاسی باڵادەستترە یان فەزای ئەدەبی، واتا پێتان وایە لە ئێستاشدا ئەدەب شوێنی خۆی هەر ماوە لە کۆمەڵگە و کولتوورە مەعریفییە جیهانییەکان دا؟

– گومانی تێدا نییە نەک هەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بگرە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا سیاسەت بەشی شێری بەر دەکەوێت. ئەوەی لە سیاسەتدا روو دەدات کاریگەریی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی لەسەر ژیان و داهاتوومان دەبێت، سیاسەت چوارچێوەی رێگە پێدراو و نەدراو دەکێشێت و لە رێی یاساوە کاریگەری لەسەر رەفتاری تایبەتی و گشتی و تەنانەت خێزانیمان دەکات. سیاسەت لەگەڵماندایە تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەست دەکەین زۆر دوورە لێمان. تا سیاسەتیش هەبێت (کە بەردەوام هەیە) ئەدەب پێویستە بۆ ئەوەی وردەکاری ئەو جیهانە دەستنیشان بکات کە سیاسەت و کلتور تان و پۆیان دروست کردووە، ئەدەب هەموو کات هاوڕێی مرۆڤ بووە، تەنیا لەبەرئەوەی سیاسەت هاوڕێی زۆرەملێمان بووە، تا سیاسەت بێ، ئەدەب دەبێ، چونکە بێ ئەدەب ئەستەمە ئاست و رەهەند و جوانی یان وێرانی ژیان ببینین.

* پێتان وایە کورد ئەدەبێکی جیهانی هەیە؟ بە مانایەکی تر، دەکرێت بڵێین کورد پاکێجێکە لەو فەزا ئەدەبییەی کە ئێستا هەیە و خاوەنی ئەدەبێکی بەرز و گڵۆباڵە؟

– تەماشاکە ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لە شیعردا ئەدەبێکی بەرزی هەیە و هیچی کەمتر نییە لە ئەدەبیاتی شوێنەکانی تر. شاعیری گەورە و تێکستی شیعری گەورەمان هەیە. لەم دواییانەدا ئەدەبی ڕۆمانیش پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە دییەوە، ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی لە هیچ ڕۆمانێکی شاکاری شوێنەکانی تر کەمتر نییە. ڕۆمانی "خەونی پیاوە ئێرانییەکان"ی ماردین یەکێکە لەو شاکارە دەگمەنانەی کە هەست دەکەم لە ریزی ڕۆمانە باشەکانی دنیادایە. بەڵام ئەوەی کێشەی دروست کردووە نەبوونی بزوتنەوەیەکی چالاکی وەرگێڕانە کە جیهانی دەرەوە بەم میراتە شیعری و ئەدەبییە ئاشنا بکات. ئیمە هەم لە وەرگێڕانی زمانی ترەوە بۆ کوردی یەکجار فەقیرین. هەم لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر، تاکە کەسێک کە لەم رووەوە لە ئەدیبەکانی تر خۆشبەختتر بووە شێرکۆ بێکەسە کە چەند خەلاتیکی جیهانیی بردووەتەوە. هەرچەند دەرهەق بە دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی شێرکۆ هێشتا ئەم وەرگێڕانە بچووک و لاوازە.

خاڵیکی تر کە هەست دەکەم دەوری لەوەدا هەیە ئەدەبیاتی ئێمە وەک پێویست نەدرەوشێتەوە، پێوەندی بە ناو ئەدەبیاتی کوردی خۆیەوە هەیە. ئەدەبێک لە دنیادا ئاسانتر دەردەکەوێت و دەدرەوشێتەوە کە لەناو خۆیدا تەواو دەرکەوتبێت و درەوشاوە بێت. ئەوەشی وا دەکات ئەدەبێک بدرەوشێتەوە و دەرکەوێت، رەخنەی ئەدەبییە، ئەوە رەخنەی ئەدەبییە کە ستاتیکا و گرینگی و قووڵیی تیکستە ئەدەبییەکان دەردەخات و هۆشیاریی مرۆڤەکان بە بنیان فراوانتر دەکات. بەڵام ئێمە خاوەن بزووتنەوەیەکی رەخنەگری ئەدەبیی بەهێز نین. بگرە هەر ناتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی لەم جۆرەمان هەیە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و قسەکردن لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان لە نزمترین ئاستدایە. ئەو هەوڵە کەمانەش کە هەن کەمیان لە ئاستی پێویستدایە.

**لەم دواییانەدا ئەدەبی ڕۆمانیش پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە دییەوە**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند و فرە رەهەند و زۆر قووڵمان نییە. مێژووی ئەدەبیاتی کوردی زۆر لە مێژوودا ڕۆنەچووە و رووبەری زۆربەی ئەم مێژووە یان هەر نەبووە یان فەوتاوە. زۆر ئەستەمە مێژووی ئەم ئەدەبە وەک زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو بخوێنینەوە کە کاریان لەیەک کردووە. لێرەدا بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە مێژووی سیاسیی کورد کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر هەرە جومگە سەرەکییەکانی قەیرانەکانی ئەم ئەدەبە هەبووە.

* تا چ ڕادەیەک ئەدەب لە دنیای ئێمە ئەدەبێکی شەرمنە؟

– ئەگەر مەبەستت شەرمنیی ترس بێت لە دەستبردن بۆ ئەو شتانەی لە رووی کۆمەلایەتییەوە هەستیارن.. ئەوا لەو بڕوایەدام وا ئەدەبیاتی ئێمە شەرمن نەبووە و بگرە زۆر راشکاو و ئاشکرا بووە. بڕێکی زۆر لە ئەدیبی ئێمە دەستیان بۆ شتە یەکجار حەرامەکان بردووە و کردوویانە بە بابەتی تێکستی خۆیان. ئەدەبی شێرزاد حەسەن باشترین نموونەیە کە بڕێکی زۆر لە تێکستەکانی تەرخانە بۆ قسەکردن لە ئازادی فەردی لە هەرە ئاستە هەستیارەکەیدا.. لە جنس و پێوەندی خێزانییەوە بۆ سیاسەت و دین. رۆمانەکانی بەختیار دەستی بۆ هەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و جنسی و جیاوازیی رەگەزی بردووە. بەلام ئەگەر مەبەستت لە شەرمنیی فەقیری فکری و نەبونی قوولاییی مێژوویی بێت، ئەوا هەست دەکەم ئەدەبیکی زۆر شەرمنە کە دەبێت بە زەڕەبین بۆ تێکستی ئەدەبی شاراوە یان ونبوو یان فەوتاو بگەڕێت. ئەدەبێکە زۆر فەقیر لە ئاگەداربوون لە رەوتی ئەدەبی دنیا و بەرهەمەکانی و ئاستی گەشەکردنی، لاوازترین بزووتنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی تێدایە. لە رووی تیۆرییەوە یەکجار لاوازە و خاوەنی ئەو کەرەسە منهەجییە جیاوازانە نییە کە تیشک و روانگەی جیاواز بۆ تێکستە ئەدەبییەکان دەولەمەند دەکەن.

* زمانی نووسینی ستاندارد تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر  بە گلۆبالیبوونی ئەدەبی نەتەوەیەک؟

– بڕوا ناکەم زمانی ستاندارد کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت. ئەشێت بوونی ئەم زمانە وا بکات ژمارەیەکی زۆرتری خوێنەری هەمان نەتەوە لە تێکستەکە تێ بگەن و بیخوێننەوە. بەلام کەمی و زۆری خوێنەر پێوەندی بە ئەدەبی باش و خراپەوە نییە. تێکستێکی ئەدەبی بە ناوەڕۆک و شێواز و چنین و وشەکانی دەتوانێت ئەگەر بە زمانێکی ناوچەیی بچووکیش نووسرابێت. لە سەتان تیکستی تر کە هەمان سیفەتیان نییە، بەلام بە زمانی ستاندارد نووسراون گرینگتر و قووڵتر و مەزنتر بێت. نەتەوەگەلیک هەن کە یەک زمانی ستانداردیان نییە و ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەدەبەکەیان نەبووە. لەو بڕوایەدام تێکستی ئەدەبی زۆرتر بە ناوەڕۆک و شێواز و ئەدەبیەتی ناوی، بوونی خۆی دەسەلمێنێ یان نا.

* بڕواتان بەوە هەیە کە رۆژێک لە رۆژان کوردێک خەلاتی نۆبل وەربگرێت لە ئەدەبدا، بە بێ هەبوونی زمانێکی نەتەوەییی ستاندارد؟

– بۆ نا، بێگومان ئەشێت. چەند جارێک ناوی شێرکۆ بێکەس لە لیستە سەرەتاییەکانی نۆبلدا هاتووە، زۆر لەو بڕوایەدام ئەگەر تێکست و کارەکانی ئەم شاعیرە وەربگێڕرایەتە سەر زمانەکانی

تر، شانسی وەرگرتنی ئەم خەڵاتەی گەورەتر دەبوو.

* لە شوێنێک دا گوتبووتان کورد شەڕی وجودیەتی کردووە، ئاخۆ کردنی ئەم شەڕی وجودیەتە کاریگەری هەبووە لەسەر زمان و ئەدەبی نەتەوە؟ واتا هەبوونی شەڕێک بە ناوی شەڕی وجودیەتەوە ئەژنۆی دنیای ئەدەبی ئەم نەتەوەیەی نەشکاندووە؟

– ئەم قسەیە یان راستتر ئەم بۆچوونە قسەی بەختیار عەلییە کە لە زۆر لێکۆڵینەوەیدا باسی کردووە. بگرە بەختیار کاریگەری و دەرکەوتنی ئەم گوتارەی لە ئەدەبدا دۆزییەوە و قسەی لەسەر کرد. واتە لە بنەڕەتدا ئەم گوتارە باشترین و دیارترین دەرکەوتی خۆی لە ئەدەبدا دۆزیوەتەوە. ئەم گوتارە تێکست و ستاتیکای خۆی بەرهەم هێناوە، بەشێکی زۆر لە جوانترین تێکستەکانی ئەدەبی کوردی لەژێر کاریگەریی ئەم گوتارەدا نووسراون. ئەم گوتارە کە بەختیار ناوی ناوە گوتاری مانەوە خۆی لەژێر کاریگەریی هەلومەرجێکی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتیدا بەرهەم هاتووە. دۆخێک کە تێیدا چ لە ئاستی زمان و چ لە ئاستی سیاسیدا و چ لە ئاستی وجودیدا، سەلماندنی بوون پیش هەموو شتێکی تر دەکەوێت. بەڵام بێگومان زاڵبوونی ئەم گوتارە دەوری لەوەدا هەبووە ژمارەیەکی زۆر لە تێکستی ئەدەبی ئێمە بەهۆی ئەم گوتارەوە دەستی بۆ رەهەندەکانی تری ژیان نەبردووە و لەسەریان نەوەستاوە. بەڵام ئەم گوتارە ئەمڕۆ درزێکی گەورەی تێ بووە. ئەو هەوڵ و تێکستانە پەیدا بوون کە لەژێر کاریگەریی ئەم گوتارەدا نین و زیاد لە رەهەندێکی ژیان و بوون دەخەنە ژێر پرسیارەوە. قووڵاییەکی زیاتر لە ئەدەبی ئێمەدا پەیدا بووە کە هەم لە شیعر و هەم لە تێکستی تردا رەنگی داوەتەوە. ژمارەیەکی زۆری چیرۆک و رۆمان و شیعر هەن کە لەژێر زەبرەکانی ئەم گوتارەدا نین و ئاسۆی زۆر کراوەتر و پرسیاری فرە رەهەند لە بوون و ژیان و ماناکانی دەکەن. لەبەرئەوە پیم وانییە ئەم گوتارە لە پاشەکشێدایە و ئەو دەرکەوتە بەرفراوانەی لە ئەدەبیاتا نەماوە.

* دەتوانن ڕوونی بکەنەوە لە دنیای ئێمەدا ئەدەب سەر بە چ مۆدێلێکە؟

– بڵێم چی پرسیارێکی گرانە. من رەخنەگری ئەدەبی نیم و رەنگە ئەوان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. بەس من خۆم بڕوا ناکەم مۆدێلێکی تایبەت بە ئەدەب هەبێت، پێم وایە لە قۆناخی فرە مۆدێلداین. لە قۆناخێکداین زیاد لە مۆدێلێک دەتوابێت هەبێت. زیاد لە سەردەمێک بوونی هەبێت، زیاد لە سەلیقەیەک لە تەنیشت یەکەوە دابنیشن. پێم وایە ئەو قۆناخە کۆتاییی هات یەک مۆدێل و یەک ستایل و یەک جۆر ستاتیکا هەبێت. رەنگە ئەمە خۆی خەسڵەتێکی دیاری ئەم سەردەمە بێت کە پێی دەگوترێت پۆستمۆدێرن. سەردەمێک رێگە دەدات کولتووری زۆر دوور لەیەک، سەردەمی زۆر دوور لەیەک، سەلیقەی زۆر جیاواز لەیەک لە پاڵ یەکدا هەبن و هەر

هەمووشیان لەزەت گەیەن بن.

* هەست ناکەن لە دنیای ئەدەبی ئێمە دا تاک و تەرا ئەدیب هەن کە جیاواز بن لەوی تری ئەدیب؟

– لە راستیدا لە بنەڕەتدا ئەدیبمان کەمن، بەس ئەوانەی کە هەن بێگومان جیاوازن لەیەک شیرکۆ بێکەس لە بەختیار عەلی جیایە.. شیعری دلاوەر قەراغی و هیوا قادر زۆر جیان و هەردووکیشیان لە جەمال غەمبار جیان.. کەریم دەشتی وەک دلشاد عەبدوللا نییە، ماردین رۆماننووسێکی جیایە لە بەختیار عەلی و هەردووکیشیان لە شێرزاد حەسەن و کاروان کاکە سوور جیان. دەنگی ئارامی کاکە فەلاح دەنگی عەتا محەمەد نییە.

نا من براوام وایە دەنگەکان تایبەتن و هەر یەکێکیان شێواز و روانین و پرسیاری تایبەتی خۆی هەیە کە پێویە سەرقاڵە. هەست دەکەم ئەوە کێشەی لاوازی رەخنەی ئەدەبی کوردییە کە نەیتوانیوە ئەم شتانە دەستنیشان بکات.

* تا چ ئاستێک نەوەی نوێ دڵداری لەگەڵ حوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان دا کردووە؟

– هەست دەکەم تا ئیستاش زۆرینەی خوینەر و کڕیاری بەرهەمی ئەدەبین تا هەر بوارێکی تر. تا ئێستاش دنیای ئەدەبی ئێمە زۆرترین خۆینەری هەیە لەچاو بوارەکانی تردا. بێهوودە نییە تاکە کتێبێک ١٠٠٠٠ هەزار نووسخەی لی چاپ کرا رۆمانەکەی بەختیار عەلی بوو. تا ئێستاش شیعر زۆرترین خۆێنەری هەیە و گەنجانێکی زۆر بە شەوقەوە دەیخۆینەوە، بگرە تا ئێستاش زۆر بە دەگمەن کۆڕێکی فکری دەتوانێت مونافەسەی کۆڕێکی شیعری بکات لە رووی ژمارەی ئامادەبووانەوە. من جارێکی تریش گوتوومە ئەگەر ئێمە فەقیریی خۆێنەرمان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ فەقیریی کتێب. نەک بەپێچەوانەوە.

**باشترین شت بکرێت دەوڵەمەندبوونی جیهانی فکری و ئەدەبی ئینسانی ئێمەیە**

* بە بڕوای ئێـــوە ئەدەبی نەوەی نوێی ئەم نەتەوەیە لە چ ئاستێکدایە؟ ئاخۆ ئەدەبێکی تێکشکاو نییە؟ واتا نەوەی نوێ

قودرەتی بنیاتنانی ئەدەبێکی جیهانی هەیە کە گوزارشت لە خۆی بکات؟

- ئەم پرسیارانە زۆر گرانن بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک من کە دۆست و خوێنەرێکی سادەی ئەدەبم بەلام پسپۆڕ نیم تێیدا. بەڵام هەست دەکەم هێچ ئەدەبێک نابێتە ئەدەبێکی جیهانی ئەگەر خۆماڵی نەبێت، هەر ئەدەبێکیش توانی بە باشترین و جوانترین و تەکنیکیانەتر شێواز قسە لە جیهانی لۆکاڵی خۆی بکات، زیاتر دەبێتە ئەدەبێکی جیهانی. بەجیهانیبوون لە گەڕەک و کۆڵان و شەقامەکانی خۆمانەوە دەست پێ دەکات. قسەکردن لە ئەدەبی نەوەی نوێ بەجێ دێڵم بۆ کەسانێک کە زیاتر شارەزای ئەم ئەدەبەن.

* ئاخۆ قەیران هەیە لە بەردەم ئەدەبی نەوەی ئێستادا؟ ئەگەر هەیە دەتوانن زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟

- بێگومان.. قەیرانی سەرەکی و کوشەندە فەقیریی کتێبخانەی کوردییە. چەندان جاری تر گوتوومە ڕەنگە ئێمە خاوەن فەقیرترین کتێبخانە بین لە جیهاندا. بزووتنەوەی وەرگێڕان ئەوەندە کز و لاواز و کەمە کە بە نەبوو حسابی بۆ دەکرێت. کەمترین ڕۆمان یان شیعر یان ڕەخنەی ئەدەبی یان تیۆرەکانی ئەدەب بەزمانی کوردی وەرگێڕاوە. نەوەی نوێ لە بەردەم کتێبخانەیەکدایە کە بە هیچ شێوەیەک نە فزولیەتی فکری نە ئەدەبی تێر ناکات. کە کتێبخانەش فەقیر بوو، مانای وایە خەیاڵی ئەدەبی و فکری فەقیرە، چاوی بینین لاوازە و هەستیاری بە شت و ڕووداوەکان لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. کەس لە سکی دایکیەوە نابێت بە ئەدیب و نووسەر.. ئەم کارە پێویستی بە دەوڵەمەندی فکری و تیۆری و خوێندنەوەی بەردەوام هەیە. لەبەرئەوە گەورەترین تەحەدا لە بەردەم ئەم نەوەیەدا ئەوەیە دەبێت بە تەنیا پشت بە کتێبخانەی کوردی نەبەستێت و خۆی فێری زمانی بێگانە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕوانینی خۆی بۆ دنیا فراوان و گەورە بکات.

* ئەگەر ئەدەبی نەتەوەیەک قەیرانێکی ئاڵۆز و گرفتی گەورەی تێدا بێت، پێتان وایە ئەدەبی ئەو نەتەوەیە مەرگی خۆی ڕاگەیاندووە؟

- بێگومان نەخێر، زۆر قسەیەکی ناڕاستە، لەبەرئەوەی ئەدەب خۆی یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی مرۆڤ بۆ قسەکردن و دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو قەیرانانە. ئیمتیازی ئەدەب ئەوەیە بەر لە چاو و هەستی بوارەکانی تر قەیران دەبینێت و قسەی لەسەر دەکات و تیشکی دەخاتە سەر. ئەدەب هەردەم پێشەنگ بووە بۆ ئەوەی وردتر، هەستیارتر لە قەیران و گرفتەکان بڕوانین. ئەدەب چاوێکە پێش ئێمە دەبینێت و پێش ئێمە هەست دەکات و پێش ئێمەش دەبیستێت. ئەدەب هەردەم و هەردەم بانگی کردوین ئەو شتانە ببینین کە نەماندیوە، هەستێکمان باتێ کە

پێشتر نەمانبووە. لەو شوێنەدا کە وامان هەست کردووە هیچ گرفت و کێشە و قەیرانێک نییە، ئەدەب دێت بۆ ئەوەی بیرمان بخاتەوە بە هەڵەدا چووین دنیایەک گرفت و کێشە و قەیرانی گەورە و بچووک هەیە کە ئێمە نایبینین. مەزنترین و نەمرترین تێکستە گەورەکانی دنیا لە قەیراندا نووسراون و بگرە رەنگە مەزنێتی و نەمرییان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بە باشترین شێوە قسەیان لەو قەیرانە کردووە. کەس بەقەد چارلز دیکنز توانیوێتی باسی گرفت و قەیرانەکانی سەردەمی ڤیکتۆری بکات؟ کەس بە قەد گابریل گارسیا مارکیز دنیای ئەمەریکای لاتینی ناسیوە و گرفتەکانی باس کردووە؟ ئەدەبی یەشار کەمال لەبەرئەوە گرینگ نییە کە لە پشت مۆدێرنبوون و پیشەسازیی تورکیاوە، قەیرانی جیهانی تەقلیدی لە تورکیادا باس دەکات. گرینگی نەجیب مەحفوز ئەوە نییە کە پەنچە دەخاتە سەر ئامادەبوونی قەیرانی ژن و دین لە جیهانی مرۆڤی مسریدا.. پێم وایە قەیران نەک مەرگی ئەدەب راناگەیەنێت، بگرە زەرورەتی بوون و بەردوامی دەسەلمێنێت.

* چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەدەبی نەتەوەیەک لە قەیرانی زەبەلاح رزگار بکرێت؟

- وەک وتم باشترین شت بکرێت دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە.. بزووتنەوەیەکی وەرگێرانی فراوانە.. فێربوونی زمانی ترە.. دەوڵەمەندبوونی جیهانی فکری و ئەدەبی ئینسانی ئێمەیە. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند دروست بکە. لە ئاستی پەروەردەدا هەر لە سەرەتاوە خوێندکاران ئاشنای کتێب بکە، حەزی خوێندنیان تێدا دروست بکە، هەوڵ بە لە هەموو گەڕەکێکدا کتێبخانەیەکی هەبێت. ئەم شتانە بکرێت، هەموو شتێکی تر ئاسانە.

جارێکی تر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**قەیران نەک مەرگی ئەدەب راناگەیەنێت، بگرە زەرورەتی بوون و بەردوامی دەسەلمێنێت**

دیمانە

لەگەڵ ئەحلام موستەغانمی:

# من سەرکردەی سوپایەکم سەربازەکانی خوێنەرەکانمن

وەرگێڕانی: سـەنگەر زراری



چەکی نووسەر هیچ نییە جگە لە ناوێکی پاک، شتەکە پێوەندیی بە پایەبەرزییەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەو بەرپرسیارێتییەوە هەیە کە نووسەر وا لیَ دەکات لە ترسێکی مێژووییدا بژی و ترسی لەناوچوون و سڕانەوەی قەڵەمەکەی هەبێ

***

نووسەر یەکسانە بەو کێشەیەی دەیخاتەڕوو، نەک یەکسان بێ بەوەی کە کارەکانی بۆ چەند زمان وەردەگێڕدرێن یان چەند خەڵات بەدەست

ئەو هەمیشە وایە.. ئافرەتێکە لە کەناری دانپێدانان و دۆزینەوەدا رادەوەستێ، وشەکانی بێ جوانکاری و بێ پێچ و پەنان.. وەکو خوویەکی هەمیشەیی، سووره لەسەر ئەوەی خۆی بە قوڵایی برینەکاندا بکات، نەک لەبەرئەوەی کەسێکی سادییە و لە خۆڕا وا بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی تەواو هەست بەوە دەکات کە ئەمە دوا چارەسەری سووتانە.

ئافرەتی هەزاران کێشەیە.. نووسەرێکە پارێزگاری لە شێوەزارە جەزائیرییەکەی خۆی دەکات و پێی وایە ئەمە دواهەمین قەڵای غوربەتە.

لە غوربەتیشدا ویستوویەتی بناغەی ئەو بیرۆکەیە دابنێ کە (ئەو وڵاتەی چەکی لێ دەڕوێ بەهەمان ئاست قەڵەمیشی لێ شین دەبێ). شانازی بە رۆژانی گۆرانی رەسەنی جەزائیری و پیاوەکانییەوە دەکات. زۆر بەتووندیش رەخنە لەم لاساییکردنەوەیەی ئەمڕۆ دەگرێ، هیچ کات خەمە قووڵەکانی ناشارێتەوە لە ئاستی بچووکبوونەوەی کێشەکانمان و لە ئاستی ئەوەی کە چۆن خوێنی ئێمە بەو جۆرە بێ بەها بووە و هیوا و ئاواتەکانمان بچووک بوونەتەوە.. (ئەحلام) کە لە هەموو شتێکدا بە دوای نموونەییدا دەگەڕێ، وەکو نووسەرێکی نێرگزی تووشی شۆک بوو لەوەی (یادەوەریی جەستە)ی لە تەلەفزیۆن بەشێوەی زنجیرە بینی و لە نیوەی دووەمیدا بەرەو ئاراستەیەکی خراپ برابوو، ڕووبەڕووی وەستایەوە تا بە پێی توانای خۆی رزگاری بکات، سەرزەنشتی کۆمپانیای بەرهەمهێنانەکەشی کرد، بە هۆی ئەوەی هەندێ بەشی جوانی شاری (قسەنتینە) و جەزائیری شاردووەتەوە.

(ئەحلام موستەغانمی) نووسەرێک کە دەبێ وەکو گشتێک وەری بگری و ناتوانی وردەکارییەکانی دابەش بکەیت، لەم گفتوگۆیەدا مرواری بیروبۆچوون و راستییە جیاوازەکانی بۆ جێهێشتین بە جیاوازیی هەموو ئەو کێشانەی هەن و وەکو مەترسییەکی ناوەکی دەردەکەون.

* هەر کەسێکی جەزائیری خۆشحاڵە کە باسی تۆ دەکات، چونکە وا هەست دەکات تۆ لە هەر شوێنێک بیت، هەڵگری شوناسی جەزائیری، تەنیا بە شێوەزار و دەربڕینە میللییەکانیش قسە دەکەی، چۆنە ئەوە ماوەی سی ساڵە تۆ لە غوربەتی و ئەو هەموو هاتووچۆیە عەرەبی و جیهانییە نەیانتوانیوە جێپەنجە لەسەر کەسایەتی و زمانەکەت دابنێن؟

- ئەمە پرسیاری زۆربەی ئەو جەزائیرییانەیە کە لە رۆژهەڵاتی عەرەبی و کەنداوی عەرەبی دەیانبینم و لێمی دەکەن، ئەوان پشتگیریم دەکەن، سۆزێکی گەرمیان تێدا دەبینم بەهۆی ئەوەی قسەکانم بەپەندی میللی و دەربڕینە (دورزی)یەکان دەوڵەمەند دەکەم، لەوانەش: بەڕێز و خۆشەویست (خەدیجە بن قنە) و راگەیەندکاری هاوڕێم (محەمەد حونەیبش) و (دەحو عەبدولحەفیز) کە لە دەوحە دەیانبینم، هەروەها هاوڕێی ئازیز (فەزیلە سویسی) و هاوڕێم (مودنی

عامر) كه چەند جارێ دەچمە (ئەبوزەبی) لەگەڵیان دادەنیشم، هەموویان بە سۆز و خۆشەویستییەکەیانەوە لە دەورم کۆ دەبنەوە و ئەوەی کۆشمان دەکاتەوە، ئەو زێدە ڕەسەنیبوونەی جەزائیرە کە سەرەڕای سالانی زۆری غوربەت لە ویژدانماندا نیشتەجێیە، ئێمە لە مینبەرەکانەوە بە زمانێکی پاراوی بالا دەدوێین، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆهەڵاتی عەرەبی بسەلمێنین کە ئێمە (عەرەببیبوون)مان لەوان کەمتر نییە، لە ژیانی ڕۆژانەشدا بە شێوەزاری پەتیی جەزائیری قسە دەکەین بۆ ئەوەی لەو جەزائیرییانە کەمتر نەبین کە لە جەزائیر دەژین. لەوانەیە من وەکو خۆم حاڵەتێکی ریزپەڕ بم بە بەراورد لەگەڵ ئەو جەزائیرییانەی لە دەوروبەرمدان و چەند ساڵێک دوای من گەیشتوونەتە لوبنان، هەندێکیان تازە بە تازە گەیشتوون، بەڵام بەڕەوانی بەشێوەزاری لوبنانی قسە دەکەن و پێی کاریگەرن، ئەوەی من توانیومە دوای سی ساڵ بیکەم، ئەوەیە کە بە شێوەزاری ڕۆهەڵاتی عەرەبی قسە دەکەم، تا ئەو رادەیەی کاتێ قسە لەگەڵ هەندێکیان دەکەم وا دەزانن من تازە گەیشتوومەتە لوبنان و دەربارەی ئەوە پرسیارم لێ دەکەن کە لوبنانم بەلاوە چۆنە؟! لەو باوەڕەدام کە شێوەزاری مرۆڤ، دوایەمین قەلایەتی لە غوربەتدا، پێویستە بەرگری لێ بکات، چونکە زمان خوێنە، مرۆڤ ناتوانێ گرووپی خوێنەکەی تەنانەت لەگەڵ براکەشیدا بگۆڕێتەوە، ئەمە ئەگەر ڕەسەن بێت، شێوەزاریش وایە، کەچی هەندێک لە ڕۆهەڵاتییەکانی ولاتانی عەرەبی تا ئێستاش باوەڕ بەوە ناکەن کە ئێمە لە جەزائیر بە عەرەبی دەدوێین، لەکاتێکدا لەوانەیە بە هۆی شارەزاییمان لە زمانەکە هاوشێوەی ئەوان و هەندێجار لەوانیش باشتر بە عەرەبی قسە بکەین، هەمیشە بەو جۆرە کەسەم گوتووە: ئێمە لە نەوەیەکین شانازی بەوە دەکەین کە عەرەبی لە ناو جەزائیر فێر بووین نەک لە دەرەوەی جەزائیر، وەکو من و هەموو ئەو ڕاگەیەندکارە جەزائیرییانەی ئەمڕۆ ئەستێرەی شاشە عەرەبییەکانن، یان بەڕێوەبەریانن، ئێمە لە زانینی عەرەبی لە کەس بەرزتر نین، بەڵکو خۆشەویستیمان بۆ عەرەبی زیاترە، هۆگریی و شەیداییمان بۆ ئەم زمانە، نهێنی قەڵەمە عەرەبییە نایابەکانە کە ئەدەبی جەزائیری و نووسەرەکانی نەوەی منی لێ لەدایک بووە، وەکو ئەوەیە لە هەموو ئەو شتانەی دەیڵێین و دەینووسن، بەردەوامی بە شەڕێک بدەن، لەوانەیە ئەمە ڕاست و ڕەوا بێت، چونکە من ئاواتەخوازم بیسەلمێنم لە ولاتێکدام تەنیا چەکی لێوە سەرهەڵنادات، بەڵکو قەڵەمیشی لێ لەدایک دەبێ و بە قەڵەم دەچێتە شەڕەکانەوە، بۆیەشە نەتەوەکان بەو ئەندازەیەی شانازی بە سەرکردە و پیاوە ئازاکانیانەوە دەکەن، بە هەمان ئەندازە شانازی بە نووسەرەکانیشیان دەکەن.

* بەڵام تۆ لە وتارێکتدا بە ناونیشانی "ولاتی گۆرانیبێژان.. نیشتمانەکانمن"، دەڵێیت کە نیشتمانەکان وایان لێ هاتووە بە گۆرانیبێژەکانیانەوە پێوەست دەکرێن و ناوبانگ دەردەکەن، نەک بە پیاوە ئازاکانیان، ئەم وتارە بەم دوایییە لە زیاتر لە شوێنێک بلاو بووەوە، ئایا ئەم وتارەت تا ئێستاش کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەمداین

گونجاوە؟

– بەسروشتی وایە، چونکە ئێمە ئێستا لە سەردەمی گۆرانیبێژەکاندا دەژین.. بەڵگەش ئەوەیە کە بەداخەوە هەموو هیوا و ئاواتی گەنجی عەرەب لەوەدا بچووک بووەتەوە چۆن ببێتە گۆرانیبێژ، بەلای ئەو گەنجانەوە، ئەمە ڕێگایەکی کورت و خێرایە بۆ پایەبەرزی و ناوبانگ و دەوڵەمەندبوون، بەبێ ئەوەی بخوێنن و خۆیان بۆ پلەوپایە بەرزەکان ئامادە بکەن، نەتەوەش ئامادەسازیی بۆ کردوون و پشتگیریی ئەم دەستە بێ ئومێدەی گەنجەکانی ئەمڕۆ دەکات، بە دیدی من، ئەمە کورتترین ڕێگای کوشتنی کێشە گەورەکانی عەرەبە.

* یەک جار کوشتن؟

– تەنانەت کێشەکانیش نەماون، کێشەکان کوژراون.. تەماشاکە.. نەوەی ئێمە ئامادەیی ئەوەمان تێدابوو لە پێناو ئەوەی کێشەیەک ببینین، خۆمان بەکوشتن دەدا، بەڵام ئێستا هیچ کەسێک لە پێناو نیشتمان یان لە پێناو بیروباوەڕ نامرێ. ژاپۆنییەک دەمرێ و ناگری، تەنانەت خۆشی دەکوژێ، ناگری، بەڵام هاوڵاتییەکی عەرەبی دەگری و بە ڕیزە لەبەردەم باڵیۆزخانەکان دەوەستن بۆ ئەوەی ناویان بنووسرێ، بە ڕیز ڕاوەستاون بۆ ئەوەی فۆرمی بەرنامەی (ستار ئەکادیمی) پڕ بکەنەوە، خوێنی ئێمە چەندە هەرزان بووە، هیوا و ئاواتەکانمان بچووک بوونەتەوە، جێی داخە گۆرانیبێژ بووەتە ئەو ئەستێرە و پێشەنگ و مامۆستایەی کە نەوەکان پێ دەگەیەنێ و بوونەتە مەرجەعی ململانێی شتە تازە بابەتەکان.

* بە چاوپۆشی لە جوانی و قەشەنگییەکەی، خۆ ئەم گۆرانیبێژەش پەیامی خۆی هەیە؟

– ئەم پەیامە پڕ شکۆیە لە کوێیە؟ ئایا نەوەی (ستار ئەکادیمی) پەیامێکی شکۆمەندانەیان هەیە؟ لەسەر ئەوە بەڵگەم بدەیە؟

* سەبارەت بە گەنجێکی وەکو خالید، من لە کاتێکدا گوێم لێ دەگرت کە جەزائیر لە گۆشەگیرییدا بوو، تۆ لە وتارەکەتدا بە گەمژە وەسفت کردووە، ئایا ڕەخنەکانی تۆ توندوتیژ نەبوون؟

– نەمگوت گەمژەیە، بەڵکو گوتم: "پێکەنینەکەی گەمژانەیە"، چونکە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بە پێکەنین دەدایەوە، لە هەموو هەڵوێستەکانیدا جگە لە پێکەنین هیچی دیکەی نەبوو، سەبارەت بەوەی لە سەردەمێکدا ناوبانگی دەرکرد کە جەزائیر گۆشەگیر بوو، ئەمە دەبوو هەستی بەرپرسیارێتی ئەو زیاد بکات، ڕێگەم بدە ئەوە روون بکەمەوە کە گۆرانیبێژی ڕۆشنبیریش هەن،

من داوام لە خالید نەکردووە کەسێکی رۆشنبیر بێت، بەڵام بەهۆی ناوبانگەکەیەوە وێنەیەکی راستی جەزائیری پێشکێش نەکرد، وێنەیەکی پێشکێش کرد کە لە ئێمە نەدەچوو، پێش چەند ساڵێک لە بەرنامەیەکی فرەنسیدا بینیم، گوارەی لە گوێ کردبوو، سەگێکیشی لە پەنای خۆی دانابوو، ئەمە نموونەی گەنجی جەزائیریی نییە، لە سەردەمی مندا، ئەوەی گۆرانی دەگوت پەیامێکی شکۆمەندانەی هەبوو، بۆ نموونە (عەبدولحەمید عەبابیسە و رابیح دەریاسە و ئەحمەد وەهبی)، ئەمانە نوێنەرایەتی هونەری جەزائیرییان دەکرد، بە رووخسار و بە توانا و پیاو بوون.

* کەواتە بە دیدی (ئەحلام موستەغانمی) لەم سەردەمەدا جگە لەو گۆرانیبێژانەی هیچ پەیامێکیان نییە، کەسی دی جێگەی نابێتەوە، ئایا سەردەمی رۆشنبیر بەسەر چووە؟

– هەڵبەت گەیشتووینەتە ئەم سەردەمە و حکوومەتەکانیش هانی ئەم جۆرە کەسانە دەدەن کە خۆیان دەرخەن و باڵ دەربێنن، لە بەرامبەر ئەو وزەیەی گەنجان هەیانە، ئەمڕۆ ناوبانگ و بە ئەستێرەبوون لە نێوان دوو کەسدا دابەش دەبێ، ئەوانیش: (گۆرانیبێژ) و (وەرزشوان)ن، فیکر چووەتە پلەیەکی لاوەکی، بەتایبەتی رۆشنبیری لە زۆربەی وڵاتاندا بووەتە گاڵتەجاڕی و پشت بە سیاسەتێک نابەستێ بۆ بنیاتنانی مرۆڤێکی نوێ کە بتوانێ رووبەڕووی تەحەدا مەعریفییەکانی ئەم سەردەمە ببێتەوە، جێگەی سەرنجە کە وتارەکانت لە رۆمانەکانت کەمتر بڵاو نابنەوە، کەم وتار هەیە کە چەند ساڵێکی بەسەردا تێ نەپەڕیبێ و بەردەوام چاپ نەکرێتەوە و بە گەرموگوڕییەوە نەخوێندرێتەوە، راستە ئەم وتارە بەشێوەیەکی ترسناک بڵاو بووەوە، ئەمە بەڵگەی دەسەڵاتدارێتی تەکنەلۆجیایە، ئەمڕۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێت گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک، لەو باوەڕەدام کە ملیۆنێک و تا دوو ملیۆن خوێنەری عەرەبیش ئەم وتارەیان خوێندووەتەوە، چونکە دوو هەزار کەس لە لاپەڕەکانی فێیس بووک دابەشی دەکەن کە منیان هەڵبژاردووە و گوێم لێ دەگرن و سەرسامن پێی، ئەوانیش لای خۆیانەوە دابەشی دەکەن و بەمەش ژمارەیان دەگاتە سەرووی نیو ملیۆن کەس، بە پێی ئامارەکانیش هەر وتارێک کە بڵاوی دەکەمەوە، بە جۆرێک دەستاودەست دەکرێ کە جارانی چوار دەکرێت، بۆ زانیاریش من ئەم وتارەم لە ماڵپەڕەکەی خۆم بڵاو نەکردەوە، بەڵکو گەلێ ماڵپەڕ بە نۆبەت بڵاویان دەکردەوە، چونکە وتارەکە تەنها بیرۆکەیەک نییە، بەڵکو کێشەیەک دەخاتە ڕوو، ئایا ئەمە نەنگی نییە وڵاتێک پێشتر بە پاڵەوانەکانی دەناسرایەوە، ئێستا بە چەند هەرزەکارێک بناسرێتەوە کە تازە لە سەر پلاتۆکانی ستار ئەکادیمی و هاوشێوەی ئەو لەدایکبوونە، هەروەکو ئەمە لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی وایە، رێزی گۆرانیبێژێکی لاوازی بێتوانا دەگرن، لەکاتێکدا وڵاتەکە پڕە لەو تێکۆشەرانەی لە بەندیخانەکانی ئیسرائیل دەرچوونە و شایستەن، کەچی رێزیان لێ ناگیرێ، بۆ نموونە (مەحمود سوارکە) کە کۆڵەگەی بەدیلگیراوەکانی میسر بوو، ئەم پیاوە دوای بیست و دوو ساڵ زیندان، کاتێ گەڕایەوە یەک کەسی لەو جەماوەرە لە پێشوازی خۆیدا نەبینی کە لە پێناویاندا خەباتی کردبوو و لەسەریان چووبووە زیندانەوە، تەنانەت جگە لە

چوارگۆشەیەکی بچووکی ڕۆژنامەیەک کە هەواڵی ئازادکردنەکەی بڵاو کرایەوە، هیچی تری پێ ڕەوا نەبینرا. بەڵام لەبەرامبەردا بەرپرسە ئەمنییەکان لە فڕۆکەخانەی قاهیرە، ناچار کران (محەمەد عەتیە)ی (ئەستێرەی) ستار ئەکادیمی لەناو دەستی خەڵک ڕزگار بکەن. پاش ئەوەی لە ئەنجامی قەرەباڵغی کچ و کوڕە گەنجەکان، خەڵک بریندار بوون، لە فڕۆکەخانە، بە دوودڵییەوە چاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەی بەیرووت بوون. من ئەم قسانەم پێش پێنج ساڵ نووسیوە و ئێستا لەبیرم کردوون، بەڵام ئەوەی شتێکی جوانە ئەوەیە کە چەپەکان و ئیسلامییەکانیش وەکو یەک لە ماڵپەڕەکانی خۆیان لە ئینتەرنێت بڵاویان کردووەتەوە، بەمەش دەستاودەستکردنەکەی وەکو تۆپی بەفر لە زیادبووندایە.

* دیارە تۆ وتارەکەت لەبیر کردووە بەڵام خوێنەران لەبیریان نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە وڵاتانی نیشتمانی عەرەبی تەنها وڵاتی گۆرانیبێژەکان نین، بەڵکو وڵاتی نووسەری وەکو تۆشن؟

– ئەوە جوانە کە خوای گەورە نووسەر بەوە منەتبار دەکات کە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ملیۆنان خەڵک هەبێ، ئەمە دەسەڵاتی ئەو ناوەیە کە نووسەر هەموو ساتێک بە بەرگریکردن و پاراستنی ناوەکەی و دەرخستنی هەڵوێستەکانی بەدەستی دێنێ، چونکە چەکی نووسەر هیچ نییە جگە لە ناوێکی پاک، شتەکە پێوەندیی بە پایەبەرزییەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەو بەرپرسیارێتییەوە هەیە کە نووسەر وا لێ دەکات لە ترسێکی مێژووییدا بژی و ترسی لەناوچوون و سڕانەوەی قەڵەمەکەی هەبێ، بەتایبەتیش کە ئێمە لەسەردەمی ئینتەرنێتداین، هەموو ئەو شتانەی نووسەرێک دەینووسێت هەتا هەتایە جێگیر دەبێت، بۆیە دەبینی لە هەر وشەیەک دەترسم کە بڵاوی دەکەمەوە یان ناوی منی بەسەرەوەیە.

* خانمی ڕۆمانی عەرەبی تا ئەو ئەندازەیە لە وشە دەترسێت؟!

– من وەکو سەرکردەی سوپایەکم کە سەربازەکانی خوێنەرەکانمن، پێشتریش گوتوومە: "کاتێ چەک هەڵدەگری تۆ سەربازی، کاتێ قەڵەمیش هەڵدەگری، تۆ سوپایەکی و چەک و کەلوپەلەکانیشت ژمارەی خوێنەرەکانتە"، کاتێ ژمارەی خوێنەرەکانت لە هەندێ سوپای وڵاتانی عەرەبی زیاتر دەبێ، پێویستە بەرەو شەڕێکی سەرکەوتوو پێشەوایەتی سوپاکەت بکەیت و کێشەیەکی گەورە بخەیتە بەر باس، **نووسەر یەکسانە بەو کێشەیەی دەیخاتەڕوو، نەک یەکسان بێ بەوەی کە کارەکانی بۆ چەند زمان وەردەگێردرێن یان چەند خەڵات بەدەست دێنێ.**

* سەرەڕای گۆرانیبێژەکان و لە پاڵ ئەو کەسایەتییانەی دیکەی بوونەتە پێشەنگی

گەنجەکانمان، کەسانێکی دیکەش بوونەتە پێشەنگ، ئەوانیش: ئەستێرەکانی تۆپی پێن، ئایا وتارەکەت ئەوانەش دەگرێتەوە، ئایا ئێمە لە بەردەم ناونیشانێکی نوێداین کە ئەویش (وڵاتی وەرزشوانان.. نیشتمانەکانمن)؟

– ئەمە راستە.. ئەمڕۆ ناوبانگی هەموو وڵاتێک دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەستێرەکانی تۆپی پێی ئەو وڵاتە، جەزائیری هەشتاکان بە پاژنەپێ زێڕینەکانی (رابح ماجر) دەبەستـرایەوە و جەزائیری ئەمڕۆش بە لێدانەکانی کەللەسەری (زەینەدین زێدان)ەوە گرێ دەدرێت، (تۆفیقی حەکیم) لە کۆتاییەکانی ژیانیدا پێشبینیی ئەمەی کردبوو، گوتبووی: "سەردەمی قەڵەم بەسەرچووە، ئێستا سەردەمی پێیە". ئەمەش هاتە دی، شتێکی جوانە کە هەموو وڵاتێک وەرزشوان و ئەستێرە و تیپ و یاریی نێودەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەمە هاوشان بێ لەگەڵ پێشکەوتنی بوارە رۆشنبیری و زانستییەکانی تر، واتا ئەم پێشکەوتنە وەرزشییە، لەسەر حیسابی بوارەکانی دیکەی لەو گرنگتر نەبن کە کاریگەریی لەسەر ئایندەی وڵاتەکان هەبێ.

* ئایا ئەحلام موستەغانمی لە گۆرانی (دی دی واە)ی خالیدی ئەستێرەی (ستار ئەکادیمی) تێ گەیشتووە؟

– تا ئێستا لێی تێ نەگەیشتووم و بەلاشمەوە گرنگ نییە لێی تێبگەم، کات درەنگە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو رۆمانەی کە تا ئێستاش دوای چەندین ساڵ لە دەرچوونی، رووداو دروست دەکات، مەبەستم رۆمانی (یادەوەری جەستە)یە، تا ئێستا بیست و هەشت جار بە پچڕپچڕی چاپ کراوەتەوە، هەر ئەوەندا، بەڵکو نۆرەکانی چاپکردنەوەی گەیشتووەتە سی و چوار جار لە خانەی ئاداب، سەد هەزار دانە لە چاپکراوەکانی (ئەحلام موستەغانمی) چاپ کراون، سەرەڕای چاپە تایبەت و فەرمییەکان لە جەزائیر، بە دزییەوەش بێ ئەندازە لە جیهانی عەرەبی چاپ کراونەتەوە، کە بە هەمووی دەکاتە نزیکەی یەک ملیۆن دانە.

* وای نابینی کە سەرکەوتنی ئەم رۆمانە وای کردووە ئەم هەموو تیرە بەرامبەر (ئەحلام موستەغانمی) رابگیرێ و هەوڵی بچووککردنەوەی شکۆی بدرێت؟

– بیرمە کە یەکێک پێش چەند ساڵێک لەمیانەی ئەو شەڕەی دژی من دەکرێ و رۆمانەکەم دەخرێتە پاڵ یەکێکی دی و گوایە من دزیومە، وتارێکی بۆ بەرگریکردن لە من نووسیبوو، بە ناونیشانی (یادەوەری چاوتێبڕین). هەندێ جار سەرکەوتن شکستی ئەوانی دی دیار دەخات، نووسەر لە هەموو شتێکی نووسەرێکی دیکە دەبوورێ تەنیا لە سەرکەوتنەکانی نەبێ، هەندێک خۆزگەم پێ دەخوازن، هەندێکیش چاوم تێ دەبڕن، هەندێکیش زۆرم بەسەردا هەڵدەڵێن و ستایشی

جەزائیریش دەکەن بە هۆی ئەم سەرکەوتنەی من، بۆ نموونە بەڕێز و خۆشەویست خوا لێی خۆش بێ (تاهیر وەتار) شایەدی بەرامبەر من دەدا، بەڵام من ئەم قۆناغەم تێ پەڕاندووە، بیست ساڵ تێ پەڕیوە و ئەم ڕۆمانە بەردەوام خۆی بەرگری لە خۆی دەکات، تازە ناتوانرێ رووناکییەکەی خامۆش بکرێتەوە.

* لە چوارچێوەی ئەم هێرشانەدا، وتارێکی تۆم خوێندەوە کە وەڵامی ئەو دژایەتییانە دەدەیتەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کە تۆ ئەم هێرشانە پەیوەست دەکەیت بەوەی کە کۆمەڵگای پیاوسالاری سەرکەوتنی ئافرەت رەت دەکاتەوە، ئایا ئەمە زوڵم نییە لە پیاوان و جۆرێک لە زۆرداری تێدا نییە؟

– نا.. بەم جۆرە نییە، هەندێ کەس هەوڵیان دا خاوەندارێتی ڕۆمانەکە بۆ پیاوان بگێڕنەوە.. بەدوای چەند پیاوێکدا دەگەڕان کە ڕۆمانەکە بکەنە هی ئەوان، گرنگ ئەوەیە کە بڵێین ئەم ڕۆمانە ئەحلام خاوەنەکەی نییە، گوتوومە ئەوانە لە نەستی خۆیاندا پێشبینیی ئەوە ناکەن و قبوڵی ناکەن ئاستی ئافرەتێک لە نووسیندا لەوان بەرزتر بێت، وەڵامەکەی من روونە، چەندە ئافرەتێک کارێک ئەنجام بدات، یان سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بێنێ، بە دوای پیاوێکدا دەگەڕێن بیکەنە خاوەنی.

* لەوانەیە بە ئەنقەست رووبەڕووی موستەغانمی ببنەوە، بۆ ئەوەی لە رووی راگەیاندنەوە سوود لەو ناوبانگە وەربگرن کە بەدەستی هێناوە؟

– ئەمە کورتترین رێگایە بۆ گەیشتن بە ناوبانگ، لەجیاتی ئەوەی چەند ساڵێک خەریکی نووسین بن، بە دوای نووسەرێکی بەناوبانگدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ناوی خۆیانی پێوە بلکێنن و سەرکەوتنەکانی لەگەڵ دابەش بکەن.

سازدانی: یاسین بن مەنور.

سەرچاوە: رۆژنامەی شروقی جەزائیری لە ئینتەرنێت.

ناساندن

# مەولانا جەلالەدینی رومی

کاکەیی زادە



جەلالەدین کوڕی بەهائەدین محەمەد کوڕی حوسێن کوڕی ئەحمەد خەتیبییە، ناسراو بە مەولانا و مەولەوی، شاعیر و عارف و پایەبەرزی ئێرانە، دامەزرێنەری رێبازی دەروێشی مەولەوییە کە ناوی لە مەولاناوە وەرگرتووە.
ساڵی(١٢٠٧م) لە شاری بەڵخ لە باکوری رۆهەڵاتی ئەو سەردەمەی ئێران (ئەفغانستان)ی ئەمڕۆ، هاتووەتە دنیاوە پاش تێپەرکردنی ژیانێکی پڕ پێز و بەرەکەت و بەتام، بە ٦٨ ساڵە لە (١٢٧٣م) لە قۆینییەی تورکیا بەسەر بردووە.

باوکی مەولانا بەهائەدین خەتیبی ناسراو بە بەها وەلەد بەڵخی بەجێ هێشتووە، لە ساڵی ٦٠٩ کە کوڕەکەی (جەلالەدین پێنج ساڵان دەبێت، بە نیازی زیارەتی ماڵی خوا بە بەغدادا تێ دەپەڕێ، لەو سەفەرەدا بەنیشاپور دەگات بە دیدار شێخ فەریدەدین (شێخ عەتار) کە ئەو کاتە جەلالەدین منداڵ دەبێت. شێخ عەتار کتێبی (ئەسرارنامە) بەدیاری دەبەخشێتە مەولانا جەلالەدین. مەولانا بەهائەدین پێی دەڵێت: ئەم کوڕەی تو زوو ئاگر لە جیهانی زەحمەتکێشان بەردەدات.
لە ساڵی ٦٤٢ دەروێشێک بەناو شەمسەدین محەمەد تەبریزی دێتە قۆنیە، جەلالەدین چاوی پێ

دەکەوێت و دەکەونە گفتوگۆ. شەمس واتای گفتوگۆ لە بایەزید باستامی پرسیار دەکات جەلالەدینیش وەڵام دەداتەوە سەرەتایەکی بەهێز و توانای مەولانا دەست پێ دەکات و دەبێتە کاریگەرییەکی بەتین نێوان مەولانا و (شمس الحق محەمەد کوڕی عەلی) لە ژیانی هەڵسوکەوتی نێوانیان، بەشیعر و نامە گۆڕینەوە تاکو دەگاتە ئەوەی سەردانی دەکات لە دیمەشق و ناوی شەمس وەردەگرێت. غەزەلیاتی مەولانا پتر لە ٣٢٢٩ غەزەلە کە لە (ترجیعات، مستدرک، ١٩٢٩چوارینە) دایە غەزەلەکانی لە بیست خشت و سی خشت تاوەکو هەشتا و نەوەد زیاترە.

لێرەدا گوڵبژێرێک لە غەزەلەکانی مولانا دەخەمە بەر دیدی خوێنەر بۆ زیاتر ئاشنابوون بە عیشق و سۆزی ئەم پایەدارە وەکو نموونەیەک. ئەو عیشقەی کە بەردەوام دەریایەکی بێ پایان و بێ کەنارە، هاوپەیمانی ئاسمان و جوولەی گیانداران بەهۆ و توانای ئەوە، جێگەی ڕاستەقینەی عیشقی مەجازی و عیشقی راستەقینەی دڵی ئەوە، عیشق دەمارگیرییە چۆن لە دڵ قەرار دەگرێت و دەبێتە حەز و ئارەزوو و کام تەرک دەکات،

عیشق خوێنرێژە مرۆڤ بەبێ عیشق وێڵ و سەرگەردانە، عەقڵ بە عیشق هاتووە و سەرگەردانی ئەوە، وەکو خۆر گەرما دەبەخشێت (چە گەرمیم، چە گەرمیم ئەز ئێن عەشق چو خورشید.... چە پنهان چە پنهان چ پەیدا ئەست خودایا)

عشق کیمیاگەرییە گۆڕانکاری بەخشە (در عشق بدل شود همە چیز... ترکی سازند ارمنی را).

عیشق پەیژەیە بۆ ئاسمانی بارەگای جوانی، دژواریی کاروانی عیشق بە تا ڕادەیەکە هەر بوونێک بەرگری گڕی ئەوی نییە.

عیشق و ئەندێشە پێکەوە سەرچاوەیەکی سازگاریان نییە، نێوان عیشق و عاشق مەودا و دووری گێژی ناساغی و وجودی نییە و بەیەک حەقیقەت هەژمار دەکرێت.

حەقیقەتی عیشق ناتواندرێت بە پەڕە و دەفتەر و لێکۆڵینەوە پڕ بکرێتەوە... پایەداری و نەمری سیفەتی عیشقە زۆرداری وێژەیەکی ئەوە (گویند یشق چیست؟ بگو تەرک أختیار).

شەیدایی لە عیشقەوە پەیدا دەبێت بەپلە لە سەدەها عەقڵ پێشترە، خۆشی و باوەڕ و چاودێری دەبێت لە عیشق بکۆڵێتەوە، هەموو خولقێنراوەکان بەهۆی ئەوەوە شاد و دڵخۆشن. ئاوی ژیانی راستی لە عیشقدا هەڵدەقوڵێت. عیشق تاوتێ و هەموار میهرەبانی دەکات، عیشق حەقیقەتێکە جۆرەها شێوەی هەیە. ئۆقرە لە عیشقدا نییە، عیشق فریادڕەسی نییە، عیشق ناو و نازناوی زۆری هەیە لە بەدناویش هەراسانە، عیشق خاسییەت جلوەگەری هەیە بۆ ئەو خامۆشی لە قازانجیدا نییە، ئاسمان بەدەور کاوەی عیشقدا دەخولێتەوە، عیشق سیفەتی حەقە عیشق گەورەترین مامۆستا و پەروەرە، ناوی تری بەهەشتی خوایی عیشقە، عیشق کانگا و کانزای هەموو جوانییەکە، باوەڕ هەمان عیشقە بەتۆبەکاری سازگاری نییە... ڕێگەی عیشق، تەنیاییە عیشق توانای گڕی هیچ دەمارگیرییەکی نییە.

باده بهێنه که دەمێکه خوماری تۆم     ئەگەر خەرقە پۆشم نە یار نە ئەغیاری تۆم
گۆزە بهێنە کارم بە بەرداغ نەماوە     خزمەتکاری هیممەت و دادی گەورەی تۆم

شەمس تەبریزی:

بیستم کە نیازی سەفەرت کردووە، مەکە
خۆشەویستی یارێکی کە دەکەی، مەکە
تۆ لە جیهانی غەریبی و غوربەت،چ دەکەی
ڕوو لە کام جگەر شەکەت دەکەی، مەکە
لە ئێمە خوێشان مەدزە، مەچۆرە لای بێگانان
وەکو دزێک دەڕوانیتە یەکێکی تر، مەکە
ئەی مانگ، جەرخی ژێر و خوار لەبۆ تۆیە
ئێمە وێرانە و ژێر و خوار دەکەی، مەکە
چ پەیامێک دەدەی، چ سوێندێک دەخۆی
سوێند و ناز دەکەیتە قەڵخان، مەکە
کوا پەیام و، کوا بەڵگەت کە پابەندتی کردووە
لە پەیمان و بەڵێنی ئەو گوزەر دەکەی، مەکە
ئەی پێشتر لە بوون و نەبوون، بارەگای تۆ
لە پلانی بووندا گوزەر دەکەی، مەکە
ئەی دۆزەخ و بەهەشتی غولامان، فەرمانی تۆ
بۆ ئێمە بەهەشتە، دەیکەیتە دۆزەخ، مەکە
لە نێو شەکرستانی تۆدا، ئێمە زەهرین
بەو زەهرە ڕکابەری شەکر دەکەی، مەکە
گیانم وەکو کوورەیەکی پڕ ئاگرە نەتکردە گوڵزار
ڕووی من سەرتاپا وەکو زێڕ دەکەی، مەکە
چۆن ڕووی دڵگیری تۆ بوو بەمانگی ڕەش لە غەمدا
نیازی گرتنی خەپڵی مانگ دەکەی، مەکە
ئێمە لێومان وشک بێ، وەکو تۆ وشکیت هێناوە
چاوی من بەفرمێسکی چی تەڕ دەکەی، مەکە
تۆ کە توانای داوی عاشقانت نییە
بۆچی وا لە ئەقڵ دەکەی لە ڕێگا لا بدات، مەکە

حەلوا نادەیتە بێتاقەت تاکو بە هێز بێ
تۆ بێ هێز بێ هێزتر دەکەی، مەکە
چاوی حەرام خۆری من، دزی جوانی تۆیە
سزای دزی دیدە دەکەی، گیانە، مەکە
سەری یاخی ئەی هاورێ، هەنگاوی گفت نییە
کۆشکی بێ دەرگای عشق بۆچ سەر دەکەی، مەکە
***
ئەگەر خوازیاری من نەبی،
مننەت بە گیان دەخوازم
ئەگەر دەرگام بۆ والا نەکەی،
ئەوا لە دەرگات دادەنیشم...
وەکو ماسییەکم شەپۆل بیخاتە لاوە
لە ئاو نەبێ نییە پەنا و دڵخوازم
بۆ کوێ بڕۆم بەسەر خۆشیی؟
دڵێکی بێ گەردم هەیە...
من و جەستە و دڵم، سایەی شەهنشاهم
بێ کەسیم بە تۆیە، گەر خەراپ و سەرمەستم
بە تۆیە ئاگام، گەر من بە ئاگا بم
دڵڕفێنی تۆم، ئەگەر من دڵم ما بێ؟
تۆ کەهرەبی منی، ئەگەر وەکو پەروانەم
لە شیرین شیرینتر بێ سنوور لێوی تۆیە
کولیچە ئاسا، ئێستا دەکەومە دەمانەوە
لە هەردوو عالەم خۆم کنار گیر کرد
وەکو (هێ) دانشتووی پاڵی (اللّٰە)م
بە تەمای پایە و دەسەڵات و شادی نیم
دەوڵەتی عیشقی تۆم بەسە، تۆی پلە و پایەم
وەکو (قل هو اللّه) نووقمی بێ گەردیم
نەک چوێنەران ئاسا نووقمی چواندن بم
ئەگەر تەتاری غەمت کینە و ڕق بهێنێ
بە عیشق و سەبر کەمەر بەستە وەکو خێوەتم

بەرەو ڕووی تۆیە سەفەری وەخت و ناوەختی من
ئەگەر چی پیر و گۆژمی ناوەختی قەتارم
دەرکەوە وەکو مانگی تەواو بەتەواوی ئەمە بڵێ:
لەژێر گریی دابڕانت بمێنەوە وەک مانگم

***

بۆچ بێگانە ئاسا دوورت گرد، لەنێو بازنەی دێوانەکان
چ شەرمێک بوو؟ عاشقی و ئەو دەمە شەرم؟
گیان چی بوو؟ ئەم هەوەسە و ئەو دەمە گیان؟
ئەو دەفرۆشێ گیانی بە ماچێک،
بیخەرە ڕوو کانگای خۆڕاییە خۆڕایی
ئەو کاتەی عیشق خانووی کەوتە دەست
لە خانووی هاوتەمەنی خۆی هاتە دەر
ئەم دەریایە کەفی دەرهێنا لە بەر عەشق
ئەو مانگەی لە ئاسمان سەری دانواند
بێدار بە و، ئەم شەوە وەرە....
خەوی ئێمە ببینە، وەکو ژوانی تۆ بێ نیشانە
هەموو شاهێک بەندەکانی خۆی دەپارێزێ
شاهی ئێمە بۆ ژماردنی پاسەبانە
شاهی ئێمە لە خەو بێدارە و بەدەرە
لەنێو گیانی ئێمەدا خەرامانە
لەم شەوەدا وێنەیەک دەنوێنێ
بڵێسە بەدەستە، خودایە ئەوە کێیە؟
خەو دەرپەڕی و شوورەی گڕی بەرز بووەوە
کەوتە بیر فیلی هندستان
ئاگری عیشقی خودا پەرەی سەند
تیری قەزای لە کەمان دەرپەڕی
دانەی کانگا لەسەر زەمین ئاوارە بوو
سەری بەخشی و وەکو درەختێک عەیان بوو
تریشقە داپەڕی و ئاگری بەردا لە درەخت
ئاگر و برووسکە، سەمەرەی بێ سامان

ئەو درەخـــــتـــــە لـە ئاگـــــر ســـــەوزتـر بـوو
لە تریشــقــە و ئاگـر گـوڵسـتـانێک هاتە شکۆفـە
ئەو درەخـــــتـــــە ســـــەوزانە بـوون بە ئاگـــــر
ئـەو درەخـــــــــتـــــــــانـە ئـاو دەدەن بـە زبـان
تـاکــــــو (تـۆ)ی غـــــەیب پەیدا دەکــــا درەخت
ئـەو پەیدا بـوو بۆیـە (تـۆ)ی بردە نـیـــــــهـــــــان
شـــــەمــــــسـی تەبـریـزە، بـاغـی عـــــەشـق،
هـەم تـەڕ و، هـەم ڕوو کـــــەش و، هـەم بـاغـــــەبان

***

ئـەگـــەر ئەم بـێ دڵەت ون کـــرد، لـەو دڵدارەدا بـۆی گـــەڕێ
ئەگـــەر عـاشـق پەرێشــان بێ، لە کــۆی یاردا بـۆی گـەڕێ
ئەگـەر بوولبـولی گیـانم، لە ناکـاودا لە جـەسـتـەم دەرپەڕی
لە هـەر دڕکـێ سـۆراغی دەکـەی، لەو گـوڵزارەدا بۆی گـەڕێ
ئـەگـــەر بریـنداری عـــەشق، لەم کـــۆڕەدا وڕینـەی کـــرد
لە پێش ئەو نێـرگـزە بریندارە، لەو دولبـەرەدا بۆی گـەڕێ
ئەگەر سـەرمەستی دڵ ڕۆژێک ئەو شووشـەیەی دا بە سەنگ
ئەو دەمـە چووە مـەیخـانە، لەو مـەیخـانەیەدا بۆی گـەڕێ
هەر ئەو عـاشـقـەی کـە ون دەبێ، ئەی مـەخـابن پێی دەڵێم
لـە لـیــــــسکی خـــــۆری بێ پـەروادا، بۆی گـــــەڕێ
ئـەگـــەر دزێک توانیی ڕووپۆشی عـــاشـــقـــێک بدزێت
لە نێـوان ئـەڵقـەی زوڵفی ئـەو تـەڕدەســتــەدا بۆی گـەڕێ
بتی بێـداری پڕ ئەفـسـووس، کـە بێـداریی لە بەخـتی ئەوە
چۆن خـەوی لێ دەکـەوێ، مـەگـەر لەو بێدارەدا بۆی گـەڕیی
لە شـاری دڵ لە پیـری خـۆمم پـرسـی، دەربارەی ئەو دڵبـەرە
ئامـــاژەی کـرد ئەو پیـرە، کــە لەو ئەسـرارە بۆ گـەڕێ
وتم پیـری ڕێگام: تۆبـی خـودا، تۆی ئەسـرار، وتی: بـەڵێ
منـم دەریای پڕ گـەوهـەر، لە کـەناری دەریـادا بۆی گـەڕێ
ئەو گـەوهەرەی کـە دەریای بە پرشنگی خـۆی پڕ کـردووە
ئەی مـوسـڵـمـانان، لەو ڕووناکـیـیـەدا بۆی گـەڕێن
وەکـو یوسـف (شـەمس تـەبریزی) هـاتـە بازاڕی شـادی
مـەگـەر (اخـوان الـصـفـا) وتەنی: لەو بـازاڕەدا بۆی گـەڕێ

شیعر

# ژنێک لێوانلێو لە ئەوین

خالید باشبڵاخی

ژنێک.. لە تریفەی مانگ و
پەلکەڕەنگینەش جوانتر بوو.
ژنێک.. کە سۆزی لە ئاوی
کانیی کوێستان ڕەوانتر بوو..!

***

ژنێک.. لە روخساری گەشیا
سەدان پرسیارم بەدی کرد..
ژنێک.. لە ناخیدا، هەستم
بەعیشقێکی ئەبەدی کرد..!

***

ژنێک.. لە نیگاکانییەوە،
پاکی و بێگەردی هەڵدەقوڵا..
رۆحی لە پەپوولە دەچوو،
دەفڕی بەسەرباخچەی گوڵا..!

***



ژنێک.. تژی له میهر و سۆز
یاخی له داب و له دەستوور..
ژنێک..دەیزانی، که ئەڤین
دەریایەکه.. بەبێ سنوور..!!
***
ژنێک.. هەستم کرد، وام لەبەر
تاڤگەی رۆحیدا.. خۆم دەشۆم.!
ژنێک.. له تاریکیی شەوی
"یەڵدا"مدا.. داگیرسا وەک مۆم..!
***
ژنێک.. چاوی وەک شەرابی
ترێی رەزی شیعری "خەیام"..!
پەیامی پاکی و، پیرۆزی و،
نەمریی عیشقی بۆ هێنام..!!
***
ژنێک.. هەستم کرد؛ هەتاوی
وەک بازنگێک.. له دەستابوو..!
منی زەردەشتی"ئەو"م..لا؛
پیرۆزتر.. له ئاڤێستا بوو..!!
***
ژنێک.. نە"حەبیبە"ی "نالی"و؛
نە"شیرین"ی.."کەیخوسرەو"یش..
هەرگیز دەستیان، نەدەگەییە
داوێنی جوانیی.. بەخەویش..!!
***
ژنێک.. ئیدی، هەرگیز دڵم
خاڵی نابێ.. له خەیاڵی..!
ژنێک.. بەسێڵاوی ئەوین،
دەشتی خەفەتمی راماڵی..!!



***

ژنێک.. ڕەنگە؛ هەتا دەمرم
لە دڵما.. بمێنێتەوە..!
شەوان، بەپەنجەی یادێکی
برینم... بکولێنێتەوە!!

***

ژنێک.. تینوو، وەک بیابان
بۆ بارانی شیعری ناسک..!
ژنێک.. لە سەحرای خەونمدا
دەرکەوت و.. ونبوو، وەک ئاسک!!

***

ژنێک.. دەڕوا و؛ لە هەندەران
خەمم دەکات بەگۆرانی..!
ختووکەی ڕۆحی من دەدات
هەموو شەوێ.. تا بەیانی!!!



شیعر

# سوێر

کارزان ڕەحمان

## بەشی دووەمی دایکم




١
پێشتر وامدەزانی مریشک
منداڵی دایکمە

"ئاینی
نوێ
منداڵی
دایکمە"

٢
ئەم سەردەمە ئی من نییە

"پێشتر
منداڵی
دایکمە"

٣
لە ئاینی نوێدا نووسراوە؛

مرۆڤ سەری هەڵدا بێ هۆ

"ئەم
سەردەمە
منداڵی
دایکمە"

## مرۆڤێکم دیتەوە

١
لە ئابووریدا گوتراوە:
مەنجەڵێک شۆربا بەرامبەر مرۆڤێکە

"بەسەر دەموچاوەوە"

٢
"دەمارە بۆ گایەک" بیرەوەریی

چڵکە
بەسەر دەموچاوەوە

٣
لە تەیراوە جۆگەلەیەک"مرۆڤێکە"؛
دەمارە بۆ گایەک




## رۆژانە

ژوورەکەم پڕە لە کەلوپەل؛
ئامێری دوورمان، کاوەنتەر، مێزێکی گەورە،
چەند کورسی و مافورێک،...
من لەم ژوورەدا بیر دەکەمەوە
سەرەرای قورسایی ئەم کەلوپەلانەیش!

## تێبینییەک لە بارەی ژیانمەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم



هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە

هەست بەئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم

هەست بەئازاری گەورەبوون
دەکەم
لەودیو پەنجەرەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە

هەست بەئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم
لەودیو پەنجەرەوە

هەست بەئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە
دووکەڵی رابردوو دەبینم

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم
بەسەر هەور و بینا و دەموچاوە
پلاستیکییەکانەوە

هەست بە ئازاری گەورەبوون
دەکەم

بابەت

# زاڵم و مەزڵوم

ئومێد عەلی

(با) زاڵم نییە
خەتای درەختەکانە بە کۆیلایەتی راهاتوون
شانازی بە سەرلەقاندن و سنگ کوتانەوە دەکەن
ئەی نابینی هەر ئەو دەرئەکەوێ
ئەمان دەست دەکەن بە خۆبادان و نوشتانەوە
***
ئەگەر دادگایی بکرێت
پایز بێتاوان دەرئەچێ
گەڵاکان زۆر ترسنۆکن
بە نیگایەکی سوکەڵە
ئاماژەیەکی نیوەگۆ
هەموویان لە تەختەکانیان دێنە خوارێ و
پەلوپۆی دار بەجێ دێڵن
دەست ئەکەن بە کڕنوشبردن
سنگ لە زەوی ئەخشێنن
هەڵئەبەزن، دائەبەزن



وردیشیان کەیت نارەزایی دەرنابڕن
***
ئاسمان هیچی نەوتووە
ناوێرێ هاوارێک بکات
برووسکەیە، تریشقەیە، بنێرێ بۆ ئەستێرەکان
زەوی لێرەوە ئەلەرزێ و لایەکی دێتە خوارەوە
خۆر ئەبینێ دائەگیرسێ
مانگ ئەبینێ ئەکوژێتەوە
بەملادا ئەسوڕێتەوە
بەولادا ئەخولێتەوە
بەس بۆ ئەوەی دڵی کەسی لێ نەڕەنجێ
***
ئاو لەوپەڕی لاوازیدایە کە پەرت ئەبێ
بە دە دڵۆپیانەوە چاری هەناسەیەک ناکەن
بە بەستوویش بە تیشکێکی قەدباریکی خۆر ناوێرن
بیانخەرە سەر کام لووتکە زۆر بڵندە
چک چک دائەچۆڕێتەوە
بەناو زەویدا رۆئەچێ
یان با ئەیبا
یا لە شێوەی تۆزێک هەڵما ون دەبێت و لە خۆ ئەچێ
هەر ئەم ئاوە کە یەک ئەگرێ
ئەتوانێ کام پۆست گەورەیە وەری بگرێ
ببێتە پاشای سروشت و گەورەی زەوی
ببێتە فەرماندەی زەریا و حوکمڕانی سوپای باران
ئەتوانێ بمانبەخشێت و ژیانمان پڕ کات لە جوانی
کە تووڕەش بێت شێت دەبێت و هەموو شتێک رائەماڵێ.





شیعر

# دوو نیو پیاسە

تەیب قادر

له هیچ شوێنێک مەگەڕێ
من لێرەم
له نێو ئەم شیعرەدا
به جانتایەکی شل و پڕ له هەواوه
به یەک تاک گۆرەویی شەرمن
به قەبرێکی سەراوخوار
به دنیایەک له شەوی بۆش
به نینۆکێکی زۆر درێژی کورت
به سی و یەک ستوونی خوار
به ژوورێکی پڕ له گەچی مۆر
به سۆندەیەکی خواروخێچ
به کیلۆیەک هەوای قورس
به پەنجەیەکی پەنچەر
به سەتڵێک مووی رەق
به فنجانێک پڕ پڕ له وایەر
به پاکەتێکی بێ شەبەکە




من لێرەم
هیچم نییە

نە شەربەتی پەتاتە
نە دیواری کاخەزی
نە چیمەنتۆی فێنک
نە هەیوانی نەرم
نە کۆتری خۆش بەفر
نە قاچی شەقام
نە لۆکەی سارد
نە سێبەری زەوی
نە دراوسێیەتی پانکە

ئەوەی هەمە،
تاکێک گۆرەویی بەتاڵ
کۆمەڵێک کتێبی شل
دیوارێکی سێ گۆشە
هەنجیرێکی گوێ سووک
دوو نیو پیاسە
پارچەیەک ئاسمان
کابۆیەکی پڕ شەرم



پێت دەڵێم: لێرەم
بە هەموو دنیای ئاوەکان
بە هەموو دنیای خوێنەکان
بە هەموو دنیای پێڵاوەکان
بە هەموو دنیای دیوارەکان
بە هەموو دنیای ئاسمانەکان
بە هەموو دنیای شەقامەکان
بە هەموو دنیای پەنجەرەکان
بە هەموو دنیای هەنجیرەکان
بە هەموو دنیای خۆم

نامەوێ زۆر بژیم
بای بەخێوکردنی دوو کەروێشکم بەسە
چەند سەعاتێک بۆ خڕکردنەوەی دنیا
هەر ئەوەندەی دوو قووم خۆڵ لەنێو دەستمدا جێگایان ببێتەوە

شیعری وەرگێڕاو

# ٣ شیعری هاوچەرخی تورکمانی

جاسم محەمەد فەرەج

لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری



## دەروازەی گوڵ

لە دڵمدا سێ دەروازە هەن
یەکەمیان ناویان لێ ناوە دەروازەی (با)
دووەمیان پێی دەڵێن دەروازەی گوڵ
و بە سێهەمیشیان دەڵێن دەروازەی دیق*
زبانیشم
لەسەر زارمدایە
سێ پەیژەی لەخۆ گرتووە
لەسەر پەیژەی یەکەم تەمیرەیەک هاوەپاوە
لەسەر دووهەمینیان گوێزانێک وێستاوە
لێ سێهەمینیان
داخراوە
ماوە ماوە والایە

## گوریس

من گوریسێکم هەیە

بۆ ئەوەم نییە، لە کاتی پێویستیدا شتێکی پێ ببەستم!
بۆ ئەوەشم نییە، لە کاتی خۆکوشتندا
خۆمی پێ بخنکێنم.
جلوبەرگیشی پیا هەڵناواسم
ئەوەی مەبەستمە
کاتێک کلک بڕاو دەبم
بەکاری دێنم تاکو شەرمەزار نەبم

**وانەی حەوتەم**




کە منداڵ بووم
ڕکم لە وانەی یەکەمین
دەبووەوە،
لەبەرئەوەی،
خەوی لێ حەرام دەکردم.
کاتێک لاو بووم
ڕکم لە وانەی شەشەم
دەبووەوە
لەبەرئەوەی
بینینی دڵدارەکەمی
لێم
حەرام دەکرد.
لێ ئێستا
لە پاش سی و حەوتەمین مەرگم
ڕکم لە هەموو وانەکانە
تەنانەت وانەی وەرزشیش.
لە ماتماتیک هەر دەرنەچووم
چونکە ڕکم لە لێکدان و دابەشکردن
دەبێتەوە.
لە جوگرافیا
دەرنەچووم، چونکە بڕوام

بەبوونی نەخشەکانی نێو یەک وڵات نەبوو
لە ئەزمونی "پەروەردەی ئیسلامی" دەریان کردم
چونکە ڕازی نەبووم لەنێو
دووکانی پینەدۆزێکی
هەرزەکاردا
پێڵاوەکەم بتەقێنمەوە
بەشداریم نەکرد لە تاقیکردنەوەی
زمانی عەرەبیدا بەو بیانووەی
هەموو ناوەکانم بەمێینە ناساند
خۆزگە هەموو شتەکان مێینە دەبوون
تەنانەت لە وەرزشیشدا
سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا
چونکە
لە جەنگە گەمەییەکدا سەرکەوتوو نەبووم
پاڵەوانەکان تێکشکان و هەڵهاتن
کەچی منی ترسنۆک بەتاک و تەنیا
لە پاشی پاشەوە مامەوە...



جاسم محەمەد فەرەج
* لە ساڵی ١٩٧٠ لە باژێری خورماتوو لەدایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە خورماتوو تەواو کردووە.
* پەیمانگەی نەوتی بێجی تەواو کردووە و هەر لەوێش بە فەرمانبەر دامەزراوە.
* لە ساڵی ٢٠٠٢ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی (دەروازەی گوڵ) چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

سەرچاوە:
ـ کۆواری یورد، ژمارە ٤ ئابی ٢٠٠٦
دیق: نەخۆشیی سیل.

شیعری وەرگێڕاو

# نـــامەکان

سـەید عـەلی سـاڵحی

لـە فارسـییەوە: مـەریوان هـەڵـەبجـەیی

سڵاو!
هەموومان حاڵمان زۆر باشە،
خەمێک نییە جگە لەونبوونی جارجارەی خەیاڵێکی دوور
کە خەڵک پێی دەڵێن شادومانی بێ هۆ
سەرەڕای ئەوەش ئەگەر تەمەن مەودا بدات
وا بەلای ژیاندا تێ دەپەڕم
نە چۆکی کارمامزی تەنیا بکەوێتە لەرزین و
نە ئەم دڵە کۆست کەوت و بێ دەرمانە.
تابیرم نەچووەتەوە بۆت بنووسم
هەرێمی خەونەکانی ئێمە ساڵێکی پڕ باران بوو
دەزانم حەوشەی ئەوێ هەمیشە پڕە لە هەوای تازەی نەگەڕانەوە
بەڵام تۆ لانی کەم، تەنانەت هەر جارێ، ساتێ ، هەندێ جار
بزانە دەنگدانەوەی بزەی خەون
لە سیمای گوڵاڵە سوورە ناچێت!
بە ڕاست با ئەم هەواڵەشت بدەمێ

له خەوما ماڵێکم کڕیوە
بێ پەردە، بێ پەنجەرە، بێ دەرگا و دیوار... هەر پێ بکەنە!
بێ لەڕووداما پێت بڵێم
هێندەی نەماوە تەمەنم ببێتە چل ساڵ
سبەی بەرۆژێکی قەدەم خێر دادەنێم
هەر ئێستا پۆلە کۆترێکی سپی
بەسەر کۆڵانەکەماندا دەفڕن
با، بۆنی ناوی کەس و کاری منی لێ دێ
لە بیرتە ڕۆیشتبووی
هەواڵی هێمنی ئاسمان بێنی؟
نا... ری ڕا* گیان
نامەکەم دەبێ کورت و ساکار بێ
بێ وشەیەک لەبارەی نادیاری و ئاوێنەوە
لە سەرەتاوە بۆت دەنووسم
هەمووومان حاڵمان زۆر باشە
بەڵام تۆ باوەڕ مەکە!

* ری ڕا: لە ئێراندا ناوێکە بۆ کچان



چیرۆک

# نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی

بەکر دەروێش



لە کاتێکدا بەتولەڕێگەی ئەم نزارەدا بۆ شاری خورماتوو دەڕۆم، زۆر شوێن پێی سارد و ڕچاو بەسەر لێوی ڕێگەکەوە دەبینم، کە وەک نەقشونیگاری کۆن بەجێ ماون، ئەم شوێن پێیانە لەسەر زۆر شت گەواهی دەدەن، زۆر شت بەدرۆ دەخەنەوە زۆر شتیش دەسەلمێنن، ئەوانەی بە درۆیان دەخەنەوە نیگەرانی لە دڵ دەردەکەن، ئەوانەشی دەیانسەلمێنن داخ دەنێن بە دڵەوە، ئەم ڕێگەیە زۆر کەس پێیدا هاتوون، هەیانبووە هەر سەرەتا کۆڵیان داوە و گەڕاونەتەوە، هەشیان بووە لە نیوەی ڕێگەدا گلاوە و هەڵدێراوە، هەبووە سێ بەشی بڕیوە، هەبووە زۆرتر، هەبووە کەمتر، بە دەگمەن هەیە بە سەلامەتی گەیشتبێتە هەوارگە و بەردێکی خستبێتە سەر بناخەی دروستبوونی شاری خورماتوو، ڕێگەکەم زۆر بەشەکەتی دەهاتە بەرچاو، نەمدەزانی ماندووبوون و برسێتی یان دووری و سەختی ڕێگاکە وایان کردووە ئاوا هەست بەهەرەسهێنان بکەم؟ بە ناچاری لەسەر تاشە بەردێکی قەراخ ڕێگەکە فنتکم دایەوە، جگەرەیەکم پێ کرد و مژێکم لێ دا، هیلاکیی ڕێگە و تامی تاڵیی دووکەڵ، بەرهەمی ئەو ئۆغرەم بوو، بەبێ ئەوەی بزانم کەی ئەگەم و کەی ناگەم ملی ڕێگەم بەدوای کوێخا جەلیلدا گرتبووە بەر، خوا دەزانێ کوێخا لە خورماتوو ماوە یان نەماوە؟ کێ ناڵێ ئێستا ئەوێشی بەجێ نەهێشتووە، بۆ نا ئەی ساڵی (هەراکە) خۆی و حوسەی میمکە حەلیم دەکنەکەیان نەدا و ڕۆیشتن بۆ ئێران؟!

دوای سێ ساڵ ئینجا گەڕانەوە، ئەو ساڵەش نەبوو لەسەر بستێ زەوی پەلاماری خەلیفە شەلالی دا و گۆبەنێکی گەورەی نایەوە، کوێخا جەلیل وەک مریشک وایە جیقنەش دەکا و هێلکەش دەکات،



بەرامبەرم زنجیرە شاخێکی بەرزی سەرکەش بوو، هەندێ لە بیرەوەری ڕێگەکە دەیانتاسانم و هەندێکی تر دەیانخستمە پێکەنین، ڕاستە ژیان لە گریان و پێکەنین پێک هاتووە، بەڵام تۆ بڵێی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا لایەنی سێیەمیش نەبێت؟ من دەڵێم هەیە، کەسێکی وەک کوێخا جەلیل کە نە قانیعە و نە بێزارە، نە هیوای بەهیچە و نە چاوەڕوانی هیچیشە، نە خەم بۆ هیچ شتێک دەخوا و نە بە هیچ شتێکیش دڵی خۆشە، ئەو قسەیەشی بەدرۆ خستووەتەوە کە دەڵێ ژیان بێ هیوا و ئاوات نابێت، هیوای بە چی هەبێت؟ کێ ناڵی لەم ڕێگەیەدا جرِوجانەوەر نەیخواردووە و نە بووتە پاروویەکی چەور بۆ دڕندەکانی ڕێگە؟ لەو کاتەدا بیرم لە کوێخا جەلیل دەکردەوە هەڵۆیەک بەسەر سەرمەوە دەسوڕایەوە، من هەڵۆم خۆش دەوێ، چونکە هەڵۆ تاقە مەلێکە تا مردن هەر بەهەڵۆیی دەژی، هەستام و بەرەو دۆڵەکە داگەڕام، پۆلێ کەوی ماندوو بۆ لووتکەکەی تەنیشتم خۆیان دەکوتا، لە دوو ڕێیانەکەی ئەولاوە ڕێبوارێکی تاین لە پێدەشتەکانی گەرمیانەوە قەدبڕ بۆ بەردەمم دەهات، هەڵۆکە بە حەلحەلەی ئاسمانەوە بەدرۆوە دیار بوو، هەرچی پەڕەندە و پەلەوەری ئەو ناوە هەبوو کێچ کەوتبووە کەوڵیانەوە، جێگەیان بە خۆیان نەدەگرت، پاڵ ئەم بنجگەکە و پاڵ ئەو بەردەکەیان دەکردە پەنا و پەسێو، جێگەی هەڵۆ لووتکە و باوەشی ئاسمانە، لە لووتکەوە بۆ ئاسمان و لە ئاسمانەوە بۆ لووتکە، دەنگی کابرای تاین لە لووتکەکەی بەرامبەرمدا دەنگی دەدایەوە، سەوزە سەوزەی دەچڕی، کابرا مەخودەیەکی سەڵتی بەر خۆی دابوو بۆ شار دەچوو، بۆ ئەوەی پێی بگەم هەنگاوەکانم گورج کردەوە و شۆڕ بوومەوە بۆ ڕۆخی ئاوەسپی، ڕێک لە ئەوەڵ ئاو پێی گەیشتم، پاش سڵاو و ماندوو نەبوون، بووین بە هاودەمی ڕێگە، ئەو پیاوە کابرایەکی خۆرسکی باڵابەرزی ناوقەد باریکی ڕەشتاڵە بوو، خەڵکی خورماتوو بوو، لە چەمی داودەوە دەگەڕایەوە، دیاربوو زۆر حەزی لە قسە و دەمەتەقێ بوو، نەختێ گوێشی گران بوو، بۆیە زوو زوو هەواڵی زۆر شتی لێم دەپرسی و پرسیارەکانی دووبارە دەکردەوە، لەبەرئەمە وام بەباش زانی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم، تۆزێ شەڵتاغ و کەپڵەهەرزیش دیار بوو، لە گەرمیان بە پیاوی وا دەڵێن منجڕ، من لە بیر و خەیاڵی کوێخا جەلیلدا بووم دەیدۆزمەوە نایدۆزمەوە؟

لەپڕ کابرا وتی: دەبینی ئەوە شتێکە لە بن ڕەوەزەکان دەدرەوشێتەوە، بە مەزەنەی من پارچە ئاوێنەیە تۆ دەڵێی چی؟ هەستم کرد لەم پرسیارە تەنیا مەبەستی قسەکردن و کات بەسەر بردنە، ئەگینا پارچە ئاوێنە چییە لێی بپرسی، بۆیە وتم: بڵێم چی لەوانەیە پارچە ئاسن بێت؟ کەچی وتی: چیی گاوەسن؟! بڕوا ناکەم، گاوەسن چیی دەکا لەو بن شاخە؟ لەبەر ماندووبوون و برسێتی تاقەتم نەبوو وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەو وازی نەهێنا و هەر قسەی دەکرد و بەهەزار و یەک شتی چوواند، کە ئەو قسەی دەکرد من گوێم لە خوڕەی ئاوەسپی دەگرت کە زۆر شتی لە بنیادەم دەگۆڕی، هاژەی دارێکی لێ دەکردی بە شەقژەنی باڵی خەرتەلێک، زریکەی مەلێکی دەکرد بە لورەی گورگێک، من وەک وتم برسێتی و ماندوبوون بڕستیان لێ بڕیبووم، تاقەتی قسەکردنم نەبوو، کابراش مەراقی دەمەتەقێ بوو، من لە بەیانییەوە چاوەڕێ بووم، ڕێبوارێک لەولاوە بێت و وڵاخێکی سەڵتی پێ بێت و



بۆ خـورمـاتوو بـچـێت، تـا تاوێک سـواری وڵاخـەکـە ببم و لەگـەڵیـدا بڕۆم، ئێستاش باش بوو خوا ئەم کابرایەی نارد هەر چۆنێ بێت تەحەمولی دەکەم و لەگەڵیدا دەڕۆم، بەم بگرە و بەردەیەوە دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە خورماتوو، کـابرا فـەرمـووی لێ کـردم و وتی: فـەرمـوو مـیـوانم بە، منیش کـە کـەسم نەدەناسی و شـارەزای شار نەبووم، لە دڵەوە مـەمنوونی بووم و لە بانیشـەوە دەمگوت: خوا ئاوای کات دەچمە وتێل، کابرا وتی: دەچیتە کوێ؟ بەدەنگی بەرز وتم: وتێل! عەیبە شتی وا چۆن دەبێت؟ تۆ لەگەڵ منی چۆن دەهێڵم بچیتە وتێل و متێل! کەمێک بێدەنگ بوو ئینجا پێکەنی و وتی: جا کوا خورماتوو وتێلی تێدایە؟ هەیە و نییە دوو سێ خانی پیس و پۆخڵی تێدایە.

لام داوە مـاڵی کـابرا، لەبەر دەرگـە کـەرەکـەمـان بەسـتـەوە و چووینە ژووری مـیـوان، دوای بە خـێـرهـاتن و خـۆشـهـاتن، کـابرا وتی: بێ قـەیدی نەوێ کـەیوانۆ لە مـاڵ نیـیـە هـەردووکیـشـمـان برسیـمانە، تۆ دانیشـە من دەچمە مـتبـەق بزانە شـتێک ئامـادە ناکەم بیخـۆین؟ زۆری پێ نەچوو جزوبزی مـتبـەق دەستی پێ کرد، لە دڵی خـۆمـدا هـەزار و یەک خـتورەم دەکرد، بە خـوا بەگوێرەی جزەکەی بێت تاس کەبابییە، نەء شیش گۆشتە، گۆشتی سوورەوە کراوە، بە خـوا قاورمەیە، خێرا خێرا ورگی خـۆمم هەڵدەکڕان، لێـدە ئـەی گـەدەی نەگبـەت، لێـدە لە گـۆشـتی سـوورەوەکـراو، ئەمـە سـاڵێکە پنچڕێ گـۆشـتت نەخـواردووە، دەبێ گـۆشـتی چی بێت، هـی مـریشـکە، نەء کـەڵەشـێـرە، هـی گایە، نەء هـی مـەڕە، نەوەڵا هـی گۆلکـەیە، دەیاڵا هـی هـەرچی بێت، خـۆ من تێری لێ دەخـۆم، گۆشت هـەر گـۆشـتـە فـەرقی چییـە؟ کاکە قەدەرێکی زۆر چاوەڕێم کرد، دڵم هـەر سێ و دووی بوو، چی بوو هـەر نەیـهـێـنا؟ خـەیاڵ پڵاوی خـۆم بێـزاری کـردبـووم، دەمگوت تەنیـا گـۆشت نیـیـە، برنجـیـشـی لە گەڵدایە، تۆ بڵێی چەندم گۆشت بۆ تێکا؟

خـۆ ئەم ماڵە لەوەش ناچێ دەوڵەمەند بن، بەخـوا بڕوا ناکەم ساوەر و رشـتـەشیـان هـەبێت؟ بەڵام ئەمـە شـارە عـادەتیـان وایە مـیـوان دەبێ ڕێزی لێ بگیـرێ و خـواردنی باشی بۆ دابنرێ، ئەی ئەوە نەبوو کابرای خـانەدان تاقە ئەسپەکەی بۆ میوانەکانی سـەربڕی، کە ئەوان چووبوون لێی بکڕن! تۆ بڵێی سەوزە و ماستاویشی لەگەڵدا بێت؟ نابێ دەبێ لەگەڵیدا بێت؟

شنەبایەکی ناوادە کەمێ بۆن و بەرامـەکەی دوور خسـتـەوە، لە جیاتی بۆنی گۆشت و پڵاو بۆنی قەقنەز و تەپاڵەی سووتاوی هێنا، کابرا هـەر دیار نەبوو، لەبەر برسێتی ئۆقرەم لێ بڕابوو، هـەستام بە ناو ژوورەکـەدا سـوڕێکم خـوارد، زەبای ئیلاهـی لێ نەبوو، دیسـان بۆنی جـزوبز هـەڵی کـردەوە، ملێکم کێشـایە دەرەوە سـەیرێکی ناو حـەوشـەکەم کرد حـەوشێکی چۆڵوهۆڵ، لـەو سـەرەوە لەلای دەرگەی حـەوشە بەرمیلێک نەوت دانرابوو لەگەڵ دوو سێ تەنەکە و باوشێ چیلکە و دارا، ئیتر ئاو بێنە و دەست بشـۆ، دەتوت مـاڵی دێو و درنجـە، قـەرەی تێـدا نەبوو، لەگـەڵ ئەوەی بـرسـیـم بوو تینووشم بوو، باش بوو لە ئەوەڵ ئاو گوێلێ دووان ئاوم خواردبووەوە، ئەگینا تا ئەو کاتە بەفەتارات چووبووم، بە خـەیاڵی گەرمی گۆشت و جامێ ئاوی ساردەوە سـەرم نایەوە، لە پڕ تەقوهوڕی دەرگە هـەڵی ساندم، دیتم کابرا بە سینییەک خواردنەوە هاتە ژوورەوە، لە حەژبەتا ڕاستەپێ قیت بوومەوە



و پەلاماری خواردنەکەم دا و سینییەکەم لە دەستی کابرا ڕفان، بەڵام هەر زوو خۆم پەشیمان و تەریق بوومەوە و وتم: مام حاجی ببوورە بۆ من شەرمە پیاوێکی ریشسپی وەک جەنابت خزمەتم بکات، بۆیە پەلاماری سینییەکەم داو لێم وەرگرتی، سینییەکەم لە بەردەم خۆما دانا، کابرا نازانم بۆچی چووە دەرەوە، وا بزانم چوو ئاو بێنێ، بەپەلە سەری تاوەکەم هەڵدایەوە، گەشکە گرتمی بە خۆمم وت: نەموت؟ خۆیەتی گۆشتە! یان هی قەلە یان ماسی سوورەوەکراوە، گوێم لە گەرمی نەبوو بە پەلە سێ چوار دانەم لێ هەڵدایە دەممەوە، مڵچەمڵچ دەستم بە خواردنی کرد، تامی گەیشتە قوڕگم سەرم سوڕما، تۆزێ وەستام، دووبارە تامم کردەوە باوەڕم نەکرد قوتم دا، ئینجا کەمێ تەماشام کرد، دووبارە سێ چوار پارووی ترم گلاند، لەم کەینوبەینەدا نیوەی تاوەکەم هەڵدا، کەمێک بەر دڵی گرتم، بەوردی تەماشایەکی پارچە سوورەوەکراوەکانم کرد، ئەمدیو و ئەودیوێکیانم کرد، دیتم ئەمە گۆشت نییە، باینجانی سوورەوەکراوە، لەبەر خۆمەوە وتم باینجان بەم پایزە؟!

لەو کاتەدا کابرا هاتە ژوورەوە، هەرچەند گوێی گران بوو کەچی بۆ نەگبەتی من گوتی: ئەرەوەڵا قوربان عەفووم کە جگە لەمە شتێکی ترمان نەبوو، ئێمە لە هاویندا سێ ژەمە باینجان دەخۆین، لەگەڵ هەر ژەمێکیشدا ژەمێک بۆ زستان وشک دەکەینەوە، ئێمە هاوین و زستان خواردنمان باینجانە، ئەو کاتە کە ئیتر هەوا و هەوەسی خواردنم نەمابوو، تا ڕادەیەک تێریشم خواردبوو، وتم: باشە وا هاوین زانیمان چۆن لێی دەنێن ئەی زستان چۆن؟ کابرا وتی: بە هاوین بە فەردە دەیکڕین و قاژ قاژی دەکەین، خوێی پێوە دەکەین و لە بەر هەتاو وشکی دەکەینەوە بۆ زستان، زستانیش کاتێ لێی دەنێین کەمێک لەناو ئاوی گەرمدا دەیکوڵێنین، ئینجا یان لەناو ڕۆندا سوری دەکەینەوە، یان دەیکەینە شۆربا، یان دەیکەینە تەبسی یان قاورمە یان هەر شتێکی تر، من کە ئەو کاتە مەسەلەی کوێخا جەلیل و تاپۆ و سەنەدی ئاواییم تەواو لە بیر چوو بووەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: دەک ماڵی تۆ و باینجان و هەتاو و زستانیشم بە قوڕ گرت، سا وەڵاهی ساتێکە بە خەیاڵی گۆشتەوە سەرخۆشم! بەڵام لەبەرئەوەی برسیم بوو هیچم نەوت و تاوەکەم فڕ کرد، تەنانەت پاروویەکیم بۆ کابرای خانەخوێش نەهێڵایەوە، کابراش کە بەرانبەرم لەسەر قنجگ دانیشتبوو دیتی من بەپەلەپەل نانەکەم خوارد، گوێم لێ بوو لەژێر لێوەوە وتی: ڕاستە برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە!

من ئەو کاتە کە ئیتر زانیبووم گۆشت نییە و باینجانە سەرم لەسەر سینییەکە هەڵنەبڕی، هێندە بە ڕقەوە تەماشای باینجانەکانم دەرکرد و قەپم تێ دەگرتن دەتگوت بەزۆر دەرخواردی دەدەن، تاوەیەک باینجان و چوار نانم لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەڵدا، ئینجا جامە ئاوەکەشم کرد بەسەریدا و وتم: ئەلحەمیلا خوا نەیبڕێ؟ کابرا وتی: عافیەتت بێت خۆ بەدڵت بوو؟ لە دڵی خۆمدا وتم: گەواد هەیە ئەمەی بە دڵ بێت؟ بەڵام بە دەمی کابراوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و وتم: ئەرەوەڵا دەستت خۆش بێت، خوا نەیبڕێت چێشتێکی بەتام و لەزەت بوو، کابرا تاقەتی نەبوو بچێ باینجانی تر بۆ خۆی سوور بکاتەوە ناچار دەستی کرد بەنان و چا خواردن، چایەکیشی بۆ من تێ



کرد، کردم بەسەر ئەو چەوروچلییەدا، ئینجا لێی پرسیم: قوربان عەیب نەبێ جەنابت کوێندەریت؟ ناوی خۆمم پێی نەوت تەنیا وتم: خەڵکی دێی برایم خولامم ! کابرا وتی: کاک برایم خێرە وا رێت کەوتووەتە ئەم ناوچەیەی ئێمە، بۆ خولامی هاتووی؟ ئەی لای خۆتان کار و کاسبی نییە؟ وتم: قوربان ناوم برایم نییە و بۆ خولامیش نەهاتوومەتە ناوچەکە، بەلام چ دەکەم نەختێ قایم لە دەم هاتەدەر، کابرا وتی: ئا بۆ چەک کڕین هاتووی؟ وتم: حاجی گیان چەکی چی؟ ناوچە دەڵێم ناوچە، ئەویش وتی: بەڵێ بەڵێ هەرکەسە و خۆی و ناوچەوانی، بەدەم ئەم دەمەتەقێیەوە بانگی عەسری دا، حاجی رەحیم هەستا دەستنوێژی گرت و قامەتی دابەست، منیش لەبەر خاتری ئەو چووم دەستنوێژم گرت و چوار رکات نوێژی عەسرم کرد، ماڵی حاجی رەحیم لەمپەڕی شارەوە بوو، بۆیە دوای نوێژ یاپشە یاپشە بەرەو بازاڕ کەوتینە ڕێ، حاجی لە ڕێگە هەر قسەی دەکرد و منیش هەر سەرم بۆی دەلەقان، باسی شاری دەکرد دەیوت: شار تێکەڵەیەکە لە کورد و جوولەکە و تورکمان، گەڕەکی جوولەکەکان دەکەوێتە سەر ئەم جۆگایە و بەدرێژی جۆگاکە درێژ بووەتەوە، زۆربەی ماڵەکانیان لە قایە و گەچ دروست کراوە، نەک وەک ماڵەکانی ئێمە هەمووی لە قوڕ و خشت دروست کراوە، گەڕەکی تورکمانەکانیش لە پاین گەڕەکی جوولەکەکانەوەیە و تا ناو بازاڕ دێت، بەشێک لە ماڵەکانی ئەمانیش وەک ماڵی جولەکەکانە، بەلام گەڕەکی کوردەکان دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شارەوە، بازاڕی شاریش پێک هاتووە لە چەند قەیسەرییەک، کە هەمووی لە قایە و گەچ دروست کراوە و سەریشی بەگومبەز گیراوە، سێ چوار خانیشی تێدایە ئەوانەی لە ئاواییەکانەوە یان لەملا و لەولاوە دێن بۆ خورماتوو دەچنە خان، زۆرینەی بازاڕ بەدەستی جولەکەکانەوەیە، تورکمانەکانیش بڕێکی کەمیان نەبێت کە شەریکی جوولەکەکانن، باقیەکانیان لە بەردەستی ئەواندا شاگردی دەکەن، هەرچی کوردەکانیشە زیاتر خەریکی دارتاشی و زراعەت و ئاژەڵداری و جامبازین، کەمتر دووکانداری دەکەن، کوردەکان دووکاندار بەتەمبەڵ و تەوەزەل دەزانن، دەڵێن دووکانداری پیشەی پیاوی تەمبەڵە.

یەکێک لە قەیسەرییەکان تایبەتە بە ئاسنگەر و دارتاشەکان کە زۆربەی پێداویستیی مالان لەم بازاڕەدا دروست دەکرێ، یەکێکیشیان تایبەتە بە قوماش و پۆشاک و جلوبەرگ، ئەوەی تریان هی خواردن و پێداویسیی ژیانی رۆژانەیە، کە گەیشتینە ناو بازاڕ دیتم جۆگەیەکی ئاوی گەورە بە ناو شاردا تێ دەپەڕێ، ئاوێکی پاک و سازگاری هەبوو، لقێکی لێ جیا دەبووەوە، دەگەیشتە بەردەرگەی ئەو خانەی کە دواتر من لێی نیشتەجێ بووم، ئەو خانە هی ناحوم جوولەکە بوو، هەر بەناوی خۆیشیەوە بوو، بێجگە لەم خانە دوو خانی تریش هەبوو، یەکێکیان خانەکەی عەسکەرەکەڕو ئەوەکەشیان خانەکەی حەمید توتنچی بوو، ناحوم جولەکە بەکوردییەکی پەتی قسەی دەکرد، لەوێندەرێ خواحافیزیم لە حاجی رەحیم کرد و زۆر مەمنوونی بووم، بەئومێدی ئەوەی بەزووترین کات کوێخا جەلیل بدۆزمەوە لەو خانەدا ژوورێکم بەکرێ گرت، لەو ماوەیەدا کە لەوێ مامەوە لەگەڵ ناحوم جوولەکەدا بڕێک مەیانەمان پەیدا کرد و بووین بە رەفیق، دوای ئەوەی



زانی بە منداڵی لە ئاوایی لەلای مەلا سدیق قورئانم خەتم کردووە و چەرتەیەک خوێندەواریم هەیە رۆژێکیان لێی پرسیم: کاک غەریب نەتوت بۆچی ئاواییت جێ هێڵاوە و هاتووی بۆ شار؟ کورد حەزی لە ژیانی ئاواییە نەک شار؟ کاک ناحوم راستەکەی ژیانی ئاوایی و لادێ لە ژیانی شار خۆشترە، بەڵام ئاوایی ئێستا وەک جاران نەماوە! چۆن؟ ئێستا ئاواییەکانیش زۆر بوونە و کێشەیان تێ کەوتووە، لە ئاواییش کێشەی نیشتەجێبوون و ئاوی خواردنەوە و لەوەڕگەکان سەریان هەڵداوە، ئەویش بەپێکەنینەوە وتی: باشە ئێستا جەنابت لەدەستی کامیان هەڵاتووی؟ ناحوم ئاغا ئەوەی راستی بێت من خەڵکی ئاوایی ڕایان سپاردووم بەدوای کابرایەکی لای خۆمانا بێم بۆ خورماتوو کە هەموو سەنەد و تاپۆی ئاواییەکەمانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و هاتووە بۆ شار، تا سەنەدەکان لەسەر خاوەنەکانیان تەسوێی کات.

پرسی: ئەمە کەی؟ وتم: ئاوا نێزیکەی سێ مانگ پێش لە ئێستا، ئەی باشە زەلامێکی چۆنە؟ ناوی چییە؟ وتم: ناوی کوێخا جەلیلە، کابرایەکی کورتە باڵای ورگنە، کەوا و چاکەت لەبەر دەکا و و مشکیی سەوز دەبەستێ بەسەریەوە، شەرواڵی خامیش لە پێ دەکات و لە جیاتی پشتوێن قایش دەبەستێ، عەرەبییەکی باشیش دەزانێ، بڕێک خوێنەواریشی هەیە، بزەیەک گرتی وتی: کاک غەریب ئەو کابرایەی جەنابت باسی دەکەی ئاوا دەوری دوو مانگ پێش لە ئێستا لەم خانەدا بوو، بەبەرچاوی خۆمەوە ئەو تاپۆ و بەڵگەنامانەی ئاوایەکەتان کە باسی دەکەی هەمووی فرۆشتە چەند عەرەبێکی دەوڵەمەندی تکریتی و و تاپۆ و تەسوێی لەسەر ئەوان کرد، پارەکەشی خستە تەنکی باخەڵیەوە و تێی تەقاند بۆ بەغا، منیش پرسیم چۆن؟

وتی: باش، عەرەبەکان بەناوی خەڵکی ئاواییەوە چەند وەکالەیەکی قەڵپیان بۆ کردووە و ئەویش چوو لە دایەرەی تاپۆ بەبەرتیل هەمووی کرد بەناویانەوە، ئەم کارەی کوێخا جەلیلم بەلاوە سەیر نەبوو، چونکە ئەو تا ئێستا چەندان پەنی وای داوە، بەڵام ئەوەی بەلامەوە جێگەی پرسیار بوو، وەک برک و ژان لە ناخما گینگڵی دەدا، ئەوە بوو تاکەی خەڵکی ئاوایی ئێمە کوێخا جەلیل و ئەوانەی وەک ئەو وان ناناسن و ئیتر بەقسە و بەڵێنەکانیان هەڵناخەڵەتێن؟ کەی دێنە هۆشی خۆیان و چاو و دەمیان دەکرێتەوە؟ ئیتر ئیش و کاری خۆیان بە ئەم و ئەو ڕاناسپێرن وخۆیان بەدوای کاروباری خۆیانا دەچن؟ ئەمە چەند جارە کوێخا جەلیل هەڵیان خەڵەتێنێ و فریویان بدات؟ ئیتر بەس نییە؟

ناحوم تەماشایەکی کردم، دیتی زۆر تووڕە و پەستم بۆ ئەوەی تۆزێ دڵم بداتەوە وتی: برام خەم مەخۆ، چەم بێ چەقەڵ نابێت، با خەڵکی ئاواییەکەتان بێن لێرە بەتۆمەتی تەزویر شکاتی لێ بکەن تا زەوییەکانیان بۆیان بگەڕێتەوە.

بڕیارم دا جواب بنێرم بۆ خەڵکی ئاوایی و لەم کارەی کوێخا جەلیل ئاگەداریان کەمەوە، خۆیشم لە خورماتوو بمێنمەوە و لەوانەی لە بەغاوە دێن و بۆ کەرکووک دەچن لادەدەنە ئەم خانە سۆراغی کەم تا دەیدۆزمەوە، بۆ رۆژی دوایی ناحوم جوولەکە بانگی کردمە لای خۆی و لێی پرسیم: غەریب لە



ئاوایی ماڵ و منداڵت هەیە نییە، منیش وتم: بەخوا سەیدا زگورتم و هێشتا داوی ژنهێنان نەیگرتووم، پێکەنی و وتی: کەوابوو بەم زووانە ناگەڕێیتەوە بۆ ئاوایی؟ وتم: جارێ بەتەما نیم، وتی: زۆر باشە بۆ نایەی من و تۆ شتێک بکەین؟ وتم: شتی وەک چی؟ وتی: مادامێک تۆ ڕەبەن و زگورتی و جارێ لێرەی، ئێ خوێندەواریشت هەیە، سەریشت لە حەساو دەردەچێت، بۆ نایەی لەلای خۆم بتکەم بە خانچی، من ماوەیەکی تر کۆچ دەکەم و دەڕۆم بۆ ئۆرشەلیم، ئەو کات پێتی دەفرۆشم و دەبێت بەهی خۆت، ئەم پێشنیازەی ناحوم جوولەکە بۆ من دوو شەش بوو، هەم لە شار دەمامەوە و هەم بەدوای کوێخا جەلیلیشدا دەگەڕام، بۆیە دەسبەجێ قبووڵم کرد و بووم بە خانچی، دوای مانگێ دووان لە خانچێتی ڕۆژێکیان ناحوم جوولەکە ناردمی لە گەڕەکی (ئۆرتە)* لە ماڵی کابرایەکی تورکمان بڕێک گەنم و جۆ هەبوو تا پێوانەی کەم و بیکڕم، لە ماڵی کابرای تورکمان خەریکی کێشانە و پێوانەی گەنم بووم، ژوورەکە تۆزاوی و گەرم بوو، زۆرم تینوو بوو، داوای ئاوی خواردنەوەم کرد، ژنێکی ڕەشپۆش، بەڵام تا بڵێی جوان و ناسک جامێک ئاوی بۆ هێنام، ئەو کاتەی ئاوەکەم لێ وەرگرت دەستم بەر دەستی کەوت، مووچڕکەیەک هات بەلەشمدا، وەک کەسێک لە خەوێکی قووڵ هەستێ و بەئاگا بێت، ئاوام بەسەردا هات، بۆ چرکەیەک نیگامان لەیەک گیر بوو، بەقووڵی لەیەکمان ڕووانی، وەک ئەوەی بڵێی ساڵانێکە بۆ یەکتر دەگەڕێین ئاوا چووین بەدڵی یەکترییەوە، لەو ڕۆژەوە من و پەریهان کە بێوەژن بوو، منداڵی نەبوو، یەکترمان خۆش ویست و دواتر خواستم و بووم بە زاوای تورکمان و بووم بە خەڵکی شار، پاش چەند مانگێک نامەیەکم نارد بۆ خەڵکی ئاوایی و تیا نووسیم: (قەرداشلەر)** بمبوورن من کە لە (کێویلەیە گیالدووم)*** بۆ شار تا کوێخا جەلیل بدۆزمەوە، بەداخەوە خۆم لە شاردا ون بووم و ئێستا پێویستیم بە یەکێکە بمدۆزێتەوە.

فەرهەنگ:

فنتک: دانیشتن لەسەر جنجگ. مەخوودە: کەری ناو ڕان، کەری بچکۆڵە

ئاوەسپی: مەبەست لە ڕووباری ئاوە سپییە کە لەمدیوی چیای قەرەداغەوە هەڵدەقووڵێ و بەرەوخوار دەبێتەوە بەناو شاری خورماتوودا دەڕوات تا دەگاتە ئەودیوی چیای حەمرین.

ئەوەڵئاو: کە لە ناوچەی داودەوە بێی بۆ خورماتوو یەکەم هاتنە سەر ئاوەسپی پێی دەڵێن ئەوەڵئاو

چەمی داودە: ناوچەیەکی بەرینە لە گەرمیان بەنێزیکەی چل کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری چیای حەمرینەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خێڵی داودەیە.

ختورە: لێکدانەوە، دوودڵی، ترس و نیگەرانی. شەڵتاغ: شەپرێو، بایەخ بەخۆ نەدەر. کەپڵەهەرز: هاکەزایی، خاکی، سادە. منجڕ: فرەگۆ، دەمبڵ، زۆروت. بڕست: هێز، توانا، تاقەت. ئۆرشەلیم: قودس لە ئیسرائیل

* ئۆرتە: ناوەڕاست، گەڕەکێکی تورکمانەکانی خورماتووە.

** قەرداشلەر: برایان

*** کێویلەیە گیالدووم: لە ئاواییەوە هاتووم

چیرۆک

# هەڵهەڵە

سالار ئیسماعیل سەمین



ئەو کاتەی هەڵچەرخایەوە بەرەو دەستی چەپی و تەماشای ناو حەوشەکەی کرد. بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد بۆ خێزانەکەی. هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە.

بەپەلە خۆی و خێزانەکەی لەبەر هەیوانەکەوە هەنگاوەکانیان پێچایەوە بەرەو نێو حەوشەکە. کابرا ئەمەندە کەڵەگەت و بەرز و کڵفت بوو. بە پێوە ڕاوەستا گەزێکی لە دیوارەکەی نێوان خۆیان و دراوسێکەیان بەرزتر بوو. هەڵچەرخایەوە بەرەو دراوسێکەیان.

هەردوو دەستی خستە سەر دیوارەکە و وەک قازی قوڵنگ ملی چەماندەوە بێ ئەوەی کەس ببینێ هاواری کرد.

هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە.. ئەوە گرانەتاتە وا هەڵهەڵە هەڵنادەی...؟

هەڵهەڵە بۆ ڕۆژی وا پڕ لە خۆشی دەبێ ئیتر بۆ کەیتە.

شەو لە نیوە لای دابوو. دەنگی هەڵهەڵەی یەک لە دوای یەکی ئافرەتی کابرای کڵفت بوو بەسەرنجڕاکێشەری دراوسێ نێزیکەکان. هەموویان خرۆشانە بەر دەرگەکان. بەو نیوەشەوە وەک ئەسپێکی بوغرا لە پێوەن هەڵبێت خێزانەکەی بەجێ هێلا و بۆی دەرچوو بەزرمە زرم بەربوو لە دەرگەی دراوسێکان و هاواری دەکرد.

هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە..

بە بۆنەی نەبوونی وزەی کارەبا و نەمانی گڵۆپەکانی دارتێلەکان و گەنکاوە لە ئەندازە بەدەرەکەی کۆڵانەکەوە. هیچ کەسێک لەبەر دەرگەی خۆی نەجووڵایەوە.

بەشێکیان پێ دەکەنین و بەشەکەی تریان بەسەرسوڕمانەوە گوێیان هەڵخستبوو بۆ بانگەوازەکە.

یەکێ لەو ئافرەتانەی کە ڕاوەستابوو بەوی تریانی گوت:

تۆ بڵێی بەم نیوەشەوە ئەم کابرا بۆ وا هاوار دەکا..؟

هەرچەندێکیش هەڵهەڵە گوزارش لە خۆشی دەکا.

بەهۆی درەنگی کات و تاریکیە نابیناکە و گەنکاوەکەی کۆڵانەکەوە هیچ کەس لەبەر دەرگەکەی خۆیەوە بەرەوماڵی هاوارکەرەکە نەهات.

کابرای هاوارکەریش لەگەڵ شۆڕابوونیدا بەرەوخوار. زرمەی لە دوا دەرگە هەڵساند و هاواری دەکرد:

هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە..

ئەو کاتەی نیازی پەڕینەوەی بوو بۆ ماڵە دراوسێکانی ئەوبەر. ناچاربوو بەناو گەنکاوەکەدا بڕوا لەگەڵ خزانی پێی ڕاستیدا شڵپەی کرد بۆ ناو گەنکاوەکە. توانای هەڵسانەوەی نەما. لەگەڵ یەکەم هەنگاویدا جارێکی تر لەسەر لا کەوت. بەڵام کەوتنێکی زۆر خراپ. لەوێدا گەنکاوەکە وەک گۆمێکی ئاوی مەنگ وابوو.

لە شوێنی کەوتنەکەیدا نەختێک جووڵایەوە. هەردوو دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی هەوڵی

هەستانەوەی دا یەکەم جار سەرنەکەوت هەوڵەکەی دووبارە کردەوە توانی خۆی بەکێش بکا بەرەو دارتێلە بێ گڵۆپەکەی پەنا دیوارەکە. لەسەر لا پاڵی دا بەدارتێلەکەوە. ئەوانەی بەو شەوە لەبەر دەرگەکاندا ڕاوەستابوون هیچ شتێک لە هاوار هاوارەکە تێ نەگەیشتن هێدی هێدی. لەسەرخۆ دەچوونە ژوورەوە. تەنیا دوو قەیرە ژنەکە نەبێ بەر دەرگەکەیان بەجێ نەهێلا. یەکێکیان هەرچەندە بەتەمەن بوو، بەڵام زۆر لە خوانەترسبوو بەویتریانی گوت:

ئەم زەلامە هەرچەندی کڵفت و چوارشانە و زەبەلاحە. ئەوە بۆ بیست ساڵە دەچێ ژنی هێناوە و منداڵی نابێ. هەبێ و نەبێ ژنەکەی دووگیانە بۆ ئەوە بەم نیوەشەوە لە خۆشیدا هاوار دەکا. هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە..

ئەوی تریان وتی:

خوای گەورە بەدڵی بکا و ڕەحمی لێ کا.

منیش دەڵێم خوای گەورە رەحمی پێ کا. بەڵام..!!!

بەڵام یەعنی چی..؟

بیست ساڵە منداڵیان نابێ ئێستاکە ئەم دووگیانبوونەی لە کوێ هێنا..؟

ماوەیەکە بازرگانە مل ئەستوورەکە هاتووچۆیان دەکات.

ئەستەخفرو لا.. ئەستەخفرولا

بەتووڕەبوونێکەوە ئەو لەخوانەترسە دەمشڕەی بەجێ هێلا و چووە ژوورەوە.

بەتەواوی بەر دەرگاکان چۆڵ بوو. بەتەنیا ئەو نەبێ لەسەر لا لە پاڵ دارتێلەکەدا کەوتبوو. بەو شەوە درەنگ و ختە دەرگەی وڕێنە و خەیاڵبازی لێ کرایەوە:

(بەسەر شەقام و هەموو لا کۆڵانەکاندا بەدەیان دارتێل بەدی دەکرێ بەڵام بێ گڵۆپ و بێ وزەی کارەبان. جارجارێک گڵۆپیان بۆ دادەمەزرێنن. بەڵام منداڵە چەمووشەکانی گەڕەک بە بەردەلاستیک هەپرونی دەکەن. خۆزگەم بەوەی کە منداڵی لاساری نییە. خۆ من ئەگەر لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا منداڵم بووبووایە ئێستاکە خاوەن چوار پێنج منداڵ بووم).

ئێستا بەهیچ شێوەیەک توانای هەڵسانەوەم نییە. کاتێک هەڵسام ماڵەکانی ئەوبەریش ئاگەدار دەکەمەوە نەوەستن و هەڵهەڵە.. هەڵدەن. دوور نییە بڵێن:

بۆچی هەڵهەڵە هەڵدەین..؟

دەڵێم:

چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵهەڵەکە بن.

گەنکاوە قووڵەکە زۆر لێمەوە نێزیکبوو دەتوانم بڵێم تەنیا هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو. سەرووی گەنکاوەکە شەوانە زۆر پاک و ڕوون بوو. جارجارێک تەماشام دەکرد بەشێوەیەکی کز ئەستیازەکانم تێدا بەدی دەکرد. بەتەواوی لە پاڵ دارتەلەکە و دیوارەکەدا بێ هێز بووبووم. هەستم کرد ماوەیەکی تر توانای هاوار هاوارکردنیشم نامێنێ.

تۆ بڵێی جارێکی تر توانای ئەوەم هەبێ هاوارکەم و بڵێم.

هەڵهەڵە.. هەڵهەڵە..؟

ناچار هەڵسامەوە توانای هاوارکردنیشم نەما دەتوانم بەدوره بەرد زرمە لە دەرگەکان هەڵسێنم و ئاگەداریان کەمەوە.

لە ڕاستیدا ڕۆژگارێکی زۆر بێ وەفایە، ئەو نارەسەنەی خێزانیشمە نایەتە دەرەوە پرسیارێکم بکا ناهەقی ناگرم ئەم شارە قێزەوونە ئەم کاولستانە داتەپیوە پڕ لە مەترسییە دانشتووانەکەی پاش شامی شێوان، هەریەکەو دەرگەی حەوشەکەی لە پشتەوە کلۆم دەدا و ئاگای لە هیچ نییە.

شەوێکی کۆتاییی مانگی خەرمانان بوو. شەپۆلی مێشوولە لەناو حەوشە و سەربانەکاندا خەڵکیان هەراسان کردبوو. شەوەکەی ئەمەندە تاریک و نابینابوو. هەنگاوێک پێش خۆتت نەدەبینی ئەو کاتەی جووڵایەوە بۆی دەرکەوت لای ڕاستی بەتەوتوی سڕ بووە. هەستی بەئازارێک و گەرمییەک کرد بەسەر ئەژنۆی هەمان لایەوە. دوا جاریش بۆی دەرکەوت کە لە کەوتنەکەیدا بریندار بووە. هەستی کرد لایەک لە شەرواڵەکەی لە خوێندا تەڕ بووە. دەستی گرت بەدارتێلەکەوە. بەتەمای هەڵسانەوە بوو. بەسەر برینداربوونەکەشیەوە هەوڵێکی زۆری دا. بەڵام بەسەر پاشوویدا کەوت و هەڵنەسایەوە. ئەو شەوە بڕیاری دا لە پاڵ دارتێلەکەدا ڕۆژ بکاتەوە، شەو کە لە نیوە لای دابوو. هەستی بەشلپەشڵپێک کرد لەناو گەنکاوەکەدا. کەوتە چپەچپ:

تۆ بڵێی ئەم شڵپەشڵپە بەم نیوەشەوە لەناو ئەم گەنکاوەدا چی بێ..؟

هەرچەندێ کابرای کڵفت بەغیرەت و چاونەترس بوو. بەڵام بە هۆی برینەکەیەوە خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو. بەهیچ شێوەیەک هێزی تێدا نەمابوو. توانای جووڵانەوەشی نەبوو. بەڵام زۆر بیری لە خۆی دەکردەوە!

گەربێت و هەوڵێک نەدەم لەم شوێنە ڕزگارم بێ، خوێن لە لاشەمدا نامێنێ و ئەم شوێنە دەبێتە گۆڕم.

شڵپەشڵپی ناو گەنکاوەکە هەتا دەهات زیاتر دەبوو. دوا بەدوا کشامەوە بەتەواوی پشتم دا بەدیوارەکەوە. هەرچەندێ شەوەکەی ئونگوستەچاو بوو. وەک هەڵۆیەکی ڕاوکە چاوەکانم هەڵڕوانیبوو بەرەو شڵپەشڵپی گەنکاوەکە هەستم کرد لەگەڵ شڵپەشڵپەکەدا مرەمرێک و حەپەحەپێک دەبیستم. یەکسەر بۆم دەرکەوت گەلە گەماڵە خوێرییەکانی ناو کۆڵانەکانە. چەند جارێک لە شوێنەکەی خۆمەوە چغە چغەم کرد سەگەلەکە دوور کەوتنەوە. سەرم هەڵبڕی بەرەو ڕۆهەڵاتی شارەکەم تەماشام کرد کازێوە بەسەر ماڵەکانەوە بەتەمای لەدایکبوونە زۆری پێ نەچوو دەمتوانی هەنگاوێک هەتا دوو هەنگاو بەر پێی خۆم بینیم بەتوندی دەستم گرت بە دارتێلەکەوە لە شوێنەکەی خۆم هەڵسام. هەستم کرد خوێنی برینەکەم و گەنکاوەکە بەشەرواڵەکەمەوە وشک بوونەتەوە. بەشەلەشەل و لۆژەلۆژ بەرەو ماڵ شۆڕەوە بووم. چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە ماڵ. تەماشام کرد دەرگەی حەوشەکەمان بەتاکە کاتێک چوومە ژوورەوە بینیم خێزانەکەم لە پاڵ نیو سەتڵە ئاوەکە و ماتۆری ئاوەکەدا لەسەر لا کەوتووە و گیانی خۆی لەدەست داوە.

چیرۆک

# من و فشەی نیسان

ئەردەڵان عەبدوڵڵا



من سۆفی نیم و خۆشم بە کەسێکی خواپەرست دانانێم، بەڵام لەوەتی کەمێک لە ژیان تێ گەیشتووم، حەز ناکەم بەهیچ شێوەیەک درۆ بکەم، تەنانەت ئەگەر بۆ شۆخیش بێت. هەر بۆیە زۆرجار خەڵکی بە کابرایەکی وشکم دادەنێن و زۆرجاریش ڕقیان لێم دەبێتەوە. دیارە لەم ڕۆژگارە سەختەی ئەمڕۆماندا کەسێک درۆ نەکات تا ڕادەیەکی زۆر ژیانی زەحمەت دەبێ و زۆرجاریش خەڵکی بە کەسێکی نەفامی تێ دەگەن. ئەم نەریتەی من تووشی زۆر کێشەی کردووم، تەنانەت نێزیکترین کەسی خۆشم، لەم ڕاستگۆیەتییەی من بێ تاقەت بوون. ئای کە تووشی کێشەبووم بەهۆی ئەم نەریتە خراپەمەوە. بەهەرحاڵ ئەگەر ئێوەش بەو چاوانەی منەوە وێنەی ناشرینی درۆتان ببینیایە، دڵنیام هەڵوێستتان بەرامبەر درۆ دەگۆڕا.

هەمـــوو کـــاتێک ژیانی ســـادەیی و هەژاریم لا پیـــرۆز و جـــوان بووە، ئای کــە ڕقم لە ژیانی گەورەپیاوان و دەوڵەمەندان دەبێتەوە. هیچ کاتێک خەونم ئۆتۆمۆبێلی گرانبەها و خانووی جوان و ژیانی کەشخەیەتی نەبووە، تەنانەت لە تەمەنی لاویشمدا ڕقێکی زۆرم لەو کەسانە دەبوویەوە ، کە زیاد لە پێویست خۆیان بە کۆمەڵێک شتی بێ مانا دەڕازاندەوە. هـەموو کاتێک قسەکەی سوقراتم وەبیر دەهاتەوە:

(ئای لەم بازاڕەدا چەندە شتی تێدایە کە من پێویستم پێیان نییە) .

لێ تۆ کـاتێک ژیانی خـۆت لەگـەڵ کـەسـێکی تردا دابەش کـردووە، بە ویسـتی خـۆشت منداڵت دەعـوەتی ژیان کـرد، ناچاریت کـەمـێک هزرەکـانی خـۆت، لە بـەردەم ژیانی هاوسـەریتـدا بکەیەتە قووربانی. هەموو کاتێک ڕقم لە ئۆتۆمۆبێل دەبوویەوە، هەروەک چۆن یەکەمین جار ئۆتۆمۆبێل هاتە ناو شارەکەمان و خـەڵکی هەژار و سادە بە کاری شەیتانیان دادەنا، منیش ئاوا نەفرەتم لەم کارە شـەیتانییـە دەکرد. بەڵام بڵـێم چی دیسانەوە ژن و منداڵ و دۆسـتـان، وازیان لێ نەهـێنام و ناچار منیش وەکو ئەو خـەڵکە چووم ئۆتۆمۆبێلێکم کڕی. ئای کە منداڵەکانم دڵیان بەم ئۆتۆمـۆبێلە خۆش بوو. کچە بچووکەکەم پێی وتم:

– بابە گیان ئەمە باشترین کارە کە تۆ لە ژیانتا کردووتە.

بۆ من چرکـەیـەک خـۆشی لەسـەر لێوی منداڵەکانم، بە گـەنجینەی شـاهـان ناگـۆڕمـەوە. هـەر بۆیە پاش مـاوەیەک هـەمـوو ئـەو دڵـتـەنگی و ناخـۆشـییـەم نـەمـا و ڕەوییـەوە. وەلێ ئۆتۆمـۆبێلمـان بۆ چییـە ئەگەر وەکو خەڵکی پێی نەچین بۆ سەیران و گەڕان. هـەمووی هـەفتەیەک نەدەبوو ئۆتۆمۆبێلم کڕیبوو، هیچ کـاتێک بەهار هێندە جلی جوانـی نەپۆشـیـبوو. هەمـوو خـەڵکی وەکو بڵـێیت سـوپای بەعس بە دوویان کـەوتبێ، لە شـار دەرچوون و بەرەو دەشـتــودەر کـۆچیـان کـردووە. منیش وەکـو خـەڵکی، مەنجەڵمان پڕ لە یاپراخ کرد و سواری ئۆتۆمۆبێلە بۆر بووین و چووین بۆ میوانیی دەشتی سەوز.

ئای کە منداڵەکانم دڵیان خۆش بوو، هەر کە سـواری ئۆتۆمۆبێلەکە بوون یەکسـەر دەستیـان کرد بە گۆرانی ووتن. تەنانەت ژنەکەشم کە زۆرجار ڕقی لە گۆرانی دەبوویەوە، ئەویش چەپڵەی لێ دەدا و گـۆرانی دەوت. لە پڕ نازانم ئۆتۆمـۆبـێلێک هاتـە پێشـم، نەمزانـی ئەم شـەیتانـە لە کوێوە هاتە دەرێ. لە ئاسـمـان کەوتـە خوارەوە یان لەژێر زەویدا هاتە دەرێ . منی تازە شـۆفێریش شڵـەژام و نەمزانی چی بکەم. بە توندی ستۆپێکم کرد و ئیتر پاش ئەوە ئاگام لە هیچ نەما.

پاش کەمێک هاتمەوە سەرخۆم و کەمێک هێور بوومـەوە. سەیر دەکـەم پێم لە ئاسمـان و سـەرم لە زەوییە. ئۆتۆمـۆبێل تایەی بەئاسمـانەوە دەخولێتـەوە و خۆشم نازانم چی بکەم. شوکر بۆ خوا نە خـۆم نە منداڵ هیـچمـان لێ نەهات. ئەو خـەڵکەش هـەمـوو سـەیرمـان دەکـەن و زۆریان پێمـان پێ دەکەنن و هـەندێکیـشیـان بە حـەزێکی فـزولییـەوە سـەیرمـان دەکەن. پاش ئەوەی کـەمێک هاتمەوە سـەرخـۆم و منداڵەکانم گرتە باوەش و زانیم هـەموویان سـەلامەتن، ئینجا کـەوتمە بیرکردنەوە چۆن لەم کارەساتە ڕزگار بم. کارەساتی گەورە لێرەوە دەستی پێ کرد.

هەینییە و هیچ دووکانێکی فیتەری نییە. ئێ منیش کەس ناناسم تا تکای ئەوەی لێ بکەم و پێی بڵێم وەرە یارمەتیم بدە. پاشان ئەمڕۆ هەموو خەڵک لە دەرەوەی شارن. ناچار هانام بۆ دۆست و برادەر برد. یەڵا دەست بکە بە زەنگ لێدان بۆ دۆساتن.

– کاکە چۆنی: کارەساتێکی زۆر خراپم لێ قەوماوە ئۆتۆمۆبێلەکەم وەرگەڕاوە و نازانم چی بکەم و چۆن منداڵەکان بێنمەوە ناو شار. بەڵکو بێیت یارمەتیم بدەیت.

– چییە دەڵێیت کەست دەست نەکەوتووە بە ئێمە ڕابوێریت.

– کاکە بۆ پێت ڕادەبوێرم، بەڕاستیمە ئەمڕۆ وەرگەڕاوم . پیاوی چاکبە وەرە یارمەتیم بدە.

– دەزانم فشەی نیسانە .

– کاکە فشەی نیسانی چی، من بەڕاستمە، بەخوا، بە پێغەمبەر بەڕاستمە.

– باشە باشە بەیانی دێمە لات

– بەڕاستیمە

بچۆ بەیەکێکی تر ڕابوێرە.

ئەمە نە لەگەڵ یەکێک نە لەگەڵ دووان و بگرە دەیان کەسی نێزیکی خۆم دووبارە دەبوویەوە، نەمدەزانی چی بکەم. ئاخر من لە هەموو ژیانمدا ڕقی دنیام لە درۆ و فشەبووەتەوە، ئێستا من چۆن دێم درۆ بکەم. من ئەسڵەن هەر نەمدەزانی فشەی نیسانیش مانای چییە.

زیاتر لە چوار سەعات تەلەفۆن دەکەم و کەس باوەڕم پێ ناکات. دوو کارتم تەواو کرد، لەو دەشتایەشدا نەمدەزانی چۆن کارتم دەست بکەوێت. ئێوارە داهات و شەویش خەریک بوو کۆتایی بە شانۆی خۆشی و خرۆشی خەڵکی بهێنێت و پەردەی تاریکی شەو داگرێت. خەڵکیش پەیتا پەیتا بەرەو شار دەگەڕێنەوە و سفرەی دەشتیش چۆڵتر دەبێ. ترسێکی زۆر بەسەر خۆم و ژن و منداڵدا دێت. منداڵ دەگریت و لێم دەپرسن:

– بابە چی بکەین لێرە گوورگەکە دەمانخوات.

دۆشداماوم ، نازانم چی بکەم. دوا شانسی خۆم تاقی کردەوە و جارێکی تر تەلەفۆنم بۆ دۆستێکی خۆم کردەوە. هەتا ماوەیەکیش ئەویش هەر باوەڕی نەدەکرد، خەریک بوو وەحدەم تەواو دەبوو، باش بوو گوێی لە گریانی ژن و منداڵەکەم بوو، ئینجا کەمێک باوەڕی کرد، ئەویش نەک بە خۆم بگرە کاتێک گوێی لە گریانی ژنەکەم بوو ئینجا باوەڕی کرد. من لە خەیاڵی خۆمدا بووم، هەر ئەوەندەم پێ دەکرا کە دڵنەوایی ژن و منداڵەکەم بدەمەوە. نەمدەزانی شەڕ لەگەڵ کێ بکەم . ئەگەر ئەو ساتە ئەو کەسەم بگرتایە، کە ئەم دیاردە نەگریسەی داهێناوە، ئەوا یەکسەر دەمکوشت. تەواو بێ تاقەت بووم. پاش سەعاتێک ئینجا چرای هیوام بینییەوە، کاتێک یەکێک لە هاوڕێ نێزیکەکانم، بە خۆی و ئۆتۆمۆبێلەکەیەوە هاتن بە هانامانەوە.

جا من لێرەدا لە ئێوە دەپرسم ئاخۆ هەقی خۆم نییە ڕقم لە درۆ بێتەوە؟

چیرۆکی وەرگێڕاو

# ئەوین

تیبۆر دێری

لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ



دەرگەی زیندانەکە کرایەوە، زیندانەوانەکە شتێکی فڕێ دایە ژوورەوە و وتی:«ها بگرە».

کیسەیەک بوو ژمارەیەکی بە سەرەوە بوو. کەوتە سەر زەوییەکە، ڕێک بەر پێی زیندانییەکە. (ب.) هەستا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری وەردیانەکەی کرد.

وەردیانەکە وتی: «ئەوە شتە مەدەنییەکانتن! خۆت بگۆڕە! هەر ئێستا ڕیشت دەتاشن.»

کیسەکە ئەو پۆشاک و پێڵاوانەی تێدا بوو کە حەوت ساڵ پێشووتر دایکەندبوون. قاتەکە هێندە لۆچ بوو، نەدەتوانرا بستێک شوێنی سافی تێدا بەدی بکرێ، کەرووی پێڵاوەکانی داپۆشیبوو. (ب.) کراسەکەی کردەوە، ئەویش هەروەها کەڕواوی بوو. هەتا ئەم لە خۆگۆڕین بووەوە، سەرتاشە هاوزیندانییەکەی هات و ڕیشی تاشی.

پاش سەعاتێک بردیانە نووسینگە بچووکەکەی زیندانەکەوە. لە ڕێڕەوەکەدا هەشت هەتا دە زیندانیی مەدەنی پۆش چاوەڕانبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کە گەیشتە بەردەم دەرگەی ژوورەکە یەکەم کەس بانگ کرا. پۆلیسێک لە پشتی مێزی نووسینەکەوە دانیشتبوو، دووەمیان بە تەنیشتییەوە وەستابوو، سەروانێک بە ژوورە تەنگەکەدا دەهات و دەچوو.

پۆلیسەکەی لە پشتی مێزەکەوە دانیشتبوو پێی وت: «وەرە بۆ ئێرە! ناوتان؟ ... ناوی دایکتان؟ ... بۆ کوێ دەچن؟ ...»

(ب.) وتی: «نازانم.»

پۆلیسەکە پرسی: «لەبەر چی؟ نازانن بۆ کوێ دەچن؟»

(ب.) وتی: «نەخێر، نازانم بۆ کوێم دەبەن.»

پۆلیسەکە بە ڕووگرژییەوە سەیری کرد. بە مۆنییەوە گوتی: «بۆ هیچ شوێنێکت نابەن. دەتوانن بۆ نانی نیوەڕۆ بۆ لای ژنەکەتان بچنەوە بۆ ماڵەوە. ئەمشەویش دەتوانن دیسان کونکەرەکەتان بە کار بهێنن. تێگەیشتن؟»

زیندانییەکە وەڵامی نەدایەوە.

پۆلیسەکە دووپاتی کردەوە: «کەواتە بۆ کوێ دەڕۆن؟»

«شەقامی شیلفا ,١٧»

«بودابست، چی گەڕەکێک؟»

(ب.) گوتی: «گەڕەکی دوو، بۆچی بەردەدرێم؟»

پۆلیسەکە بە سەریدا قیژاندی: «چییە هێندە پرسیار دەکەی؟ بەردەدرێی و ببرێتەوە. خۆشحاڵ بن کە لێرە دەچنە دەرێ.»

لە ژوورێکی تەنیشتەوە شتومەکە بەنرخەکانیان بۆ هێنا: کاتژمێرێکی نیکڵکراوی دەستی. قەڵەم پاندانێک و جزدانێکی داڕزاوی ڕەشی سەوزباو، کە لە باوکییەوە بە میرات بۆی مابووەوە. جزدانەکە خاڵی بوو.

پۆلیسەکە وتی: «لێرە واژۆی بکە!»

کاغەزێک بوو بۆ سەعاتە دەستییەکە، قەڵەم پاندانەکە و جزدانەکە.

«لێرەیش!»

ئەمەیش ڕەچەتەیەک بوو بۆ سەت و چل و شەش فۆرنتی حەقدەستی کار. پارەکەیان لەسەر مێزەکە بۆی ژمارد. پۆلیسەکە گوتی: «بیخەنە گیرفانتانەوە». (ب.) جارێکی تر جزدانەکەی لە بەرکی دەرهێنایەوە و پارە ئاسنەکانی بە یەکەوە خستە یەکێک لە خانەکانی جزدانەکەوە. جزدانەکەیش بۆنی کەڕووی لێ دەهات. دوا شت گەواهینامەی بەردانیان دایە دەست. دێرە بە خاڵ پڕکراوەکەی هۆکاری دەسگیرکردن خاڵی مابووەوە.

(ب.) نێزیکەی نیو سەعاتی تر لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوان بوو، ئەمجا لەگەڵ سێ بەردراوی تردا تا دەروازە سەرەکییەکەی بەندیخانەکە یاوەرییان کردن. وەلێ پێش ئەوەی بگەنە دەروازەکە، پۆلیسێک بە ڕاکردن بە دوایاندا هات و ڕایگرتن. یەکێکی لە گرووپە چوار کەسییەکەی بانگ کردە دەرەوە و لە نێوان دوو وەردیانی بە دەمانچەی ئەوتۆماتیکی چەکدارەوە گەڕاندییەوە بۆ بینای بەندیخانەکە. ڕوخساری تازە تاشراوی پیاوەکە لە پڕ زەرد هەڵگەڕا، وەکو کوڵەژانێکی تووش بووبێ و چاوەکانی وەکو شووشەیان لێ هاتبوو.

سێ کەسەکەی تر بەرەو دەروازەکە ڕۆیشتن.

وەردیانەکە پاش ئەوەی گەواهینامەی ئازادکردنەکەی پشکنی و دایەوە دەستی بە (ب.)ی گوت: «ئەوە تراموایەکەیە، سوار بن!»

(ب.) وەستابوو، لە بەر خۆیەوە سەیری زەوییەکەی دەکرد.

پۆلیسەکە لێی پرسی: «چاوەڕوانی چی دەکەی؟»

(ب.) هێشتا هەر وەستابوو سەیری زەوییەکەی دەکرد.

پۆلیسەکە وتی: «برۆ بۆ لای شەیتان، چاوەڕانی چی دەکەی؟»

(ب.) گوتی: «دەڕۆم، دەڕۆم. کەواتە دەتوانم بڕۆم؟»

پۆلیسەکە وەڵامی نەدایەوە. (ب.) بەڵگەنامەی بەردانەکەی خستە بەرکییەوە و لە دەروازەکە چووە دەرێ. پاش چەند هەنگاوێک ویستی ئاوڕ بداتەوە، وەلێ زۆری لە خۆی کرد و لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. گوێی هەڵخست، بەڵام لە دوایەوە گوێی لە هەنگاو نەبوو، بیری کردەوە، ئەگەر ئێستا بگاتە ترامەکە، بە بێ ئەوەی لە دواوەوە کەسێک دەست بخاتە سەر شانی یان ناوی بانگ بکا، ئەوسا لەوانەیە بە ڕاستی ئازاد بێ. یەکجارەکی؟

کاتێ گەیشتە وێستگەی ترامەکە، لە پڕ ئاوڕی دایەوە: کەس بە دوایەوە نەبوو. دەستی بە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەیدا کرد، بەڵام دەسماڵی پێ نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ ئارەقەی تەوێڵی پێ بسڕێ. ترامەکە بە کرەکر هات، سوار بوو. لە هەمان کاتدا وەردیانێک لە ڤاگۆنی دووەمەوە دابەزی، لە کاتی تێپەڕینی وەردیانەکە بە لای ڤاگۆنە مەکینەدارەکەدا بە چاوە چکۆلەکانی

ڕوخساره ئاولاوییەکەیەوە شەڕەنگێزانە لە (ب.)ی نواڕی. ئەم سلاوی لێی نەکرد. تراماکە دەرچوو.

لەو خولەکەدا- لەو چرکەساتەوە، کە سلاوی لە وەردیانەکە نەکرد و ترامواپەکە دەرچوو- دنیای دەوروبەری (ب.) زیندوو بووەوە. هەستێک بوو، وەکو چۆن مرۆڤ لە سینەما بە هۆی تێکچوونی ئامێری نمایشەکەوە ماوەیەک فیلمەکە بە بێدەنگ دەڕوا، ئەمجا لە پڕ، لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا یان وشەیەکدا، دەنگ دەگەڕێتەوە بۆ دەمی ئەکتەرەکە کە تا ئەو کاتە لێوی بێدەنگ دەجولایەوە، هۆڵە کەڕ و لاڵەکەیش، کە وا دەردەکەوێ بینەرانیش ڕەهەندەکەیان ون کردبێ، لە هیکرا بۆ سەرەوە هەتا بنمیچەکە پڕ دەبێ لە مۆسیقای بەرز و گۆرانی و دیالۆگ. هەموو ڕەنگەکانی دەوروبەری دەستیان بە پرژان کرد. ئەو ترامواپەی بەرامبەریان دەهات هێندە زەرد دەهاتە بەرچاوی، کە لە ژیانیدا هەرگیز زەردی ئاوەهای نەدیبوو و هێندە بە خێرایی بە لای خانوە یەک نهۆمییە خۆڵەمیشییە تۆخەکەدا بە هاڕەهاڕ تێپەڕی، کە ئەم ترسا، ئیدی نەتوانرێ ڕابگیرێ. لەوبەرەوەی شەقامەکە دوو ئەسپی کوێت بە نەرمە غار گالیسکەیەکی خاڵییان ڕادەکێشا، کە جیکەجیکە خەولێخەرەکەی هەورە وەستاوە ئەفسووناوییەکانیشی دەلەرزاند. باخچەیەکی کەسک بە دوو گۆی شووشەی بریقەدار و پەنجەرەیەکی کراوەی ناندینەوە لە پشتییەوە بە دەم لەرانەوە بەجێمان. بە سەر شۆستەکانەوە ملیۆنان مرۆڤ پیاسەیان دەکرد. هەموویان بە جلی مەدەنییەوە، هەمیشە پۆشاکێک لەوی تر جوانتر و هەموو جیاواز. زۆر لە پیادەکان زۆر چاوەڕواننەکراو بچووک بوون، هەندێکیان سەریان لە ئەژنۆی هەندێکی تر دەدا و زۆریشیان بە باوەش هەڵگیرابوون. ئەی ژنەکان!

لەبەرئەوەی (ب.) هەستی کرد چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون، چووە ناوەوەی ڤاگۆنەکەوە. ژنە جابییەکە دەنگێکی نەرم و خۆشی هەبوو، کە بە دڵەوە دەچوو. بلیتێکی کڕی و لە کۆتاییی ڤاگۆنەکەدا لە کونجێکدا لەسەر تەختێکی یەکنەفەری دانیشت. خۆی حەشار دا، لەبەرئەوەی دەترسا ئەگەر هەستەکان بە سەریدا کاریگەر بن سەروەری بە سەر خۆدا لە دەست دەدا. کە جاروبار لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، لە بەرامبەر لەسەر شۆستەکە لە بەردەم دەروازەی کارگەی بیرەدا پیاوێکی دەبینی دەستی بە سەر ڕوخساری ژنێکدا دەهێنا. جارێکی تر دەستی بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا کرد، بەلام ئێستاش دەسماڵی نەدۆزییەوە، کە بتوانێ ئارەقە گەرمەکەی پێ لە هەنیەی بسڕێ. کرێکارێک لە بەرامبەری لەسەر تەختە خاڵییەکە دانیشت، دە شووشە بیرەی لە جانتایەکی دیبلۆماسی کراوەدا پێ بوو.

ژنە جابییەکە پێکەنی: «ئەمە زۆر نییە؟»

کرێکارەکە وتی: «هەڤاڵ، من ژنم هەیە. ژنەکەم بە خۆشحاڵییەوە سەیر دەکا، کە مێردەکەی دەخواتەوە.»

ژنە جابییەکە جارێکی تر پێکەنی: «بە خۆشحاڵییەوە سەیر دەکا؟»

«بەڵێ.»

«بیرەی ڕەش؟»

«بیرەی ڕەش.»

«مێردەکەی من بیرەی کاڵی پێ خۆشترە!»

کرێکارەکە وتی: «ژنەکەم زیاتر حەزی لە بیرەی ڕەشە.»

جارێکی تر ژنە جابییەکە پێکەنی: «دەتوانی بوتڵێکم بۆ بە جێ بهێڵی.»

«ڕەش؟»

«بەڵێ، ڕەش!»

«بۆچی؟»

ژنە جابییەکە پێکەنی: «لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە بۆ ماڵەوە بۆ مێردەکەم.»

کرێکارەکە گوتی: .«بۆچی ڕەش، ئەگەر ئەو حەزی لە کاڵ بێ»،

ژنە جابییەکە پێکەنی. لە وێستگەی داهاتوو (ب.) دابەزی و سواری تەکسییەک بوو. شوفێری تەکسییەکە تابلۆی میانژمێرەکەی هێنایە خوارێ. لەبەرئەوەی نەفەرەکە هیچی نەگوت پاش تاوێک شۆفێرەکە پرسی: «تکایە بۆ کوێ؟»

(ب.) وەڵامی دایەوە: «بۆ بودا.»

شۆفێرەکە ئاوڕی دایەوە، لە نەفەرەکەی ورد بووەوە: «بە سەر چی پردێکدا؟»

(ب.) سەیری پێشی خۆی کرد: «بە سەر چی پردێکدا؟»

شۆفێرەکە پرسی: «شارەزی بێست نین؟»

(ب.) گوتی: «بە سەر پردی مارگەریتەدا.»

تەکسییەکە کەوتە ڕێ. (ب.) بە قیتی دانیشتبوو، پشتی نەدابووەوە. لە پەنجەرە کراوەکەوە بۆنی بەنزین و تەپ و تۆزی جادەی بەر پرشنگی هەتاوەکە لەگەڵ زەنگی ترامواکاندا دەهاتنە ناو ترومبێلەکەوە. شۆستەکانی ڕاست و چەپ لە بەر پرشنگی هەتاوەکەدا بوون. بە سەر قیرەکەدا سێبەرێکی هێندە زۆر یەکتریان دەبڕی، لە بەردەم پێڵاوی پیادەکاندا گلۆر دەبوونەوە، کە بەوە دەچوو هاتوچۆی جادەیان دووقات کردبێت. لەژێر سەیوانی ڕەنگ پرتەقاڵی، خەتخەتی شیرینخانەیەکدا لە بەر تیشکە سوورەکەدا کچێکی گەنج دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. تۆزێک لەولاترەوە لە سووچەکەدا درەختێکی بچووکی کەستانە لە چەکەرەکردندا بوو و سێبەرە شەپۆل ئاسا، پەرش و بڵاو بە یەکەوەنراوی بە تیشک بڕاوەکەی بە دەوری قەدی دارەکەدا خستبوو.

(ب.) بە شۆفێرەکەی گوت: «ئەگەر دووکانی جگەرەفرۆشێکتان بینی...»

پاش سێ خانوو وەستان. (ب.) لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد. لە بەردەم دەرگەی کراوەی دووکانێکدا وەستان، شاخێک توری سوور لەسەر یەک کەڵەکە کرابوو، شاخێک سەلکە کاهوو و شاخێک سێوی جۆناپان. لە تەنیشتییەوە دەرگەیەکی تەنگی دووکانی جگەرەفرۆشێک هەبوو.

شۆفێرەکە بە دەم ئاوڕدانەوەوە گوتی: «تکایە لە جێی خۆتان بمێننەوە، من دەیهێنم. چی مارکەیەکتان دەوێ؟»

(ب.) لە توورەکان ڕاما. دەستەکانی دەلەرزین.

«کۆسوت؟»

(ب.) گوتی: «بەڵێ. پاکەتێک شەمچەیش.»

شۆفێرەکە دابەزی: «پارە دەرمەهێنن. دەیخەمە سەر پارەی تەکسییەکە. یەک پاکەت؟»

(ب.) گوتی: «بەڵێ تکایە.»

شۆفێرەکە کاتێک گەڕایەوە پرسی: «دەتانەوێ یەکێک داگیرسێنن؟ زاواکەیشم دوو ساڵ لە زیندان بوو. ئەویش یەکەم ڕێگەی دووکانێکی جگەرەفرۆشی بوو. دوو کۆسوتی کێشا، یەک بە دوای یەکدا، ئەمجا دوای ئەوە چووەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای خێزانەکەی.»

(ب.) لە پاش تاوێک پرسی: «پێمەوە دیارە؟»

شۆفێرەکە گوتی: «بەڵێ، کەمۆکەیەک دەبینرێ. زاواکەیشم ڕەنگ و ڕوویەکی وا نەخۆشی هەبوو. لەوانەیە لە نەخۆشخانەیشەوە بێن، بەڵام لەوێ پۆشاک هێندە چرچ و لۆچ نابێ. چەندی تێدا بووی؟»

(ب.) گوتی: «حەوت ساڵ.»

شۆفێرەکە فیکەیەکی کێشا. «بە هۆی سیاسی؟»

(ب.) گوتی «بەڵێ. ساڵ و نیوێک لە ژووری مەرگدا بووم.»

«ئێستایش بەریان دای؟»

(ب.) وتی: «بەوە دەچێ. زۆر پێمەوە دیارە؟»

شۆفێرەکە هەردوو شانی بەرزکردنەوە و جارێکی تر نەوی کردنەوە. دووبارەی کردەوە، «حەوت ساڵ! سەیر نییە.»

(ب.) لە ترامـوایە پێچکە داندارەکە دابەزی و پاشماوەی ڕێگەکەی بە پێ بڕی؛ ویستی پێش ئەوەی ژنەکەی ببینێ خۆی بەوە ڕابهێنێ بە ئازادی بجووڵێتەوە. شۆفێرەکە بەخشیشی وەرنەگرت. وتی: «هەڤاڵ، پارەکەت پێویست دەبێ. تەنیا بۆ تەندروستیی خۆتان نەبێ بۆ هیچ شتێکی تر خەرجی مەکەن! هەموو ڕۆژێک گۆشت، نیو لیتر شەراب، ئەمجا هەر زوو دەبووژێنەوە.»

(ب.) وتی: «خوات لەگەڵ.»

لابەلا بەرامبەر، لە جامخانەی کۆگایەکی پۆشاکدا ئاوێنەیەکی باریکی بینی. تاوێک لە بەردەمیدا ڕاوەستا، ئەمجا درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا. لەبەرئەوەی شەقامی (پاساری) لێوانلێو بوو لە خەڵک، بە ڕچەڕێیەکدا پێچی کردەوە، کە بە تەنیشت یاریگەیەکی تێنسەوە بە گردەکەدا سەر بەرەو ژوور بۆ لای شەقامی (ئۆتۆ هێرمان) دەکشا. لێرەیشدا هەستی بە پانتاییەکی زۆری

خاڵی بە دەوری خۆیدا کرد، زەوی بینانەکراو، کە نیگایان بە سەر کەژەکانی بەرامبەردا خاڵی کردبوو. سەری سووڕایەوە، لەسەر چیمەنەکە دانیشت. خۆ ژنەکەی چاوەڕوانی نەدەکرد، واتە کاتی هەبوو، بیری کردەوە، نیو کاتژمێر لەناو سەوزەگیایەکەدا دابنیشێ. بەرامبەر، لە پشتی پەرژینێکەوە دارسێوێکی لێ بوو کە لە چەکەرەکردندا بوو. (ب.) تاوێک لێی ڕوانی، ئەمجا هەستا و چووە لای پەرژینەکەوە. چرۆ سپییە گەورەکان کە وەکو مێو دەبریسکانەوە، هێندە بە چڕی بە سەر چڵەکانەوە بوون، ئەگەر مرۆڤ بیویستایە لە خوارەوە سەیری چڵەپۆپە وەکو بەفر سپییەکە بکا، دەیتوانی بە حاڵ خێوەتی لەرزۆکی ئاسمانی شین ببینێ. کاتێ مرۆڤ یەک یەک لە شکۆفەکان ورد بووایەتەوە، بە قووڵیی لە ناوەوەی خونچەکەدا، لە دەرچەی لە سەرەوە خڕ، لە خوارەوە تەسکتر بووەوە هەڵاوێکی ئامال پەمەیی بەرز دەبووەوە، کە سپییە بوکێنییەکەی بە ناسکیی ڕەنگ دەکرد، هەنگێکی بێژمارە بە دەوری شکۆفەکانەوە گیزەگیزیان بوو، وەکو دەزوویەکی زێڕینی باریک لە شیرازە سپییەکەی خونچەگوڵەکاندا، بە جۆرێکی بەوە دەچوو سەرتاپای درەختەکە وەکو سەرپۆشێکی دەم با بشەکێتەوە. (ب.) وەستابوو، گوێی بۆ درەختە چپەدوەکە هەڵخست. دوو چڵوپۆپی دۆزییەوە، کە لە نێوانیانەوە مرۆڤ دەیتوانی ئاسمان و زۆر بەرز لە سەریشیانەوە گەواڵە هەورێکی لۆکەیی بێجووڵەی -داسەکناو ببینێ، کە وا دەردەکەوت، وەکو بە سەر دارسێوەکەی خوارەوە، لە دوورییەکی دەست پێنەگەیشتووەوە دارسێوێکی تر وەستابێ. (ب.) لە هەردوو دارسێوەکە ورد بووەوە، لە میانەی ئەوەوەی دەستی پێ دەگا لەوە وردبووەوە کە دەستی پێی ناگا، هەتا جارێکی دیکە سەری سووڕایەوە.

لەبەرئەوەی لە بیری چووبوو کاتژمێرەکەی قورمیش بکا، نەیدەزانی لەوەتەی لە تاکسییەکە دابەزیوە چەند کات بە سەر چووە، لە سووچەکە پێچی کردووەتەوە و ڕێی ماڵی گرتە بەر. پاش چەند هەنگاوێک چووە پشتی دار و دەوەنێکەوە و دەبوو بڕشێتەوە: ئەمە کەمێک باری گیانی سووک کرد. پاش ڕێکردنێکی نیو سەعاتی بەناو لاکۆڵانی تەسک، بە تیشکی هەتاو ڕووناک، کە بە قەدپاڵە بە داری میوەی چەکەرەکردوو تەنراودا بەرەو ژوور دەکشان، لە بەردەم ماڵێکدا وەستا. لە نهۆمی یەکەم دەژیان. لە باخچەکەدا، لە ڕاست و چەپی چەپەرەکەدا، هەر لایە و دەوەنێکی گوڵیاسی لێ بوو. بە سەر پلیکانەکاندا بەرەو سەرەوە چوو.

بە زەنگلێدانەکە کەس دەرگەی نەکردەوە. دەرگەکە ناوی پێوە نەبوو. چووە قاتی خوارەوە و لە دەرگەی دەرگەوانەکەی دا.

«ڕۆژباش»، بەو ژنەی وت کە دەرگەکەی لێ کردەوە. ئەویش لاواز و پیر بووبوو.

«تکایە، بە دوای کێدا دەگەڕێن؟»

وتی: «من (ب.)یم. ژنەکەم هێشتا لێرە دەژی؟»

ژنەکە گوتی: «خوایە گیانە.»

(ب.) سەیری زەوییەکەی کرد. «ژنەکەم هێشتا لێرە دەژی؟»

ژنەکە دووبارەی کردەوە: «خوایە گیان. ئێوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە؟»

(ب.) وتی: «بەڵێ، ژنەکەم هێشتا لێرە دەژی؟»

ژنەکە دەسکی دەرگاکەی بەرداو خۆی دا بە ئاستانەی دەرگاکەدا. دووبارەی کردەوە، «ئێوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە؟». خوایە گیان! بێگومان هێشتا لێرە دەژی. ئەویش نەیزانیوە ئێوە بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە؟ خوای میهرەبان! بێگومان هێشتا لێرە دەژی.»

(ب.) پرسی: «کوڕەکەیشم؟»

ژنەکە لێی تێگەیشت. وتی: «تەندروستی باشە. تەندروستی باشە، هیچی کەم نییە، بۆتە کوڕێکی سەلاری، جوانی گەورە. خوایە گیان!»

(ب.) بێدەنگ بوو

ژنەکە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: «بێن بۆ لای ئێمە! فەرموو بێنە ژوورەوە! من دەمزانی ئێوە بێگوناهن، دەمزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە.»

(ب.) گوتی: « لە گەڵ ئەوەیش کە سێ جار لە زەنگم دا کەس دەرگای نەکردەوە.»

ژنەکە دووبارەی کردەوە: «فەرموو بێنە ژوورەوە بۆ لای ئێمە، لای ئێوە کەس لە ماڵەوە نییە. کرێچییەکانی دیکەیش لە ماڵ دەرچوونە.»

(ب.) بێدەنگ بوو، لە زەوییەکەی ڕوانی.

ژنەکە وتی: «ژنەکەت دەچێ کار دەکا، گێریکایش هێشتا لە خوێندنگایە. ناتانەوێ بێنە ژوورەوە؟ هەردووکیان پاش نیوەڕۆ بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە.»

(ب.) پرسی: «کرێچی دیکەیش لە ماڵەکەدا هەن؟»

ژنە دەرگەوانەکە وتی: «خەڵکی زۆر ڕێکوپێکن. ژنەکەت باش لە گەڵیان هەڵدەکا. خوایە گیان! ئێوە جارێکی دیکە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە.»

(ب.) بێدەنگ بوو.

ژنەکە پاش تاوێکی کورت وتی: «من کلیلێکی ماڵەکەم لە لایە. بڕۆنە سەرەوە و ئیستراحەت بکەن، هەتا ژنەکەتان بۆ ماڵەوە دێتەوە.»

بە دیوارەکەوە، بە بزمارێکەوە دوو کلیل هەڵواسرابوون. ژنەکە یەکێکیانی داگرت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە ڕاکێشا. ژنەکە وتی: «بڕۆنە سەرەوە و بۆ خۆتان بحەسێنەوە.»

(ب.) لە بەر خۆیەوە سەیری زەوییەکەی کرد. پرسیاری کرد: «لە گەڵم دێنە سەرەوە؟»

ژنەکە گوتی: «بێگومان. پێتانی پیشان دەدەم ژنەکەت لە چی ژوورێک دەژی.»

(ب.) پرسی: «لە چی ژوورێک دەژی؟»

ژنەکە گوتی: «دەزانن، کرێچییەکانی دیکە چوار کەسن، دوو ژوورەکە بۆ ئەوان دیاری کران. ژنەکەت و گێریکا چوونە ژووری کارەکەرکەوە. بەڵام ناندین ــو حەمامەکە بە هاوبەش بە کار

دەهێنن.»

(ب.) وەڵامی نەدایەوە.

ژنەکە گوتی: «با بچینە سەرەوە، یان دەتانەوێ لای ئێمە چاوەڕوان بن هەتا دەگەڕێتەوە؟ لێرە لە سەر تەختەکە ڕاکشێن و تۆزێک بحەسێنەوە، هەتا بۆ ماڵەوە دێنەوە»

(ب.) پرسی: «ناندین و حەمام بە هاوبەشی بە کار دەهێنن؟»

ژنەکە گوتی: «بەڵێ، بێگومان.»

(ب.) سەری هەڵبڕی و سەیری ڕوخساری ژنەکەی کرد.

«کەواتە حەقی ئەوەم هەیە حەمامێک بکەم؟»

«بێگومان»، ژنەکە بە زەردەخەنەوە وتی و مەچەکی (ب.)ی بە نەرمیی گرت، وەکو بیەوێ پاڵپشتی بکا، «بێگومان حەقی ئەوەتان هەیە حەمام بکەن. بۆچی ناتوانن؟ ئەمە ماڵی ئێوەشە، وەکو وتیشم، ناندینەکە و حەمامەکە هی هەردوو لایە. تەنانەت حەز دەکەم بۆتانی گەرم کەم، هێشتا کەمێک داری زستانمان لە ژێرزەمینەکە ماوە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم، کرێچییەکانی دیکە بە ڕۆژ حەمامەکە دادەخەن.»

(ب.) بێدەنگ بوو، جارێکی دیکە سەیری زەوییەکەی کردەوە.

ژنەکە پرسی: «بچینە سەرەوە، یان دەتانەوێ بێنە لای ئێمە؟ لێرە بمێننەوە! من خۆم لە ناندینەکە مەشغوڵ دەکەم، وەڕستان ناکەم. لە سەر تەختەکە ڕاکشێن و تەنانەت ڕەنگ بێ بتوانن بخەون.»

(ب.) گوتی: «سوپاس. پێم خۆشترە بچمە سەرەوە.»

وەکو ژووری کارمەندەکان بەشێوەیەکی گشتی پەنجەرەی ژوورە بچووکەکەی کارەکەرەکە بەرەو باکوری دەڕوانی؛ بناوێک لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانرابوو، لە لای چەپیەوە ترۆپکی ڕەشی بە دارکاج داپۆشراوی چیای گوگەر دەبینرا. لە بەر گەڵا سەوزەکانی بناوەکە لە ژوورەکەدا تاریکی سەردەست بوو. هەر ئەوەندەی (ب.) لە ژوورەکەدا بە تەنیا بوو و هەناسەی هێور بووەوە، بەرامەی ژنەکەی ناسییەوە. لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشت، بە قوڵیی هەوای هەڵمژی و لە چڵەپۆپەی بناوەکە ڕاما. بە هەموو کونیلەکانی جەستەی بەرامەی ژنەکەی هەڵمژی. ژوورە تەنگە بچووکەکە دۆڵابێکی کۆنی سپی، قەرەوێڵەیەک، مێزێک و کورسییەکی لێبوو؛ بۆ ئەوەی بچیتە سەر جێخەوەکە دەبوو کورسییەکە پاڵدەیتە لاوە. لە سەر جێخەوەکە ڕانەکشا، تەنیا دانیشتبوو و بە قووڵیی هەوای هەڵدەمژی. مێزەکە شتی زۆری لە سەر بوو: کتێب، جل، یاری منداڵان؛ ئاوێنەیەکی چکۆلەی گیرفانیشی لە سەر بوو؛ (ب.) لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد؛ هەمان وێنەی ئاوێنەکەی کۆگاکەی ترامە چەرخەداندارەکە بوو. (ب.) ئاوێنەکەی بە سەر ڕووەکەیدا لە سەر مێزەکە دانایەوە. دەستی لە شتەکانی ژنەکەی لە سەر مێزەکە نەدا. لە تەپڵەکەکەدا تۆپێکی سوورکراوی بینی. بە سەر مێزەکەیشەوە هەستی بە بەرامەی ژنەکەی کرد.

هەر لە گەڵ لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشتەوە، ژنە دەرگاوانەکە مەنجەڵۆکەیەک شیرقاوە و دوو پارچە کێکی ئەستووری بۆی هێنا. کە دیسان تەنیا مایەوە هەردوو پارچە کێکەکەی خوارد. بە کورتی دوای ئەوە ژنی کرێچییەکەی نهۆمی خوارەوەیش لە زەنگی دا، ئەویش مەنجەڵۆکەیەک قاوە، پارچەیەک نان و کەرە بە سجوقی سوورەوەکراو و سێوێکی جۆناپانی هێنا، وەکو ئەوانەی لە ڕێگا لە جامخانەکەدا بینی. ژنەکە سینییەکەی لە سەر مێزەکە دانا، فرمێسک زابووە چاوی، پاش چەند خولەکێک ڕۆیشت. کاتێ (ب.) بە تەنیا مایەوە ئەمەیشی خوارد. هێشتا هەر کاتژمێرەکەی دەستی قورمیش نەکردبوو، نەیدەزانی چەند لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتووە. پەنجەرەکە بە سەر باخچەکەی پشتەوەیدا دەڕوانی، کە کەس هاتوچۆی لێوە نەدەکرد. لە نێوان گەڵا کەسکە، دەور سپییەکانەوە جاروبار سروەیەک هەڵیدەکرد و تیشکەکەی پاشنیوەڕۆی بە سەر دیوارە سپی ڕەنگکراوەکەی ژووری کارەکەرەکەدا دەلەراندەوە.

پاش ئەوەی بەرامەی ژنەکەی بۆ ناخی هەڵمژی و ئیدی هەستی بە بەرامەکە نەکرد، چووە خوارەوە بۆ سەر جادەکە، بۆ بەر چەپەری باخچەکە. پاش تاوێکی کورت ژنەکەی لە سییلەکە پێچی کردەوە، چوار یان پێنج منداڵی بە دەورەوە بوون. کاتێ لە چەپەری باخچەکە نزیک بووەوە، لە پڕ هەنگاوەکانی خاو بوونەوە، تەنانەت بۆ چاوتروکانێک ڕاوەستا، ئەمجا بەرەو لای ئەم ڕایکرد.(ب.)یش بە بێ ئەوەی خۆی پیبزانێ، دەستی بە ڕاکردن کرد. کاتێ لە یەکدی نزیک بوونەوە، ژنەکە وێستێکی کرد، وەکو لە شتەکە زۆر دڵنیا نەبێ؛ ئەمجا سەر لە نوێ ڕایکردەوە. (ب.) بە بلووزە خۆڵەمێشییە، قۆڵدرێژە، خەتڕەشە خورییەکەی بەری ناسییەوە، کە ماوەیەکی کورت پێش دەستگیرکردنی لە کۆگایەک لە ناو شار بۆی کڕیبوو. ژنەکەی وەکو ئاوێتەیەکی سەیر لە هەوا و گۆشت، کە هەرگیز نەیبینبوو، بە شێوەی خۆی دانسقە هاتە بەرچاو. لە سەرووی هەموو ئەو شتانەوە بوو، کە لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا لە زیندان وێنای کردبوو.

کاتێ لە باوەش بە یەکدا کردن بوونەوە، (ب.) دەبوو خۆی بە سەر پەرژینەکەدا بدا. چەند هەنگاوێک لە پشتی ژنەکەوە چوار یان پێنج کوڕ بە ڕووخساری کونجکۆڵی، کەمێک هەست بزواوەوە وەستابوون. لەوانە بوو هەشت یان نۆ ساڵ بن. پێنج نەبوون، تەنیا چوار بوون. (ب.) پشتی بە پەرژینەکەوە دابوو، لە یەک بە یەکیان ورد بووەوە.

(ب.) پرسی: «کامیان هی منە؟»

ئێستا ژنەکە دەستی بە گریان کرد.

بە هەنیسکەوە وتی: «با بچینە سەرەوە.»

(ب.) شانەکانی ژنەکەی گرت. «مەگری.»

«با بچینە سەرەوە»، دووبارەی کردەوە، بە دەنگی بەرز هەنیسکی دەدا.

(ب.) گوتی: «مەگری. کامیان هی منە؟»

ژنەکە چەپەری باخچەکەی کردەوە و بەرەو خانووەکە ڕایکرد، لە نێوان دوو دەوەنە گوڵیاسەکەی

کەوانەی دەرگاکەدا ونبوو. هێشتا وەکو کاتی لێک جودابوونەوەیان ناوقەد باریک بوو، بە هەمان شەقاوی درێژی نەرمی جاران ڕایکرد، کاتێ هێشتا کیژۆڵە بوو، بە بزوتی خێرای بە سەردا زاڵبوو بە ترسەوە لە لاقەکاندا کاتێ لە مانگایەک هەڵدەهات، بەڵام کاتێ (ب.) لە سەرەوە لە قاتی بەردەم دەرگای ئەپارتمانەکەدا پێی گەیشت، ژنەکە هێور بووبووەوە؛ تەنیا مەمکەکانی، سینە کچانەکەی لە ژێر بلووزە خەتخەتە ڕەشەکەدا دەلەرانەوە. ئیدی نەدەگریا، تەنیا لە ژێر چاوەکانیدا هێشتا پاشماوەی فرمێسکی وشککراوە دەبینرا.

ژنەکە بە چرپە گوتی: «تاقە ئازیزم، تاقە ئازیزم!»

دەیتوانی بە جۆرێک بە چرپە بدوێ، کە مرۆڤ ئارەزووی دەکرد وشەکانی لە دەم وەرگرێ، هەر یەک لە وشەکانی بە جیا.

(ب.) گوتی: «با بچینە ژوورەوە.»

«ئێستا یەکێکی دیکەش لە ئەپارتمەنەکە دەژی.«

(ب.) گوتی: «دەزانم. با بچینە ژوورەوە!»

«لە ژوورەوە بووی؟»

(ب.) گوتی: «بەڵێ. کامەیان کوڕی من بوو؟»

لە ژوورەکەدا ژنەکە لە بەردەمیدا چۆکی دادا، سەری خستە سەر کۆشی، گریا. تاڵی نامۆی خۆڵەمێشیی لە قژە زەردە تۆخەکەیدا دەبریقانەوە. ژنەکە گوتی: «تاقە ئازیزم. من چاوەڕوانت بووم، تاقە ئازیزم!»

(ب.) دەستی بە سەریدا هێنا. «سەخت بوو؟»

ژنەکە بە چپە گوتی: «تاقە ئازیزم.»

(ب.) هەر دەستی بە سەریدا دەهێنا. «زۆر پیر بووم؟»

ژنەکە باوەشی بە کڵاوەئەژنۆی پیاوەکەدا کرد، توند بە خۆیەوە نووساند. «بۆ من وەکو ئەو کاتە وای، کاتێ لە یەکیان دابڕاندین.»

(ب.) دووبارەی کردەوە: «زۆر پیر بوومە؟»

ژنەکە بە چرپە گوتی: «هەتا لە ژیاندا بم تۆم خۆش دەوێ.»

(ب.) پرسی: «خۆشت دەوێم؟»

پشتی ژنەکە هەڵلەرزی، بە دەنگی بەرز گریا. (ب.) دەستی لە سەری کردەوە. (ب.) پرسی: «دەتوانی بە من ڕابێی؟ دەتوانی جارێکی دیکە بە من ڕابێی؟»

ژنەکە گوتی: «هەرگیز یەکێکی دیکەم خۆش نەویستووە. خۆشم دەوێی.»

(ب.) پرسی: «چاوەڕێت کردم؟»

ژنەکە گوتی :«من هەمیشە لای تۆ بووم. هیچ ڕۆژێک نەبوو بیر لە تۆ نەکەمەوە. دەمزانی

جارێکی دیکە دێیتەوە. ئەگەر جارێکی دیکە نەهاتیتایتەوە، بە تەنیا دەمردم. کە کوڕەکەتیشم دەبینی هەر لە لای من بووی.»

(ب.) پرسی: «خۆشت دەوێم؟»

ژنەکە گوتی: «هەرگیز یەکێکی دیکەم خۆش نەویستووە. تۆ نەتدەتوانی خۆت وا بگۆڕی، کە من خۆشم نەوێی.»

«من گۆڕاوم. من پیر بوومە.»

ژنەکە گریا، لاقی مێردەکەی نووساند بە خۆیەوە. (ب.) جارێکی دیکە دەستی بە سەریدا هێنا.

ژنەکە پرسی: «دەتوانین منداڵی دیکەمان ببێ؟»

پیاوەکە گوتی: «لەوانەیە، ئەگەر تۆ خۆشت بوێم! ئێستا هەستە!»

ژنەکە هەستایە سەر پێ.

«بانگی بکەمە سەرەوە؟»

(ب.) گوتی: «هێشتا نەء. هێشتا دەمەوێ لە گەڵ تۆدا بە تەنیا بم. ئەو بۆ من هێشتا نامۆیە. لە باخچەکەدا مایەوە؟»

ژنەکە گوتی: «دەچمە خوارەوە، پێی دەڵێم چاوڕوان بێ.»

کاتێ گەڕایەوە، (ب.) لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو، پشتی لە ژوورەکە بوو. وای هاتە بەرچاو، وەکو پشتی باریکتر و خوار بووبێتەوە. ئاوڕی نەدایەوە. ژنەکە چاوترکانێک لە ناو دەرگاکەدا مایەوە. ژنەکە گوتی: «پێم گوت، با گوڵ بۆ باوکی بچنێتەوە»، ژنەکە لە هەژاندا کەمۆیەک دەنگی نووسابوو. «لە سەر زەوییە بینانەکراوەکەی تەنیشتمان ئێستا گوڵیاسەکە چەکەرە دەکا، با چەپکەگوڵێکی گەورە بۆ باوکی بچنێتەوە.»

(ب.) پرسی: «خۆشت دەوێم؟»

ژنەکە ڕایکرد بۆ لای، بە دەستەکانی شانی پیاوەکەی گرد، هەموو لەشی خۆی پێیەوە نووساند. بە چرپە وتی: «تاقە ئازیزەکەم.»

(ب.) پرسی: «دەتوانی پێم ڕابێی؟»

ژنەکە گوتی: «هەرگیز کەسی دیکەم خۆش نەویستووە. من شەو و ڕۆژ لە لای تۆ بووم. هەموو ڕۆژێک باسی تۆم بۆ کوڕەکەت دەکرد.»

(ب.) ئاوڕی دایەوە، ئامێزی بە ژنەکەدا کرد، بە وردی لە ڕوخساری ڕاما. لە بەر تیشکە کزەکەی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە بە کویفخۆشییەوە بینی، کە ئەویش پیرتر بووە، سەرەڕای ئەوەی جوانتر لەوەی حەوت ساڵ هەمووو ڕۆژێ لە ناخی خۆیدا بێداری دەکردەوە. چاوەکانی داخرابوون، دەمی نیوە کراوە بوو، هەڵاوە گەرمەکەی نێوان دانە بریقەدارەکانی بەر لێوەکانی ئەم کەوتن. لە ژێر برژانگە چڕەکانییەوە لە ڕوخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەیدا پێستەکەی ئەسمەر و تەڕ دەتروسکایەوە. ژنەکە خۆی لە خۆیدا فیداکاریی بوو. (ب.) چاوەکانی ماچ کرد، ئەمجا بە نیانی لە

خۆی دوور خستەوە.

بە چاوی هێشتا نووقاوەوە بە چرپە وتی: «کوڕەکەمانیشت خۆش بوێ!»

(ب.) گوتی: «بەڵێ، لە گەڵی ڕادێم، خۆشم دەوێ.»

«کوڕی تۆیە.»

(ب.) گوتی: «هی تۆیشە.»

ژنەکە ملی گرت و گوتی: «دەتشۆم.»

«ئەمە شتێکی باشە.»

پیاوەکە خۆی ڕووت کردەوە، ژنەکە نوێنەکەی ئامادە کرد و بە لەشی ڕووتەوە لە سەر چەرچەفەکە پاڵی خست. لە دەستشۆرێکی فافۆندا ئاوی گەرم و سابوون و دوو خاولی هێنا. یەکێکیانی لوول کرد، لە ئاوەکەی هەڵکێشا و سابوونەکەی پێدا هێنا. ئەمجا لە سەرییەوە هەتا پێی پیاوەکەی شۆری. دوو جار ئاوەکەی گۆڕی. دەستەکانی (ب.) هێشتا جاروبار دەلەرزین، بەڵام ڕووخساری هێور بووبووەوە.

پیاوەکە هەمیشە دەیپرسییەوە: «جارێکی دیکە بە من ڕادێیتەوە؟»

ژنەکە گوتی: «تاقە ئازیزەکەم.»

«شەو لە لای من دەخەوی؟»

ژنەکە گوتی: «بەڵێ.»

«کوڕەکە لە کوێ دەخەوێ؟»

ژنەکە گوتی: «لە سەر زەوییەکە دەیخەوێنم. خەوی زۆر قووڵە.»

«بە درێژایی شەو لە لای من دەمێنیتەوە؟»

ژنەکە گوتی: «بەڵێ، هەموو شەوێ، هەتا لە ژیاندا بین.»

سەرچاوە:

Heinrich Weissling (Hrg.), die letzte Zigarre im Arabischen Schimmel, ungarische Erzählungen, Corvina, Budapest, 1988, p.517-533

تیبۆر دێری لەساڵی ١٨٩٤ لە بودابست لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٧دا هەر لەو شارە مردووە. دێری نووسەرێکی هەنگاری بوو، شاعیر و دراماتورگ و وتارنووس بوو. دێری لە خێزانێکی جوولەکەی برژوازیدا گەورە بووە. لە بەر ئەوەی دایکی نەمساوی بووە لەماڵەوە بە ئەڵمانی قسەیان کردووە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە هەنگاری نووسیویەتی. لە ساڵی ١٩١٩دا لە شۆڕشی کۆمۆنیستیدا بەشداری کردووە. ساڵانێکی زۆری ژیانی لە تاراوگەدا بەسەر بردووە.

چیرۆکی وەرگێڕاو

# دەم بە پێکەنین

هاینریش بۆڵ

لە عەرەبییەوە: حوسێن عەلی



هەرچەندە پرسیاری پیشەکەم لێ دەکەن تووشی شڵەژان دەبم و ڕوخسارم سوور هەڵدەگەڕێ و دەست، بە منجەمنج دەکەم، منێک بەوە ناسراوم کە بڕوام بە خۆمە، حەسوودی بەو کەسانە دەبەم کە دەتوانن بڵێن: من کرێکارم، هەروەها سەرەڕای ئاسانیی وەڵامەکانیان حەسوودی بە سەرتاش و ژمێریار و دارتاشەکانیش دەبەم! خودی ئەم پیشانە راڤەی خۆی دەکات و پێویست بە لێکدانەوەی دوور و درێژ ناکات، بەڵام من لەسەرمە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، و بڵێم: من قۆشمەم، ئەم دانپیانانە دانپیانانی تری دەوێت، چونکە هەروەها پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەمەوە، ئەویش: ئایە بەوە دەژیت؟ دەبێ وەڵامەکە پڕاوپڕی راستی بێت کە ئەویش: بەڵێ لە ڕاستیدا من بە هۆی پێکەنینەکەمەوە دەژیم، بەڵکو زۆر بە ئاسانی بەهۆیەوە دەژیم، پێکەنینەکەم - بە دەربڕینی بازرگانی- پێویستە من قۆشمەیەکی شارەزام، قۆشمەیەکی شاگردم، کەس وەکو من پێ ناکەنێ، و لە من بەولاوە کەسێک نییە وەک من شارەزایی جیاوازی نادیاری هونەرەکەم بێت، بۆ ماوەیەکی زۆر- وە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە لێکدانەوەی گران- خۆم بە ئەکتەر دادەنا، بەڵام توانا ئاماژەییەکانم و قسەم بە رادەیەک دیاری کرابوو کە لەگەڵ ئەم راستییەدا پڕاوپڕ نەبوو، من راستیم خۆش دەوێت، راستییەکەش ئەوەیە، من قۆشمە و دەم بە پێکەنینم من گاڵتەچی و ئەکتەری کۆمیدیش نیم، نا من خەڵکی دڵخۆش ناکەم، بگرە خودی دڵخۆشی بەرجەستە دەکەم: من وەکو شاهنشاهێکی رۆمانی پێ دەکەنم، یاخۆ وەکو قوتابییەکی قۆناخی ناوەندی هەستیار، من پێکەنینی چاخی حەڤدە دەزانم، هەروەها دەزانم پێکەنینی چاخی نۆزدە چۆنە، و ئەگەر پێویست بوو من هەموو چاخەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو تەمەنەکان بە ئاسانی پێ دەکەنم: هەروەک چۆن فێری ئەوە دەبی چۆن شمەکێک لە پێ دەکەیت، هەموو ئەوانە فێر بووم، شێوازی پێکەنینی ئەمەریکاییم لە سنگدایە، هەروەها پێکەنینی ئەفریقایش و پێکەنینی سپی و سوور و زەردیش- بەرامبەر خەڵاتێکی زۆر ئەم پێکەنینانە و بە پێی ڕێنوێنی دەرهێنەرەکە بەردەدەم.

دەستبەردان لە من کارێکی ئەستەمە، من لەسەر شریتی کاسێت و قەوان پێکەنینەکەم تۆمار دەکەم، دەرهێنەری شانۆگەرییەکانی ئێستگە زۆر بەرێزەوە سەودام لەگەڵ دەکەن، من دەتوانم بە خەمۆکی و مامناوەندێتی و تووڕەییەوە پێ بکەنم، وەک باجگری (ترام) یاخۆ منداڵێک پێ بکەنم، پێکەنینی بەیانی و شەو، پێکەنینی شەو و کاتی رۆئاوابوون، بە کورتی لە کوێ و چۆن پێویست بکا: توانای ئەوەم هەیە، کاتێک پێتان بڵێم ئەم پیشەیە شەکەتکەرە بڕوام پێ دەکەن، بەتایبەتی و من- ئەمەش من جیا دەکاتەوە- من پێکەنینی داکەویش دەزانم، کاتێک ئەکتەری پلە سێ و چوار برگەکانیان پێشکێش دەکەن دەتۆقێن لەبەرئەوەی زۆر ئەستەمە دەستبەرداری من بن شەوێک رانابوورێت ئەگەر لە شانۆی جۆراجۆر نەبم- وەک شێوازێکی شکۆداری، لە هاواری بەکرێگیراو مەزنتر- بۆ ئەوەی بە شێوازێکی داکەوی لە برگەی لاوازی بەرنامەکەدا پێ بکەنم، پێویستە کارەکە بەوپەڕی وردییەوە ئەنجام بدەم: پێکەنینە رادەر و دەنگدارەکانم ناشێنە پێش و هەروەها نە پاش کاتی خۆی دەرپەڕی، بگرە لە ساتی گونجاودا - ئەو کات بەپێی بەرنامەکە پێکەنینەکانم

دەتەقێتەوە، ئەو کات هەموو جەماوەر دەست دەکات بە قیژە و هاوار و پێکەنین، و بڕگەکە ڕزگار دەکرێت.

منیش بەشەکەتی و بەختیارییەوە دزە بۆ شوێنی هەڵواسینی جلەکان دەکەم، کەوا کارەکەم کۆتایی پێ هات زۆرجار لە ماڵەوە برووسکە چاوەڕێم دەکات: (پێویستییەکی زۆرمان بە پێکەنینەکەت هەیە ڕۆژی سێشەمە تۆمارکردنە) دوای ئەوە خۆم بە شەمەندەفەری خێرادا دەکەم- ئەوەی هەوای زۆر گەرمی تێدایە - بۆ چارەنووس دەلاوێنمەوە.

هەمووتان تێ دەگەن کە دوای کۆتایی کارەکەم، یاخۆ لە پشووەکاندا، زۆر ئارەزووی پێکەنینم نییە: شیرفرۆش بەختیار دەبێت کاتێک چێڵەکە لە یاد بکات و بەناش کاتێ چیمەنتۆ گیراوەکە! زۆر دارتاش لە ماڵەکانیاندا دەرگەی ماڵەکانیان بەگرانییەکی زۆر دەکرێتەوە، حەلواچییەکان خەیاری ناو ترشیات حەز لێ دەکەن، گۆشتفرۆش حەزیان لە حەلوایە، نانەوا سنجوق لە نان بە باشتر دەزانێت، زۆرانبازی گامێش حەز لە گەمەکردن لەگەڵ کۆتردا دەکات، مشتەوان کاتێک خوێن لە لووتی منداڵەکەی دێت ڕەنگی دەپەڕێ: هەموو ئەمانە دەزانم، چونکە دوای تەواوکردنی کارەکەم هەرگیز پێ ناکەنم من وەک مەرگ جیدیم، خەڵکی بەڕەشبینم تێ دەگات، لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت.

لە یەکەم ساڵی هاوسەریماندا زۆرجار خێزانەکەم پێی دەوتم ئەگەر بۆ جارێکیش بێت پێ بکەنە! بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بۆی دەرکەوت کە ناتوانم داواکەی بەجێ بێنم، هەوڵدانی جیدی بەختەوەرم دەکات، چونکە ماسوولکەکانی ڕوخسارم دەروونی شەکەتم دەحەوێنێتەوە، بەڵام پێکەنینی ئەوانی تر دەمار گرژم دەکات چونکە - بەتوندی- پیشەکەم وەیاد دەخاتەوە، بەم جۆرە ژیانێکی هاوسەریی ئارام دەژین و ئاشتی باڵی بەسەردا دەکێشێ، چونکە هاوسەرەکەشم پێکەنینی لە یاد کردووە، جار جارێک دەبینم خەندەیەک دەکات ئەو کات منیش خەندەیەکی بۆ دەکەم، بە دەنگێکی نزم پێکەوە دەدوێین، من ڕقم لەو قاوقیژەیە کە باڵ بەسەر هۆڵی شانۆکاندا دەکێشێ، ڕقم لەو ژاوەژاوە دەبێتەوە کە هەندێ جار باڵی بەسەر ژووری تۆمارکردندا، دەکێشێ ئەوەی نەمناسێ بە مرۆڤێکی داخراوم دادەنێ، لەوانەیە واش بێت، چونکە زۆرجار ناچار دەبم زارم بکەمەوە بۆ ئەوەی پێ بکەنم هەندێ جار بەدیمەنی ڕوخساری بێ جووڵە دەژیم، تەنیا جار جارە ڕێ بە خۆم دەدەم خەندەیەک بکەم و زۆرجار بیرکردنەوە دەمباتەوە: ئاخۆ پێکەنیت؟ بڕوام وایە: نا براکانم وام باس دەکەن کە کوڕێکی زۆر جیدی بووم - بەم جۆرە بەگەڵێ شێوە پێ دەکەنم، بەڵام پێکەنینێکی جیاواز نازانم.

سەرچاوە:

(کتێبی وکان مساء...) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی.

چیرۆکی وەرگێڕاو

# دەرەکی

خۆرخێ لویس بۆرخیس

وەرگێڕانی: سابیر شاکر مەلوول



دەڵێن (ئەگەرچی ئەوە ئەگەرێکی لاوازە و ناچێتە ئەقڵەوە) کە "ئیدواردۆ" برا گەنجترەکەی نیلسۆنەکان ئەم چیرۆکەی لە ئێشکی جەنازەکەی کریستیانی برا گەورەیدا، گێڕاوەتەوە، کە لە دەورووبەری ساڵی ١٩٨٠دا لە شارۆکەی "کۆرۆن" بە مەرگی خوا، یانی بەمردنێکی سروشتی مرد.

بەمسۆگەری کەسێک لەو شەوە درێژە بێفەڕەدا ئەم سەرگوزشتەی بیستووە و ئەویش بە نۆرەی خۆی بۆ سانتیاگۆ دا بۆڤی گێڕاوەتەوە و لەمیشەوە گەیشتووەتە من، ساڵانێک دواتر سەرلەنوێ لە "تۆردێرا" شوێنی رووداناکەیدا بۆیان گێڕامەوە، شێوازی دووەمی سەربردەکە بەشێوەیەکی بەرچاوی وردترە و، وێڕای بوونی کەمێک جیاوازی و دژایەتی کە لەم بارانەدا ئاساییە، تەواوکەر و سەلمێنەری چیرۆکەکەی سانتیاگۆیە من ئەمڕۆ ئەم چیرۆکە کورت و خەمناکە دەنووسمەوە لەبەرئەوەی پێم وایە نیشاندەری ئەقڵیەت و بیر و بۆچوونی زبری خەڵکی رەشۆکی ئەو رۆژگارانەیە هەوڵ دەدەم بەپێی توانا ئەمین و دەستپاک بم، بەڵام هەر لە ئێستەوە هەست دەکەم، دەکەومە ئەدەبرێسی و قەلەمنوێنی و بەتەنیا دەچم...

لە "تۆردێرا" خەڵکی پێیانیان دەگوت نیلسۆنەکان یاخۆ بنەماڵەی نیلسۆن قەشەی ناوچەکە پێی گوتم کە کەشیشەکەی پێش خۆی دەهاتەوە یادی کە بەسەرسوڕمانەوە کتێبێکی پیرۆزی کۆنی، پیتگۆتی، بەرگڕەشی لای ئەوانە دیتبوو، لە لاپەڕەکانی کۆتاییدا، چەندان ناو و چەندان مێژوو نیگایان قۆستبووەوە، تەنیا ئەم تاقە کتێبەش لەو ماڵەدا هەبوو.

چارەنووسی بنەماڵەی ئیلسۆن لێرەدا ون بوو، وەک چۆن هەموو شتێک لێرەدا ون دەبێ، ئەو ماڵە گەورەی کە ئێستە شوێنەواری کوێر بووەتەوە، لە خشتی خاو دروست کرابوو، لە دەروازە گەورەکەیەوە دەتوانی حەوشەیەک ببینی کە بە کاشی سوور، فەرش کرابوو، پاشانیش حەوشەیەکی تری خۆڵین، هەرچۆنێک بێ بە دەگمەن، خەڵکی چووبوونە ئەو ماڵە، ئاخر برایانی ئیلسۆن بە سەختی بەرگرییان لە گۆشەگیریی خۆیان دەکرد و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکیدا نەبوو، لەو ژوورە چۆڵ و رووتانەدا لەسەر قەرەوێڵەی سەفەری دەخەوتن، تاقە خۆشیی ژیانیان هاتبووە سەر: ئەسپ و یەدەگی ئەسپسوارییی، قەمە و خەنجەری مەودا کورت، پۆشاکی رەنگاڵەی شەوانی شەموو و بەدمەستییەکی شەڕەنگێز، پێیان وتم: کە باڵابەرز و مووسوور بوون، گومانی تێدا نییە کە خوێنێکی دانمارکی یان ئێرلەندی لە دەماری ئەرجەنتینییاندا هەبوو، بەبێ ئەوەی ناوی ئەم دوو وڵاتەیان بیستبێ!

خەڵکی گەڕەک لەم دوو سورفڵە دەترسان، ئاخر دوور نەبوو دەستیان لە چەند خوێن و تاوانێکدا هەبووبێ، جارێکیان شانبەشان لە دژی پۆلیس جەنگیبوون، دەیانوت برا بچووکەکەیان لەگەڵ "خوان ئیبرا"دا شەڕێکی کرد و شکستی نەخوارد، ئەمەش بەپێی بڕوای سەرناس و کارشناسان نەبەردێک بوو بۆخۆی، ئەوان گاوانییان کردبوو، رەوکەوانیان کردبوو، گەلەوڕانیان دزیبوو، هەندێک جاریش لە گەمەی بارەکاندا گزی و فزییان دەکرد، بە قرچۆکی و بەرچاوتەنگی ناویان دەرکردبوو، رژد و چروک... جگە لەو کاتانەی کە مەستی و شەرانخۆری وای دەکرد دەست کراوە و دڵئاوابن... کەس نەیدەزانی نەوە و نەتیژەی کێن و لە کوێوە هاتوون... عارەبانەیەک و جووتێ

گایان هەبوو، لە ڕووی جەستەوە لە هەموو دانیشتوانی دەوروبەریان جیابوون، ئەم هەمووە و زۆر شتی تریش کە لەبارەی ئەوان نایزانین، یارمەتیمان دەدا لەوە تێ بگەین، کە ئەم دووانە چەندە هۆگری یەکتری بوون و بەگژداچوونی یەکێکیان مانای دروستکردنی دوو دوژمن بوو.

برایانی نیلسۆن هەوەسباز، شەواڵ پیس و مێباز بوون، بەڵام سەرچڵییە سۆزداری و ئەشقبازییە کێوییەکانیان تا ئەو کاتە لە گۆشەی دالانێکدا یان ماڵێکی بەدناو و داخراودا دادەمرکاند، لەبەر هەندێ کاتێک کە "کریستیان" خۆلیانا بۆرخسی هێنایە ماڵی تا لەگەڵ ئەودا بژیت خەڵکی گەڕەک کەوتنە تەقە و مقۆمقۆ و قسەلۆک و وتەوتیان نەدەبڕایەوە، ڕاستە کە خۆلیانەی وەک کارەکەرێک، بە دەست هێنابوو، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە سەرتاپای لە زێڕ و زەمبەری هەرزانبەها دەگرت و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ئاهەنگە بچووک و هەژارانەی دەربرد کە لەگەڕەکدا ساز دەکران، شوێنێک کە سەنا تێیدا لە ژووری ڕووناکدا دەکرا و مەودای نێوان جووتە سەماکەرەکانیش دەپارێزرا. خۆلیانا ژنێکی ڕەشتاڵە بوو، سەوزەڵێ ئامان، جووتێ چاوی گەورە و بادەمی هەبوو، بێنازی ژنانی دەشێواند و دادەڕزاند، خۆلیانا بە شۆخ و شەنگ و جوان و نازدار دادەنرا، و بە هیچ جۆرێک کرێت و ناحەز نەدەهاتە بەرچاو.

لەسەرەتادا ئیدواردۆ بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵیاندا دەچوو، بەڵام دواتر بۆ کارێک یان شتێکی تر سەفەرێکی بۆ "ئەرشیف" کرد و لەم سەفەرەدا کچێکی لەگەڵ خۆی هێنا کە لە سەر ڕێگە هەڵی گرتبووەوە، دوای چەند ڕۆژێک کیژەی وەدەرنا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تا دەهات ڕووگرژتر دەبوو، بەتەنیا دەچووە تاقە مەیخانەکەی گەڕەک و خۆی مەست دەکرد و قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، شەیدای ژنە هاودەمەکەی کریستیان بووبوو، دەرودراوسێ پەیان بەم عەشقە بردبوو، بە شادییەوە پێشبینی ئەو ڕکابەرییەیان دەکرد، کە لەناو ئەم دوو برایەدا بەرپا دەبوو.

چاوەڕوان بوون بقەومێ و جووتە برا پێکدا هەڵپڕژێن، و ئەمانیش شاوەکامی بخوازن، ئێوارەیەکیان کاتێک ئیدواردۆ، درەنگانێک لە مەیخانەکە گەڕایەوە، ئەسپەکەی کریستیانی بینی بەتەیمانەکەوە بەسترابووەوە، برا گەورە لە حەوشەدا چاوەڕوانی ئەوی دەکرد و جوانترین جلی خۆی پۆشیبوو، ژنەکەشی کوپێکی چای متەی بەدەستەوە بوو و هاتوچۆی دەکرد، کریستیان بە ئیدواردۆی وت: من بۆ ئاهەنگ دەچم بۆ ماڵی "فارگاس" خۆلیانا لای تۆ بەجێ دەهێڵم، ئەگەر حەزت لێیەتی دەتوانی لەگەڵی دروست بی و خۆت دامرکێنی".

بەڕاوێژێکی فەرماندەرانە و لە هەمان کاتیشدا میهرەبانانە، وای گوت، ئیدواردۆ درێژماوەیەک لە برا گەورەکەی ڕاما و نەیدەزانی چی بکا، هەرچی کریستیان بوو هەستا و تەنیا دوعاخوازی لە ئیدواردۆ کرد، ئاخر خۆلیانا بەلای ئەوەوە تەنیا کەرەستەیەک بوو و بەس، ئەوجار خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و بەبێ پەروایی دوور کەوتەوە.

لەو شەوە بەدواوە لێیان کردە دوو سەرە و هەر جارەی یەکێکیان بە نۆرە دەچووە لای، هیچ کەسێک وردەکاریی ئەم پێوەندییەی کە خەڵکی ئەو گەڕەکە، بەلەنگازەی دەهری کرد نازانێت، بە درێژایی چەند هەفتەیەک هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە دەچوو، بەڵام نەدەکرا، ئەم تەگبیر و

کـەینوبەینە هـەروا بـەردەوام بێ، هـیچ کـامێک لە براکـان تەنانەت بـۆ بانگکردنیش ناوی خـۆلیـانای نەدەبرد، بەڵام بـەردەوام دەگەڕان و هـۆیەکیان بۆ رکـابەری و گەنگەشـە دەدۆزییـەوە، لەسـەر فرۆشتنی پێستـەی ئاژەڵان لێیان دەبوو بە قڕە، بەڵام هۆکاری هـەرا و کێشـە و بە گژیەکدا چوونەکـەیان شتێکی تر بوو، کـریسـتـیـان دەنگی بەرز دەکـردەوە و لە کـەللەی سـەر دەینەڕاند و ئـیـدواردۆ بێدەنگەی لێ دەکـرد، رۆژ لە دوای رۆژ لـە نەزانسـتــە و بەبێ ئەوەی بەخــۆیان بزانن گــومـڕەشـتــر دەبـوون، زیاتر ئیرەییـیان بەیەک دەبرد و سەختتر جـاڕیان لە یەکتری دەکێشـا، لەو ئاقارە سـەرەتاییەدا کـە هـەرگیز ئەوە نەبیـسـتـرابوو کە پیـاوێک وتبـێـتی ئەوە بەبیـری، کـەسـدا نەدەهـات، کـە بایـەخ بە ژنێک دەدات، مەگـەر بۆ ئەوەی ئارەزووی خۆی پێ بشکێنێ، یاخـۆ داگیری بکات: ئەوان بەڕاسـتی عاشق بووبوون، ئەوەشیان ئەگەر راستم وتبێ، بە جۆرێک لە شـەرمەزاری و بچووکی دەزانێ.

دوا نیـوەڕۆی رۆژێک لە رۆژان، ئـیـدواردۆ لـە گـۆڕەپـانی لۆمــاس تووشـی بـوو بە تووشـی "خــوان ئیرا"وە کـە پیرۆزبایی ئەوەی لێ کرد کە توانیـویەتی دڵی کیژە، بە دەست بێنێ و رام و نەرمی بکا، پێم وایە هـەلێکی لەبار بووە بۆ ئەوەی پڕجنێوی بکا و بەگژیدا بـچێ و دەمکوتی بکا و هـەڵکوتێتـە سـەری ئاخر ئیدواردۆ هـەرگیز، رێگە بە هیچ کـەسێک نادات لە بەردەمی ئەودا گاڵتە و تەڵفیزی، بە کریستـیـان بکـا، ژنێژگە بە لادەمی و ملکەچیـیـەکی ئاژەڵانە و بە ڕەزایەتییـەکی حـەیوانییـەوە، بە هـەردووکیان رادەگەیشت، بەڵام نـەیدەتوانی، تاسـە و مەیلی خۆی بۆ برا گەنجترەکەیان بشارێتەوە، کە نە ئەو تەگبیرەی رەت دەکردەوە و نە دەشیویست و نە خـوازیاری بوو، رۆژێکیان بە خۆلیانایان گوت: کە دوو کورسییان بۆ بێنێتـە حەوشـەی گەورە و لێیان گەڕێ، لەبەرئەوەی دەیانەوێ دوو بەدوو قسـە بکەن و بپـەیڤن، خـۆلیـانا کـە پێی وابوو، ئاخـاوتنەکـەیان درێژە دەکـێـشێ چوو سـەرخـەوێک بشکێنێ، بـەڵام دوای تاوێک، هـەڵیـان سـاند و پێیان گوت: بوخچـە و پڕوپریاسکـە و هـەرچیی هـەیە بپێچێتەوە، تەنانەت تەزبیحەکەی و خاچە بچووکە نەخشدارەکەشی کە دایکی بەدیاری دابوویێ لە بیر نەکات، بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک سواری عارەبانەکەیان کرد و رێگەی سەفەرێکی سەخت و مـاندووکەریان گرتە بەر، بارن باریبوو، بە زەحمـەت لە قوڕ دەردەچوون و نێزیکـەی کاتژمـێر سـێی لای بەیانی گەیشتنە "مۆرۆن"، لەوێ بە دایە گەورەی (خانم سـەرۆکی) قەحپەخـانەیەکیـان سپـارد، سەودا و مامەڵەکە پێشتر کرابوو، کریستیان پارەکەی وەرگرت و لەگەڵ ئیدواردۆدا بەشی کرد.

لە تۆردرێرا برایانی نیلسـۆن کـە سـەرتاپا لە ئـاشـوبی ئەو عـەشـقـە دزێوەدا نقـووم بووبوون– ئاشوبێک کە رۆتینێک بوو بۆخۆی – ویستیان بگەڕێنەوە سەر ژیانی، پێشوویان کە وەک پیاوی ناو پیـاوان دەژیان. گـەڕانەوە و هـاتنە سـەر یاری پۆکـەر، تەمـاشـای شـەڕە کـەڵەشـێـر، لە کـاتی پێـویسـتـیـشـدا، سـەرەڕۆییـەکـەی جـارانیـان، رەنگە پێـیـان وابووبێ کـە رزگـاریان بووە، ئازاد و سـەرفراز... بەڵام زۆربەی کـات یەکێکیان بەشـێوەیەکی پەنهـان خـۆی دەدزییـەوە و تێی دەتەقـاند و سەفـەرێکی، دەکرد ئیتر ئەو سـەفەرە سـەفەرێکی راستـەقانی بووبێ یـاخۆ، رواڵەتی، کەمـێک پێش کۆتـایی سـاڵ بـرا گـەنجـترەکـەیـان رایگەیاند کـە ئـیشـێکی لە بۆینس ئایرسی پایتـەختـدا هـەیە. کریسـتیـانیش رۆیشت بۆ "مۆرۆن" دەوترا: ئەسپەشێکەی ئیدواردۆی ناسیبووەوە، کە بە لەمـپەری

پەرژینەکەی سۆزانیخانەکەوە بەسترابووەوە، کاتێک چووە ژووری براکەی بینی سرەی گرتووە، پێ دەچێ کریستیان پێی گوتبێ: بەم شێوە بێ هەر ئەسپەکانمان ماندوو دەکەین، باشتر وایە هەر لای خۆمان بێ!! لەگەڵ دایە گەورەدا قسەی کرد، چەردەیەک پارەی لە توێی پشتێنەکەی دەرێنا و ژنەی وەرگرتەوە، خولیانا لە پشتی کریستیانەوە سواربوو، ئیدواردۆ مامزەی لە ئەسپەکەی دا و تێی تەقاند، هەتاوەکو نەیانبینێ، گەڕانەوە بۆ ژیانی پێشوویان، ڕێگەچارەی ناپاکیی پووچەڵ بووەوە، هەردووکیان ئەزموونی قابیل بە دڵیاندا ختوورەی دەکرد، بەڵام خۆشەویستیی برایانی نیلسۆن بۆ یەکتری، خۆشەویستییەکی گەورە بوو، پێکەوە چەندان دژواری و چەندان پاڵەپەستۆ و چەندان تەنگانەیان بڕیبوو، پێیان باشتر بوو جامی ڕق و تووڕەییان بەسەر خەڵکانی تردا خاڵی بکەنەوە، بەسەر غەوارە و نامۆدا بەسەر سەگدا بەسەر خۆلیانادا کە بووبووە هۆی کێشە و هەرایان و دوو ڕوویی هێنابووە ناو ژیانیانەوە...

ئاخروئۆخری مانگی ئاداربوو بەبێ ئەوەی تینی گەرما شکابێ، یەکشەمەیەک (خەڵکی خوویان بەوەوە گرتبوو کە لەم ڕۆژەدا زۆر زوو بخەون) کاتێک ئیدواردۆ لە مەیخانە گەڕایەوە بینی کریستیانی برای گاکان بەعارەبانەکەوە دەبەستێتەوە کریستیان گوتی: وەرە، دەبێ پێستەکان بۆ باردۆ ببەین، بارم کردوون زووکە تا دنیا سارد و فێنکە، کارەکەمان رایی بکەین".

پێم وایە دووکانەکەی باردۆ کەوتبووە ناوچەی باشوور، ڕێگەی لاسترۆپاسیان گرتە بەر پاشان ڕێگەیەکی قەدبڕ... دەشت و دەر، فراوان و بەرین دەردەکەوت بەلای مێرگێکدا رابردن کریستیان ئەو جگەرەیەی کە تازە دای گرساندبوو بۆ دوور فڕێی دا و گوتی: یاڵلا براله، دەست و بردکە ئیشمان هەیە ئیش دواتر داڵاشەکان فریامان دەکەون و لاشەخۆرەکان، بە هانامانەوە دێن، ئەمڕۆ کوشتم، هەر ئەوە لەسەرمانە بە جلەکانی خۆیەوە لێرەدا دای بنێین، چیی تر ئازار و ئاسی و بەکەس ناگەیەنێ".

قورگ پڕ لە گریان باوەشیان بەیەکدا کرد، ئەمێستە پێوەندی و ڕشتەیەکی تر کۆی دەکردنەوە: ئەو ژنەی بەشێوەیەکی خەمناک کردبوویانە قوربانی و دەبایە لە بیری خۆیانی بەرنەوە و فەرامۆشی کەن و یادگەیان خاڵی بکەنەوە لێی.

سەرچاوە:
١- تقرير برودي و قصص اخري ترجمة نهاد الحايك، دارالشؤون الثقافية العاملة ١٩٨٨
٢- هزارتوهای بورحنس- نشر زمان- تاران احمد میر علایی

دەرەکی: الدخیلة: بێگانە - غەوارە.
داڵاش: لاشەخۆر: النسور، ئەدەبڕێسی: قەڵەمنوێنی.
ئاسیو: ئازار، شەواڵپلیت: مێبان.
دایە گەورە: خانم سەرۆکی جندەخانە - سەرجندە.
دەرەکی: ژنە بێگانە. الدخیلة. دەرەکی هات بنەکی دەرکرد.

چیرۆکی وەرگێڕاو

# چەقۆی میوە

مایکل ئۆپنهایمەر

لە فارسییەوە: جەبار سابیر



لەگەڵ هاوسەرەکەم سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی ماڵەکەمان بووین کە لەژێر بەفرسازەکەدا چەقۆیەکمان دۆزییەوە. چەقۆیەکی میوەی چکۆلە بوو کە ساڵانێک پێشتر ونمان کردبوو و ئیتر بیرمان چووبووەوە. چەقۆکەم پیشانی هاوسەرەکەم دا و ئەو وتی: (وای لە کوێ دۆزیتەوە؟) دوای ئەوەی کە پێم وت لە کوێ، چەقۆکەی خستە سەر مێزەکە و پاشان رۆیشتە ژوورەکەی تەنیشتەوە و دووبارە سەرقاڵی خاوێنکردنەوە بوو. بەهەمان شێوە کە خەریک بووم ئەرزی چێشتخانەکەم خاوێن دەکردەوە، بیری رووداوێکی چوار ساڵ پێشترم کەوتەوە، کە بووە هۆی ئەوەی چەقۆکە بکەوێتە ژێر بەفرسازەکەوە.

نانێکی تێروپڕمان خواردبوو و چەند جارێک پەرداخەکانمان پڕکردبووەوە و بەتاڵمان کردبوونەوە. هەموو گڵۆپەکانمان کوژاندبووەوە، جلی ماڵەوەمان لەبەر کرد و چووین بۆ ژووری نووستن. بیرمان کردەوە کەمێک پێکەوە بۆ خۆمان بین، بەڵام شتێک هاتە پێش و دەنگمان تێک گیرا. تا ئێستا نەکەوتبووینە وەها دۆخێکەوە. هەردووکمان تەواو تووڕە بووبووین. قسەی زۆر ناخۆشم بە هاوسەرەکەم وت، زۆر تووڕەم کرد. لەسەر سیسەمەکە لەقەیەکی لێ دام و منیش هەستام چووم بۆ چێشتخانەکە. بەکوێرەکوێر بە دوای کورسییەکەدا گەڕام و دانیشتم. ویستم دەستەکانم بەسەر مێزەکەدا بدەم و سەرمی بخەمە سەر، بەڵام هەستم کرد قاپە پیسەکانی سەر مێزەکە ناهێڵن. تووڕە بووم. بەجووڵەیەکی دەست هەرچی لەسەر مێزەکە بوو رشتمە سەر ئەرزەکە. دەنگی ترسناک بوو، بەڵام دواتر بێدەنگییەکی تەواو بوو یەکجارەکی حاڵێکی خراپ سەری تێ کردم. هەستم کرد هەموو شتێکم لەناو بردووە. دەستم کرد بە گریان. هاوسەرەکەم هاتە چێشتخانەکە و پرسی حاڵم باشە. وتم: (بەڵێ) گڵۆپەکەی داگیرساند و سەیرێکی ئەرزی چێشتخانەکەمان کرد. هیچ نەشکابوو، بەڵام تەواو پیس بووبوو. هەردووکمان پێکەنین و پاشان گەڕاینەوە ژوورەکە و دووبارە چووینەوە خەڵوەت. بۆ سبەی پیسییەکەمان خاوێن کردەوە، بەڵام ئاشکرایە چەقۆکەمان نەبینی.

دەمویست لە هاوسەرەکەم بپرسم ئەو رووداوەی بیرە یا نا، کە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە هات و بێ قسەیەک، چەقۆکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دیسان فڕێی دایەوە ژێر بەفرسازەکە.

* سەرچاوە
داستان های برق اسا، کتاب های مانک – ۳
انتخاب و ترجمە: پژمان تهرانیان.

رانان

# فاشیزم و هاوڕێیەتیی دوو منداڵ لە ڕۆمانێکدا

**محەمەد حوسێن**

(منداڵە بیجامە خەتخەت لەبەرەکە) یەکێکە لەو ڕۆمانە بەناوبانگانەی لەم ساڵانەی دواییدا بە ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە، کراوەتە بابەتی گفتوگۆی زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی، زۆر لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی دنیاش لە سەریان نووسیوە. ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری ئایرلەندی (جۆن بۆین) John Boyne نووسراوە، تێکستێکی زۆر جوان و ناسک و سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەبەرئەوەی نەکراوەتە کوردی و لە بەردەستی خوێنەری کورددا نییە، لەم نووسینەدا خۆمان لە گفتوگۆکردنی لایەنی تەکنیکی و جوانکاریی دەقەکە دەبوێرین، هێندەی بکرێت هەوڵ دەدەین ئەو پرسە مرۆییی و فەلسەفییە قووڵە بورووژێنین کە تەواوی تێکستەکەی بە دەوردا ئەخولێتەوە، ئەویش جیاکاریی ڕەگەزی، ڕقهاتنەوە لە ئەوی تری جیاواز، کوشتنی مرۆڤ لەسەر ناسنامە مرۆییەکانی، کە دەکرێت هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لەژێر یەک ناونیشاندا کۆ بکەینەوە کە پێی دەوترێت فاشیزم، ڕۆمانەکەیش هەتا کۆتایی لە هەوڵی نیشاندانی ئەو



ناماقوڵی و ناکۆکییانەیە کە فاشیزم لە ژیانی مرۆڤەکاندا دروستی دەکات.

ئەگەرچی سەرەتای دەرکەوتنە مێژووییەکانی فاشیزم دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بەڵام تا ئێستاکە و بە فۆرمی جیاجیاوە لێرە و لەوێ ئەو گرووپ و هێز و ڕێکخراوانە دەبینین کە هەمان ئاکار و هەڵوێستی فاشیستانەیان هەیە بەرامبەر ئەو جیاوازییە کەینونەیی و سروشتییانەی شوناسی مرۆڤاکانی دروست کردووە، هەتا ئەمڕۆیش مرۆڤی کوردی دەست و پەنجەی لەگەڵ ڕەنگدانەوە جیاجیاکانی فاشیزمدا نەرم دەکات. هەر بۆیە فاشیزم ڕووداوێکی کۆتای هاتووی ناو مێژوو نییە، بگرە ئەگەرێکە و تا ئێستایش لە گەڵماندا دەژی، جینۆسایدکردنی گەل و نەتەوە جیاوازەکان لە دوای هیتلەر و مۆسۆلۆنی لە زۆر وڵاتی ئەم دنیایەدا دووبارە بووەتەوە، کە نموونە نێزیک و نوێکانی لای خۆمان لە عێراقی بەعس و سودان و ڕواندا و باشووری ئەفریقا و تورکیا دەیبینین.

## منداڵێتی، جیاوازی، کامپەکانی هۆلۆکۆست

نووسەر بۆ پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە منداڵێکی نۆ ساڵانی ناو خانەوادەیەکی چینی باڵا و کاربەدەستی ئەڵمانیای هەڵبژاردووە، بەدیوەکەی تریشدا منداڵێکی ناو کەمپی جوولەکەکان دێنێت بۆ ئەوەی بیکاتە سیمبوڵی ئەو دنیا پڕ ستەم و ناکۆکییەی ژیانی ئەوانی لەو سەردەمە مێژووییەی ئەورووپا پێک دەهێنا. تکێستەکە بەگشتی باسی دوو خێزان و بەتایبەتی دوو منداڵی ناو ئەم خێزانانە دەکات. یەکەمیان خێزانەکەی (برونۆ Bruno) کە باوکی یەکێک لە کاربەدەستە پلە بەرزەکانی ئەڵمانیای نازییە و بە ئەرکی حکوومەت دێت بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی یەکێک لە کامپەکانی هۆلۆکۆست لە ناوچەیەکی دوورەدەستی ئەڵمانیا. برۆنۆ کوڕی ئەم ماڵە خواپێداوەیە کە باوکی و خوشکەکەیشی هەمان ڕقی فاشیستەکانیان هەیە بەرانبەر جوولەکەکان، جارێکیش هیتلەر بە میوانی دەبینێت لە ماڵی خۆیاندا.

منداڵی دووەم شموڵ Shmule کە کوڕی خێزانێکی جوولەکەی پۆڵەندایە، شموڵ باسی ژیانی پڕ لە نەهامەتیی خۆی دەکات کە چۆن لەلایەن منداڵی لە خۆی گەورەترەوە ئازار دراوە، چۆن هەموو خێزانەکەیان کە ١٢ کەسن لە یەک ژووردا ژیاون کاتێک لە کۆمەڵگە (گیتۆ Ghetto)کاندا بوون، دواتریش ئەو ئازار و کوێرەوەرییانەی لەناو کەمپەکەدا دەیبینێت هەر باسیان دەکات.

کاتێک ماڵی برۆنۆ بە هۆی ئەرکە فەرمییەکەی باوکییەوە لە بەرلینەوە دێن بۆ ئەو ناوچە دوورەدەستەی کەمپەکەی تێدایە، برۆنۆ توشیی بێزاری و هەستکردن بە تەنیاییەکی زۆر دەبێت، ئیتر بەردەوام هەوڵی دوورکەوتنەوە لە ماڵی خۆیان دەدات و دەکەوێتە گەڕان بە دوای شتێکدا کە خۆیشی نازانێت چییە، لە درێژەی گەڕانە بەردەوامەکانیدا ڕۆژێک بە ڕێککەوت کامپەکەی نێزیک ماڵی خۆیان دەدۆزێتەوە و توشی شموڵ دەبێت و یەک دەناسن، دواتر بەشێوەیەکی ڕۆژانە برۆنۆ دێت بۆ لای ئەو دیوارە تەلبەندەی کە بە دەوری کەمپەکەدا دروست کراوە، برونۆ لە ڕووی دەشتی تەلەکەوە دادەنیشێت و شموڵیش لە ڕووی ناوییەوە، ئیتر باس و خواسی ئەم دوو منداڵە بەردەوام

دەبێت تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ خەڵکی ناو کەمپەکەدا ڕەوانەی کوورەکانی مەرگ دەکرێن.

باوکی شمولْ پێشتر لەلایەن نازییەکانەوە کوژراوە و نێردراوە بۆ ناو ئەو کوورەی بۆ کوشتنی جولەکەکان هەموو ڕۆژێک کاری دەکرد و تەنیا دووکەڵێکی بچووکی دەردەدا، بەڵام شمولْ بێ ئاگا بوو لە مەرگی باوکی خۆی، بۆیە داوا لە برۆنۆ دەکات یارمەتی بدات تا پێکەوە باوکی بدۆزنەوە، ئیتر شمولْ بۆ ڕۆژی دوای دەستێک بیجامەی خەتخەت (کە تەنیا جلی جولەکەکانی ناو کەمپەکەیە و بۆ جیاکردنەوەی ئەوان لە خەڵکانی دەرەوەی کەمپەکە بەکار دەهێنرا) بۆ برونۆ دێنێت، هەر لەگەڵ لەبەرکردنی بیجامەکەدا برۆنۆ ئاودیوی ناو کەمپەکە دەبێت.




هەر ئەو ڕۆژەی برۆنۆ دەچێتە ناو کەمپەکەوە جارێکی تر کوورەی تواندنەوەی جولەکەکان دەخرێتە گەڕ و هەرچی خەڵکێکیان لە بەردەستدا دەبێت دەیانخەنە ناو کوورەکەوە، بە برۆنۆ و شمولیشەوە، بەم جۆرە برۆنۆ کە کوڕی کاربەدەستێکی باڵای ئەڵمانیای نازییەکانە و باوکی ئەرکی بەرپرسیاریەتی سەربازیی کەمپەکەی لە ئەستۆدایە، دەخرێتە ناو ئاگری کوورەی کەمپەکەی باوکیەوە، چونکە لەو ساتەوەختەدا ئەویش بووەتە بەشێک لە خەڵکی ناوکەمپەکە و بیجامە خەتخەتەکەی لەبەر کردووە، ئەو بیجامەیەی کە تەنیا نیشانەیەکە لەو ساتەوەختەدا جولەکەکان و خەڵکی ئەڵمان لە یەکتر جیا بکاتەوە.

چیرۆکە تراجیدییەکەی برۆنۆ و شمولْ وێنەیەکی زۆر جوانی سادەیی و بێ گوناهیی منداڵمان نیشان دەدات، هاوکات کوێری و گەوجی ئەو ماشێنی مەرگەیش فاشیستەکان بۆ کوشتنی خەڵک خستبوویانە گەڕ. ترس و ڕق و بێزاری لە ئەوی تری جیاواز سەرچاوەی ڕوحی و فکری هەموو ئایدۆلۆجیا جیاوازەکانە، بەڵام ئەم سەرچاوانە بەرامبەر پاکێتی و بەرائەتی منداڵ بێ کاریگەرن. برۆنۆ هەرچەندە (گرەتڵ)ی خوشکی و باوکی هەوڵ دەدەن ڕقێکی پێشوەختە و وێنەیەکی فاشیستانەی بەرامبەر جولەکەکان لا دروست کەن، بەڵام ئەم هەوڵانە نەیتوانی کار لەو هاوڕێیەتییە بکات کە بە ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ شمولدا دروستی کردبوو.

لە دوای کارە مەزنەکانی نووسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە فکر و ئەدەبی ئەوروپای هاوچەرخ زۆر شاکاری مەزنی لەبارەی کێشەکانی فاشیزمەوە داهێناوە، بەڵام سادەییە جوانەکەی و خەیاڵە دەوڵەمەندەکەی ئەم ڕۆمانە وای کردووە کە ببێتە یەکێک لە جوانترین ئەو شاکارانەی پرسی فاشیزم نیشان دەدات. هاوکات بووە کتێبێکی پڕفرۆش و ناسراو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، تا ئێستا زیاتر لە ٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، لە ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا پڕفرۆشترین کتێب بووە لە ئسپانیا و لە لیستی کتێبە پڕفرۆشەکانی ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزیشدا هەر یەکەم بوو.

# ئەژی گۆران و جەلالی میرزا کەریم

## دوو شیعر

### سـروودی دایکێـک

ئەژی گۆران

بەڕووی ئاسۆگەی ڕۆشنا
زایەڵەی زەنگ
لە توێی چەمدا بەرەو هەوراز
هەستانەوە
لە دوا نوچی سەر بەردەباز
دەنگی ئەڵێ
کە خۆر هەڵێ
ئەبەخشم دوا پرشنگی خۆم
لە شوێن تکەی خوێنی جگەر
منیش لە ڕێڕەودا ئەڕۆم
لە ڕێبازا
سەر دائەنێم بۆ بەردەبازی خوێنی خۆم
یا هیچ نەبێ

دەستی تۆڵەم ئەکەمە مل خۆری هیوا
تا ئەگرێ
یا دائەمرێ
خوێنی لەشم
لە جۆشی دڵی تەزیوا
با دامرێ
با دامرێ
گەشانەوەی دەم هەناسەم
گرێکی نوێی پێ هەڵکرێ[1]

## لە خولیای داستانی
## مەرگی زەردەشتدا

جەلالی میرزا کەریم

کام سەرەتای ناونیشانی تاڵ و تفتی
مەرگی متی
ئەو چیرۆکانە باس بکەم
کە مەلۆتکەی ناو بێشکەی خەم
لە دەسرازەی پەڕەی مێژووی شارەکانا
لە ئاوێنەی ئاسۆی تەمەنی سەیوانا
بەفرمێسکی هێشتا کزری
ناو داستانی ون و بزری
کارەساتی کوشتنی زەردەشتا نووسی
نووسی بەلام بۆچی چاوێ
لەرەی سێبەر یا هەتاوێ
هەتا خەونی پەپوولەی وشەش نەیپرسی
بۆ کێ نووسرا
خوڕەی ژانی ئەم ڕووبارە
جۆگەی خوێنی ئەم بەهارە
بۆ کوێ ئەڕوا

***

باخمان

کوردستانی چاو پڕ زاخمان

بۆ سەرەتا

بۆ سەرەتا

هەموو ڕۆژێ

دڵی مەردێک

خۆشەویستێک

نەء درەختێک

تۆوی چەکێک

لە کێڵگەی زامی تینومانا ئەنێژرێ

***

یەکەم وشە نەء سەرەتا

کە زەردەشت بوو بۆچی کوژرا

دوا بەدوای ئەو

مۆرانەی خەو

لە لاشەمان ورووژێنرا

گۆڕمان

ناخمان

پڕ لە زەرنیخی لم کرا

کەچی تازە

دوای تەمەنێکی هێجگار کۆن

ئەیانەوێ ناوی زەردەشت

چاوی زەردەشت

بەبەهەشتی بەڵێنی دۆزەخیان بشۆن

***

دوا هەناسەی

نرکە و نەڕەی

ناو چیرۆکی بێشکەی مەرگی

ترووسکەی خۆری سەرسینگی
پیشمەرگەیەک سەرەتایە
سەرەتایە
بۆ ئەو ڕێیەی
نەک زەردەشتێ بەڵکو هەزار
بۆ یەک وشە
بۆ یەک هاوار
بەرگی خوێنیان لە بەرایە
***
ئەی نەوەی دە ساڵەی گوللە
ناوی زەردەشتتان خۆش بوێ
گرتان بوێ
بیر و ڕێگا
چەکی سەرکەوتنتان بوێ
بۆ سەرەتا
پردی خوێن و بیر هەڵبەستن
بۆ سەرەتا
پشکۆی وشەی چەک هەڵڕێژن[٢]

* لەم سەرچاوانەوە گواستراونەتەوە:
١. کۆواری نووسەری کورد، ژمارە ٨ مایسی ١٩٧٣، بەغدا ل: ٢٥.
٢. کۆواری نووسەری کورد، ژمارە ٥ کانوونی دووەمی ١٩٧٢، بەغدا ل: ٦١ تا ٦٢.